دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە ٤٦٤

هەینی ١٥ی پووشپەڕی ١٣٨٦

٦ی جولای ٢٠٠٧

١٥٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

## مانگرتنی جەماوەریی خەڵکی کوردستان لە ٢٢ی پوشپەڕدا

ماڵپەڕی "ایران پرس نیوز"، رۆژی چوارشەممە، ١٣ی پوشپەڕ ١٣٨٦ لە راپۆرتێکدا لە ژێر ناوی "شارە کوردنشینەکانی ئێران ئامادەی مانگرتنێکی جەماوەری"، هەواڵی لە ئامادەیی خەڵکی کوردستان بۆ مانگرتنێکی بەربلاو لە رۆژی ٢٢ی پوشپەڕی ئەمساڵ، هەژدەهەمین ساڵرۆژی تیرۆری رێبەری نەتەوەکەمان، دوکتور قاسملو داوە. ئەم هەواڵنێرییە هێناویەتی کە "هاوکات لەگەڵ نزیکبونەوەی ٢٢ی پوشپەڕ، هەژدەهەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملو، رێبەری پێشوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن دیپلۆمات ـ تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامییەوە لە ئۆتریشداو بە پێی نەریتێك کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بە مەبەستی دەربڕینی بێزاری لە سیاسەتە دژەمرۆیی‌و تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی خەڵکی کورد، باو بوە، لە زۆربەی شارە کوردنشینەکاندا خەڵك لە رێگەی نوسینی دروشم‌و بلاوکردنەوەی راگەیاندراو‌و پەیوەندی تەلەفونییەوە داوا لە پیشەوەران‌و بازاڕیان دەکەن کە هەروەك ساڵانی رابردوو لە حەرەکەتێکی مەدەنی‌و بێتوندوتیژیدا لەگەڵ مانگرتنی سەرانسەریی ٢٢ی پوشپەڕ بەشدار بن.

شایانی باسە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوای لە خەڵکی کوردستان کردوە تا لە ساڵرۆژی شەهیدبونی دوکتور قاسملودا، جگە لە دەربڕینی نارەزایەتیی خۆیان بە نەریتی دو ساڵی پێشو، چرای ماڵەکانیان لە سەعاتی ١٠:٠٠ تا ١٠:٠٣ی شەو بە مەبەستی پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ئامانجە بەرزەکانی دوکتور قاسملو و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بکوژێننەوە.



وتووێژ لەگەڵ بەڕێز تەیموور مستەفایی

٢




قەیرانی ناوکیی ئێران‌و پێشنووسی بڕیاری سێیەم

٤



کیمیاییبارانەکانی رێژیمی بەعس، ...

٥



ئاوڕدانەوەیەك لە شۆڕشە مەزنەکەی سمکۆی شکاك‌و ...

١٠



قەتڵی نامووسی لووتکەی تراژدییەك

١١

# وەزاڵەهاتنی خەڵك لە قەیرانی بەنزین

## جیرەبندیی بەنزین‌و چەند وتەیەك

کۆماری ئیسلامیی ئێران رۆژی چوارشەممە، ٦ی پووشپەری ١٣٨٦، بەشێوەیەکی کوتوپڕ پرۆژەی جیرەبەندی بەنزینی راگەیاند. بە دوای راگەیاندنی بەڕێوەبردنی ئەم پرۆژەیە، لە زۆربەی شارەکانی ئێران‌و بە تایبەتی لە شاری تاراندا، بێجگە لە سەفە درێژەکانی ئۆتۆمبیلەکان بە مەبەستی وەرگرتنی سووتەمەنی، هەڵایسانی گڕکانی تووڕەیی خەڵك لەهەمبەر ئەو بێسەروبەرەییانەی وڵاتیان داگرتوە. دەبینرا کە کێشرایە دروشمدان دژی تەواوەتی‌و کەسی یەکەمی رێژیمی دەسەڵاتدار. خەڵکی وەزاڵەهاتوو بە ئاگردانی بەنزینخانەکان، هێرشکردنەسەر دەزگا دەوڵەتییەکان‌و تەنانەت هێندێك لە بنکەکانی پۆلیس لە ناوچەی تاران، نارەزایەتیی خۆیان لە هەل‌ومەرجی بەراستی قەیراناوی وڵات دەربڕی. رووداوێکی سەرنجڕاکێش لەم بارەوە، دەستبەسەرداگیرانی ژمارەیەك لە بەنزینخانەکانی شاری تەورێز لە لایەن خەڵکی نارازی‌و فرۆشتنی هەر لیترێك بێنزین بە ٨٠ تمەن کەمتر لە نرخی رۆژانی پێش بەڕێوەبردنی جیرەبەندییەکە بوو کە ئەمەش نموونەیەکی بەرچاوی وەزاڵەهاتنی ئەو خەڵکەیە. لە بەرانبەر خۆپیشاندانی خەڵکی بێزارو بێدەرتاندا، هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم بەوپەڕی بێرەحمییەوە هێرشیان کردە سەر خەڵك کە هەواڵەکان باسی کوژرانی زیاتر لە ٣ کەس‌و برینداربوونی دەیان کەس لەو تێکهەڵچوونەدا دەکەن. پاش روودانی ئەم کارەساتانە، زۆربەی شارەکانی ئێران دۆخی نائاسایی‌و نیوە داخراویان بەخۆوە دی.

وێدەچێ کە کۆماری ئیسلامی بە بەڕێوەبردنی پرۆژەی جیرەبەندی بەنزین، بە تەواوی خۆی بۆ روبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو مەترسی‌و (لێکەوتە) دژوارانە ئامادە دەکا کە چاوەڕوان دەکرێ گەمارۆکانی داهاتووی شورای ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەر ئێرانی بسەپێنێ. لە لایەکی دیکەوە، رێژیم لە ماوەی ئەم چەند رۆژەی دواییدا، بە بەستنی رێکەوتننامەی کڕینی بەنزین لە یەکێك لە تەریککەوتووترین وڵاتانی جیهان واتە "وینزۆئیلا"، زیاتر لە جاران راستی ئەم پێشبینییەی دەرخستوە کە پێی وایە رێژیم بە لانیکەمەوە لەم قۆناخەدا لە هەڵوێستە ناوکییەکانی خۆی پاشەکشە ناکا. کەوابوو لە لایەکەوە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەسەر ئەمە بە کۆدەنگییەکی تەواو دەگا کە مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە پێداگرتن لەسەر هەڵوێستە نالۆژیکییە ناوکییەکانی، دەستڕاگەیشتن بە وزەی ئاشتیخوازانەی ناوکی نیە، بەڵکو دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمییە‌و لە لایەکی دیکەش خەڵکی ئێران لە چین‌و توێژە جیاجیاکانەوە پتر لەم مەسەلە تێدەگەن کە دەبێ لە نێوان هەڵکردن لەگەڵ هەبوونی رێژیمی دەسەڵاتدارو پێشگرتن لە تێداچوونی خۆیاندا یەکێکیان هەڵبژێرن.

لەم پێوەندییەدا، مەجلیسی شورای ئیسلامی کە بە رواڵەت لە نوێنەرانی خەڵك پێکهاتوە، لە جیاتی داکۆکی لە خەڵك‌و خستنە ژێر پرسیاری بەرپرسانی پەیوەندیدار بە مەسەلەکەوە، داکۆکییان لە بەڕێوەبردنی پرۆژەکە لە لایەن دەوڵەتەوە کردو درگای مەجلیس بە نیشانەی دەستپێکردنی پشوی هاوینی نوێنەران داخرا، کە لەوەها نوێنەرانێکی دەستنیشانکراو چاوەڕوانییەك زیاتر لەوە نیە. پشتیوانی عەلی خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبردنی پرۆژەی جیرەبەندی بەنزین‌و بوێرانە ناودێرکردنی ئەو هەڵوێستە لە لایەن ئەوەوە، نیشانەی سووربوونی رێژیم لەسەر سەرکوتی توندی خەڵك‌و رووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگای نێونەتەوەییە، لەبەروەی سەرانی رێژیم بە تەواوی لە بەتاڵبوونیان لەهەر جۆرە رەواییەك ئاگادارن. بەڵام ئایا کۆماری ئیسلامی لەوەها هەل‌ومەرجێکدا توانایی راوەستان‌و مانەوەی هەیە کە بێگومان وەڵامەکەی "نا"یە.

## کۆبوونەوەی شورای ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست لە ژنێڤ بەڕێوەچوو




کۆبونەوەی شورای ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست لە رۆژانی ٢٩و ٣٠ مانگی ژوئەنی ٢٠٠٧ (٨و ٩ی پووشپەڕی ١٣٨٦) لە ژێر دروشمی "ئاشتی‌و سەقامگیری لە جیهان"دا لە ناوەندی رێکخراوی نێونەتەوەیی کار لە شاری ژنێڤ پێك هات.

شاندێك لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بریتی بوون لە بەڕێزان شکۆفە قوبادی ئەندامی راوێژکاری کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و نوێنەری حیزب لە ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیستی ژنان، پەرویز زەبیحی، نوێنەری حیزب لە ئینگلستان، ئاکۆ ئەلیاسی نوێبەری حیزب لە سویس بە سەرپەرستیی بەڕێز خوسرەو عەبدوڵلایی جێگری کومیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، زۆر چالاکانە بەشداری کۆبوونەوەکانی شورای ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست بوون.

سەرەتا بەڕێز لویس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست بەخێرهێنانی بەشدارانی کۆبوونەوەکەی کردو بابەتەکانی تایبەت بە کاری رۆژی یەکەمی کۆبوونەوەی شورای ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیستی خستەبەرباس. بە دوای ئەودا، بەرپرسی ناوەندی رێکخراوی نێونەتەوەیی کار لە ژنێڤ، وەك خانەخوێ‌و میوانداری ئەو کۆبوونەوەیە، وێڕای بەخێرهێنانی سەرجەم بەشدارانی کۆبوونەوەکە، خۆشحاڵیی خۆی لەمەڕ پێکهاتنی ئەو کۆبوونەوەیە لە ژنێڤ، دەربڕی.

بۆ لاپەڕەی ١٠

## سەردانی وەفدێکی پایەبەرزی حیزب لە مەکتەبی سیاسیی ی.ن.ك



رۆژی سێشەممە، رێکەوتی ٥ی پووشپەڕی ١٣٨٦ی هەتاوی، وەفدێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرۆکایەتیی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و بە هاورێیەتیی بەڕێزان محەممەدنەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و کاوە بەهرامی ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و عیرفان رەهنموون، موشاویری کومیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری سلێمانی، سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیان لە شاری سلێمانی کردو لە لایەن بەڕێز مەلا بەختیار، ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسییەوە، بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.

لەو دیدارە دۆستانەیەدا رەوشی عێراق بەگشتی‌و بزووتنەوەی کورد بەتایبەتی خرایە بەر باس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕای لەسەر کراو، هەروەها لەسەر پێوەندیی دۆستانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پێداگیرایەوە.

## نارەزایەتیی خەڵکی کوردستان لە بەڕێوەبردنی پرۆژەی دابەشکردنی بەنزین

بە پێی هەواڵی ناوەندی خەبەریی pdki، بەهۆی بەڕێوەبردنی پرۆژەی دابەشکردنی بەنزین، ریزی دوورو درێژی ماشین لە بەرانبەر بەنزینخانەکانی سنەدا پێك هات. هەروەها بۆ پێشگرتن لە هەر چەشنە نارەزایەتییەك، هێزەکانی رێژیم بەشێوەی ئامادەباشی تەواو لە بەنزینخانەکاندا جێگیر کرابون.

رۆژی چوارشەممە، ١٣٨٦/٤/٦، خەڵکی ئیلام بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە گەڵاڵەی دابەشکردنی بەنزین رژاونەتە سەر شەقامەکان‌و لە دژی رێژیم دروشمیان داوە.

هەروەها خۆپیشاندەرانی نارازی، ئیدارە دەوڵەتی‌و بەنزینخانەکانیان ئاگر تێبەرداوە‌و زەرەرو زیانێکی زۆریان بەو شوێنانە گەیاندوە. لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانەوە ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەران دەستبەسەر کراون. شایانی باسە پاش راگەیاندنی هەواڵی بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی دابەشکردنی بەنزین، خەڵکی شارەکانی ئێران لەگەڵ تەنگوچەڵەمەی زۆر بەرەوڕو بون‌و لە زۆربەی شارەکاندا بە ئاگردانی بەنزینخانەکان‌و ... نارەزایەتیی خۆیان پیشان داوە.

بە پێی پرۆژەی ئاماژەپێکراو، ماشینە شەخسییەکان مانگانە ١٠٠ لیترو ماشینە موسافرهەڵگرکانیش مانگانە ٤٠٠ لیتر بەنزینیان بە نرخی دەوڵەتی پێ دەدرێ.

## ئاشکراکردنی دوبارەی دەستێوەردانی رێژیم لە بەهێزکردنی تێرۆریزم لە عێراقدا

کاربەدەستانی نیزامیی ئەمریکا لە عێراق، رۆژی دوشەممە ١١ی پوشپەڕی ١٣٨٦ هەواڵی قۆڵبەستکردنی کارناسێکی تەقەمەنی بەهێزیان کە سەر بە سوپای قودسی ئێران‌و گروپی حیزبوڵڵایە، لە شاری بەسرە راگەیاند. بە پێی راپۆرتی رادیۆ فەردا، "ژێنراڵ کوین بێرگنێر"، وتەبێژی ئەرتەشی ئەمریکا ناوی ئەم کارناسەی حیزبوڵڵای "عەلی موسا دەقدوق" راگەیاندوە‌و درکاندویەتی کە ئەو، چەکدارانی شیعەی لە باشوری عێراق بۆ کوشتنی هێزەکانی هاوپەیمانان ئامادە کردوە‌و رایانیهێناوە. هەروەتر لە کوشتنی ٥ نیزامی ئەمریکا لە شاری کەربەلا لە ژانوییەی رابردودا دەستی هەبوە. بە وتەی گوتەبێژی ئەرتەشی ئەمریکا، ئەم ئەندامەی حیزبوڵڵا ٢٤ ساڵە کە لەم گروپەدا چالاکی هەیە‌و وەك ئەندامی هێزی سوپای قودسی کۆماری ئیسلامی لە عێراقدا خەریکی چالاکی بوە.



بە پێی راپۆرتی BBC، کوین بێرگێر لە دانیشتنێکی راگەیاندنیدا لە بەغداد لەوە دواوە کە هێزی قودسی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە بواری، فێرکاری، پاڵپشتی ئابوری‌و چەکدارکردنی چریکە شیعەکان لە عێراقدا چالاکییان هەیە‌و لە چریکەکانی حیزبوڵڵا بۆ ئەم مەبەستە کەڵك وەردەگرن.

کاربەدەستانی نیزامی ئەمریکا رۆژی شەممە، ٩ی پوشپەڕ هەواڵی کوژرانی ٢٦ تێرۆریستی چەکدارایان لە عێراقدا بە دەستی هێزەکانی هاوپەیمانان راگەیاندوە کە لەگەڵ "تۆڕی تێرۆری ئێرانی" لە پێوەندیدا بون. جێگەی باسە کە ئەمریکا ئەمە چەندەمین جارە کە بەڵگە‌و دێکۆمێنتی لەسەر رۆڵی ئێران لە تێرۆرو توندو تیژی لە عێراقدا بە دژی ئاسایش‌و هێمنی‌و جێگیرکردنی ئاشتی‌و ئارامی لەو وڵاتەدا، خستۆتە روو.

## روودانی کاری تێرۆریستی لە بریتانیا

کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆی رۆژی دوشەممە، ٩ی پوشپەڕ بە کاتی لەندەن ئۆتۆمبیلێکی ئاگرتێبەربوو کە وێدەچێ بۆمبڕێژکرابێ، خۆی کێشا بە بالاخانەی فرۆکەخانەی "گلاسکۆ" لە ئیسکاتلەنداو بوە هۆی ئاگر کەوتنەوەیەکی گەورە لەو فرۆکەخانەدا. ٣٦ کاتژمێر پێش ئەم پێشهاتە، پۆلیسی بریتانیا دو ئۆتۆمبیلی‌بۆمبڕێژکراوی لە ناوەندی شاری لەندەن دۆزییەوە‌و پوچەڵی کردنەوە. بە پێی راپۆرتی BBC پۆلیس دەڵێ: پێشهاتی فرۆکەخانەی گلاسکۆ لەگەڵ دو ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو لە ناوەندی شاری لەندەن پێوەندییان پێکەوە هەیە. بە راپۆرتی هەمان سەرچاوە، هەنوکە ٥ کەس لە پێوەندی لەگەڵ ئەم پێشهاتانەدا، قۆڵبەست کراون، بە راپۆرتی رادیۆ فەردا، "لۆرد ئێستیوێنسۆن"، یاریدەری "پریزدێنت براون"، سەرۆك وەزیری بریتانیا گوتی:"ئەو دو هێرشەی کە لە بریتانیا رویاندا پیشانی دەدەن کە "ئەلقاعیدە" تاکتیکەکانی خۆی لە بەغداو بالی بۆ شەقامەکانی لەندەن گواستۆتەوە" لە ئەنجامی ئەم پێشهاتانەدا، تەواوی فڕینەکانی فرۆکەخانەی گلاکسۆ وەدوا خران، لە شاری لەندەن بارودۆخی "نائاسایی" راگەیاندراوە‌و لە ئەمریکاشدا، پۆلیس لە توندتربونەوەی رێگەچارە تەناهییەکان بۆ بەرەنگاری لەگەڵ ئەگەری پێشهاتە تێرۆریستییەکان هەواڵیدا.

بە پێی راپۆرتی رادیۆ فەردا، گۆردۆن براون، سەرۆك وەزیری نوێی بریتانیا رۆژی یەکشەممە، ١٠ی پوشپەڕ لە وتووێژێکی تلفیزیۆنیدا گوتویەتی کە وڵاتەکەی سەرقاڵی شەڕکردن لەگەڵ کەسانێکدایە کە پێوەندییان بە تۆڕی تێرۆریستی ئەلقاعیدەوە هەیە‌و راشیگەیاندوە کە: "ئێمە تەسلیم نابین‌و ترس بەسەر ئێمەدا زاڵ نابێ".

# تەیموور مستەفایی: ئەگەر ئەو حەرەکەتەی خەڵکی کوردستان لە سەرتاسەری ئێراندا پشتگیری لێکرابا، لەوانە بوو رووخانی رێژیمیشی لێکەوتباوە

هەڤپەیڤین: رەزا فەتحوڵڵانەژاد

**لە مانگی پووشپەڕو بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵرۆژی شەهیدکرانی رێبەری مەزنی گەلەکەمان، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوودایـن. لە هاوینی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاویدا زۆربەی شارەکانی کوردستانی ئێران شایەتی خۆپیشاندانی بەرین‌و بێوێنەی خەڵك بوون کە بە کوژرانی شوانە ئەسفەران لە ١٨ی پووشپەڕو پاشان بە داخستنی دووکان‌و بازاڕەکان لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٥٨یشدا زۆربەی خەڵك لە شارو گوندەکاندا بە پێشوازی بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هاتن‌و بە شێوەیەکی رێك‌وپێك‌و هاوئاهەنگ لەگەڵ رێبوارانی رێبازی دوکتور قاسملوو پەیمانیان نوێ کردەوە. بۆ تاوتوێی ئەو دوو حەرەکەتە بێوێنەیەو باس لەسەر ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ بە پێویستمان زانی لەگەڵ بەڕێز کاك تەیمووری مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە جەریانی وردەکارییەکانی ئەو حەرەکەتانەدا بوە، هەڤپەیڤین پێك بێنن.**



**پ: بەڕێز کاك تەیموور مستەفایی سەبارەت بە ٢٢ی پووشپەڕی ٨٤و ٨٥ هاتووینە خزمەتتان. لە ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵرۆژی شەهیدکرانی رێبەری گەلەکەمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو نزیك دەبینەوە. لە دوو ساڵی رابردوودا خەڵك لەو رۆژەدا بە شێوەیەکی بێوێنەو گشتگیر تیرۆری ناجوامێرانەی دوکتور قاسملوویان مەحکووم کردو هاوپێوەندی خۆیان لەگەڵ رێبوارانی رێبازیدا دووپات کردۆتەوە. بەڕێزتان لەماوەی ئەو چالاکییانەدا بەرپرسی تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون‌و بێگومان ئاگاداری زۆرێك لە وردەکارییەکانی بوون. دەکرێ بۆ کردنەوەی باسەکەمان روداوەکانی ٢٢ی پووشپەڕی ٨٤و ٨٥ بە کورتی شیبکەنەوە؟**

و: بە خێرهاتنتان دەکەم. هیوادارام ئەم باسە بتوانێ هێندی لایەنی ئەو خەباتە جەماوەرییە روون بکاتەوە کە خەڵکی کوردستان لە ساڵەکانی ٨٤و ٨٥دا لە ساڵرۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بۆ یادکردنەوەی ئەو شەهیدە گەورە بەڕێوەیان بردو لە هەمان کاتدا پەیامێك بۆ کۆماری ئیسلامی بوو کە رێگای دوکتور قاسملوو رێگای هەموو خەڵکی کوردستانە. پێش لەوەی بڕۆینە نێو باسەکە ئیجازە دەخوازم سڵاو بنێرم بۆ شەهیدانی رێگای رزگاری گەلی کوردستان، بە تایبەتی شەهیدانی ئەو جووڵانەوە جەماوەرییە کە لە ساڵەکانی ٨٤و ٨٥دا شەهید بوون. سڵاو بنێرم بۆ زیندانیانی سیاسی‌و برینداربووان لەو جووڵانەوەیەدا. دیارە جووڵانەوەی خەڵکی کوردستان لە ساڵەکانی ٨٤و ٨٥دا بەدو شێوە بوو. لە واقیعدا کوژرانی لاوێکی مەهابادی لە رۆژی ١٨ی پووشپەڕی ساڵی ٨٤ بە ناوی شوانە ئەسفەرام بوو بە بیانوویەك بۆ خەڵك تاکو ئێعترازی خۆیان بە شێوەیەکی رێك‌وپێك دەربڕن. دیارە ئێمە هەر لەو سەروبەندەدا بۆ ٢٢ی پووشپەڕی ٨٤ بەرنامەمان هەبوو بۆ ئەوەی ساڵیادی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو زۆر بەشکۆوە بەڕێوە ببەین، بەرنامەمان هەبوو کە مەجمووعەیەك کار بکەین‌و بۆ ئەم مەبەستە تەشکیلاتی خۆمان لە نێوخۆ ئامادە کردبوو، دواتریش هێندێ لە بەرپرسانی رێژیم ئێعترافیان بەوە کرد کە جموجوڵەکان زۆر پێش لە کوژرانی شوانە بوون. ئەو حەرەکەتانەی کە لە رۆژانی ١٨ تا ٢٢ی پووشپەڕ لە مەهاباد دەکران، هەموو شاریان نەدەگرتەوە، بەڵکوو هەر جارەو لە گەڕکێك سەری هەڵدا. بەڵام نوختەی دەستپێك‌و ئەسڵی حەرەکەتەکە، لە واقیعدا رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵرۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو بوو کە خەڵکی مەهاباد بە تێکڕا دوکان‌و بازاڕیان بە ئێعتراز بە تیرۆری دوکتور قاسملوو داخست‌و لێرەوەیە کە حەرەکەتەکە شکڵێکی رێك‌وپێك‌و هەدەفمەند بە خۆوە دەگرێ. ئێمە لەو ماوەیەدا وەکوو حیزبی دێموکرات بەیانییەمان داو سەرکوتی خەڵکمان مەحکووم کرد. ئەگەر دەرکردنی بەیانییەکەش وەدرەنگ کەوت یەك هۆی بوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئێمە داوامان لە هەر دوو کۆمەڵەکەو یەکیەتیی شۆڕشگێڕان کرد پێکەوە بەیانییەکی هاوبەش بدەین کە یەکیەتیی شۆڕشگێڕان ئامادەگی خۆی بۆ دەرکردنی بەیانییەی هاوبەش دەربڕی، بەڵام هەر دوو کۆمەڵەکە ئامادە نەبوون، هەر بۆیە دەرکردنی بەیانییە برێك وەدرەنگ کەوت. ئێمە پێش لە ٢٢ی پووشپەڕ کە مەسەلەکەمان لە دەفتەری سیاسیدا تاوتوێ کرد، بڕیارمان ئەوە بوو کە جووڵانەوەکە تەنیا لە مەهاباد قەتیس نەمێنێتەوەو ناوچەکانی دیکەش بگرێتەوەو هەروەها لە شوێنێکدا موتەمەرکز نەبێ، یانی لە عەینی بەردەوامبوونی‌دا، هەرجارەو لە شوێنێك‌و لە جێگایەك بێ. دیتمان هەروایشی لێهات. رۆژی ٢٨ی پووشپەڕ لە پیرانشار، رۆژی ٣ی گەلاوێژ لە شنۆ بوو کە سێ شەهیدی بە دواوە بوو، رۆژی ٨ی گەلاوێژ لە دیواندەرەو هەر لەو رۆژەدا لەبەر فەرمانداری شاری سنە تەحەسونێك کرا. پاشان لە ١٠ی گەلاوێژ لە سنە بڵێسەی سەند کە من پێشتر لە کۆبوونەوەیەکدا رامگەیاند کە لەسنە کەی‌و چۆن روودەدات کە بە تەواوی وەدیهات. رۆژی ١٢ی گەلاوێژ لە سەقز بوو کە سەرکوت گەیشتە لوتکەی خۆی. بە گشتی حەرەکەتی هاوینی ٨٤، ٤٠ رۆژی خایاندو دەتوانم بڵێم سەرتاسەری کوردستانی ئێرانی گرتەوە، لە ئیلامەوە تا ماکۆ.

**پ: بەڵێ، بەڕێز کاك تەیموور لە هاوینی ٨٤دا هێندێ لایەن بە چاوپۆشی لە راستی خەباتی دوورودرێژی حیزبی دێموکرات لە هەمبەر وشیارکردنەوەی خەڵك‌و نفووزی بەرچاوی ئەو حیزبە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا، ئەو حەرەکەتەیان بە خورسك لە قەڵەم دەداو چاوپۆشییان لە رۆڵی حیزبی دێموکرات دەکرد. لە هەمان کاتدا، لە هاوینی ٨٥دا دیتمان کە خەڵك بە پێشوازی بانگەوازی حیزبی دێموکراتەوە هاتن‌و بە تێکڕاو یەکدەنگ بە داخستنی دوکان‌و بازاڕەکان‌و کوژانەوەی رۆشنایی ماڵەکانیان، هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئەو حیزبە بۆ جارێکی دیکە دەربڕی. ئێوە سەبارەت یە خورسك بوون یان خورسك نەبوونی ئەو حەرەکەتە چ وتەیەکتان هەیە؟ ئایا ئەو لایەنانە پاشان ئیددیعای خۆڕسك بوونی حەرەکەتەکەیان وەرگرتەوەو ددانیان بە نفووزی حیزبی دێموکرات دانا؟**

و: هیچ شتێك ناتوانێ خورسك بێ. تەنانەت گیایەك کە لە ژێر زەوی دەردێ، ئەگەر ئاو نەبوایە، دەرنەدەهات، یانی حەتمەن هۆکارێك هەیە کە شتێك وەجووڵە دەکەوێ‌و نەشونما دەکا. ئەوانەی کە جووڵانەوەی ساڵی ٨٤یان بە خورسك دادەنا، بۆ خۆیشیان دەیانزانی کە خورسك نیەو باوەڕیان بە قسەی خۆیان نەبوو، بەڵام ئەوان هێندێ مەبەستی سیاسییان تەعقیب دەکرد، دەیانویست لە رۆڵ‌و نەقشی رێبەری حیزبی دێموکرات لەپاش کۆنگرەی ١٣ لە حەرەکەتدان‌و سازماندانی ئەو جەریانە کەم بکەنەوە. بەڵام وەك جەنابت باست کرد، حەرەکەتی ساڵی پێش یانی ٢٢ی پووشپەڕی ٨٥ کە حیزبی دێموکرات بانگەوازی بۆ دابوو و کاری زۆری بۆ کردبوو، لە لایەن خەڵکەوە زۆر بە باشی وەڵام درایەوەو پێشوازی لێکرا. مەسەلەن لە مەهاباد، شنۆو سەقز حەتا یەك دوکانیش باز نەکران، لەو رۆژەدا کە رۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بوو، لە شوێنەکانی تریشدا لە سەرتاسەری کوردستان لە ٩٠٪ تا ٤٠٪ وەڵامی بانگەوازی ئێمەیان داوە. ئەمە نفووزی حیزبی دێموکرات‌و پشتگیری خەڵك لەم حیزبە نیشان دەدا. بێگومان تا حیزب سیاسەتەکانی درووست‌و ئوسوولی بن، لە داهاتووشدا پشتگیری خەڵك لێی بەردەوام دەبێ. ئەگەر کار بۆ گەشەدانی بیری نەتەوەیی لە نێو خەڵکداو خەبات لەو پێناوەدا بەسەر ئەو جەریانە سیاسییانەی کوردستاندا کە وجوودیان هەیە، دابەش بکەین، دەتوانم بڵێم بەشی هەرەزۆری وەبەر حیزبی دێموکرات دەکەوێ. چون حیزبی دێموکرات ٦١ ساڵە لە پێناو دابینبوونی مافی نەتەوەییدا خەبات دەکاو ئەمە بۆ خۆی لە بزواندن‌و حەرەکەتدانی جەماوەردا کاریگەری موسبەتی هەیە.

**پ: پرسیارێکی دیکەمان لە بەڕێزتان ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگرتن لەو جووڵانەوەو بۆ سەرنەکەوتنی چ رێگەگەلێکی گرتەبەر؟**

و: کۆماری ئیسلامی دەستی دایە حەرەکەتی جۆراوجۆر. لە هاوینی ٨٤دا سەرەتا هەوڵی دا بە هێنانی هێزی زۆروجێگیرکردنیان لە شارەکانداو پێشگرتن بە کۆربونەوەی ٣ کەس لە دەوری یەکتر، نەهێڵی خەڵك کۆببنەوەو ئێعترازی خۆیان دەربڕن کە تێیدا سەرنەکەوت‌و خۆپیشاندان بەڕێوە چوو. کۆماری ئیسلامی لە هەنگاوی دوهەمدا، دەیەویست روخساری حەرەکەتەکە خەوشدار بکا. ئێمە دیتمان لە سنە کۆمەڵێك بەسیجی رۆیشتن پاساژی حەمیدییان ئاور تێبەردا بۆوەی بڵێین ئەمانەی کە تەزاهورات دەکەن هەدەفی سیاسیان نیە، بەڵکو کۆمەڵێك ئینسانی ئاژاوەچین. کە ئەمەش لێ لە قاودرا. حەرەکەتی سێهەم دووبەرەکی‌نانەوە بە کەڵکوەرگرتن لە جیاوازی بیرووباوەڕی مەزهەبی بوو. دیتمان حسەینییەی سەقزیان ئاور تێبەردا کە پاشان روون بۆوە کە عامیلانی رێژیم‌و تەنانەت بەرپرسانی حکوومەتی لە ئاگردانی حسەینییەدا بەشداربوون کە لەم پیلانەشی‌دا سەرنەکەوت. ئێمە بە دەرکردنی بەیانییانەی بەوەخت لەمەڕ کارەکانی رێژیم‌و بە دەعوەت کردنی خەڵك بە بردنە پێشەوەی حەرەکەتەکە بە شێوەیەکی ئارام‌و گونجاو نەمانهێشت کۆماری ئیسلامی سەرکەوێ.

دواجار کە دوای چل رۆژ بەرەبەرە خۆپیشاندانەکان سارد بوونەوە، کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی وا بنوێنێ کە ئەم حەرەکەتە تەنیا لە دژی بەرپرسانی ناوچەیی بوە، نەك رێژیم لە تەواوەتی خۆیدا، هەیئەتێکی بۆ کوردستان بەڕێ کرد. لە پێشەوە ناردیە مەهابادو پاشان سنەو سەقزو شارەکانی دیکەی کوردستان. بە نەزەری من رێژیم لە هەموو ئەوە شوێنانەدا یەك وەڵامی وەرگرتەوە کە بۆ نموونە بەقسەی برایەکی خۆشەویست‌و تێکۆشەر، سەلاحەدین ئاشتی لە مەهاباد ئاماژە دەکەم بە نوێنەرایەتی خەڵکەکە قسەی کردبوو. کاك سەلاح گوتبووی کە ئەگەر رۆژێك قسەی ئێمەو قسەی ئۆپۆزیسیۆن یەکدەگرێتەوە، نیشان دەدا کە دەردەکەمان یەکە، ئەو ئۆپۆزیسیۆنە لە ئەمریکاو ئورووپاوە نەهاتوون، بەڵکوو خەڵك‌و رۆڵەی ئەو میللەتەن‌و ویستی ئەوان ویستی ئێمەیە. وتبووی ئێوە ئەگەر دەتانهەوێ مەسەلەی کورد چارەسەر بکەن‌و بزانن کێشەکە چیەو لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ، بڕۆن لەگەڵ ئەوان قسە بکەن. ئەم وەڵامەیان لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا وەرگرتەوەو بە رێژیمیان گوت بڕۆن لەگەڵ ئۆپۆزیسۆنی کورددا قسە بکەن کە نوێنەری ئێمە، ئەوانن.

**پ: بەڵێ زۆر سپاس. ئەم حەرەکەتانە چ ئەنجامگەلێکی هەبوو و ئایا لە راگەیاندنی ئامانجەکانی خۆیان سەرکەوتن؟**

و: ئەو حەرەکەتە لە واقیعدا ئێعتراز بوو بە کۆماری ئیسلامی‌و بێمافبوونی خەڵکی کوردستان. ئێوە دەزانن خەڵکی کوردستان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی خەباتی خۆیدا حەرەکەتگەلێکی زۆرباشی کردووە.

هەر ماوەیەك پێش لە خۆپیشاندانەکانی هاوینی ٨٤، خەڵك لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا، سەرەڕای ئەوەی رێفۆرمخوازەکان‌و هێندی لایەن هەوڵی زۆریاندا خەڵکی کوردستان بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بەڵام خەڵك زۆر بە ئاگاییەوە بەشدارییان تێدا نەکردو رێژەی بەشدارییان بە پێی ئاماری خودی رێژیم ٢٥٪ بوو کە لە هێندێ شوێندا ١٠٪ بەرەوخوارتر بوو. ئەمە نیشان دەدا خەڵك رێژیم بە تەواوەتی بە ناڕەوا دەزانن. هەروەها ئاگادارن کە خەڵکی کوردستان ماوەیەکی دوورودرێژە بۆ بەدەستهێنانی ماف‌و ئازادییەکانی لە خەباتێکی سیاسیدایە. ئەم حەرەکەتە نیشانی دا کە خەڵکی کوردستان وشیارە، بیری نەتەوەیی گەشەی کردووەو ئاگایە بە ماف‌و داخوازییەکانی خۆی. بۆیە ئەگەر تەماشا بکەین درووشمەکانی حەرەکەتەکە دەردەخا کە حەرەکەتەکە ئەسڵەن چیەو چ ئامانجگەلێکی هەیە، "قاسملوو، قاسملوو، رێگات درێژەی هەیە"، "هەتا دێموکرات بمێنێ، مافی کوردان دەستێنێ"و "دێموکراتمان رێبەرە، قاسملوو تاجی سەرە"، ئەمە زۆربەی درووشمەکانی هاوینی ٨٤ بوون. من ناڵێم لە ساڵی ٨٤دا هەموو کەس ئەم درووشمانەیان داوە. لە ٨٤دا ئەحزابی دیکەش بەشداربوون، بە نیسبەتی نفووزی خۆیان. بەڵام لە ساڵی ٨٥دا تۆ دەبینی مەسەلەکە جیایە. هەر حیزبی دێموکرات بانگەوازی کردبووو خەڵکەکە زۆر باش پێشوازییان لێکردو درووشمەکانیش هەر ئەو دروشمانە بوون کە باس کران، ئەوەی کە پێڕەوی رێبازی دوکتور قاسملوون، پێڕەوی رێبازی دێموکراتن‌و ئەمە نیشان دەدا کە خەڵکی کوردستان رێبازی خۆیان

بۆ لاپەڕەی ٤

**حەرەکەتێك لە ١٦ی گەلاوێژی ١٣٨٤دا رووی دا کە بوو بە حەرەکەتێکی جەماوەری کە هێندێ لایەن خۆیان لێکرد بە ساحێبی‌و وتیان ئێمە بانگەوازمان داوە. لە کاتێکدا بەڕێوەبەرو سازماندەری تەواوی حەرەکەتی ١٦ی گەلاوێژ، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێوخۆ بوون**

**ئەو حەرەکەتانەی کە لە رۆژانی ١٨ تا ٢٢ی پووشپەڕ لە مەهاباد دەکران، هەموو شاریان نەدەگرتەوە، بەڵکوو هەر جارەو لە گەڕکێك سەری هەڵدا. بەڵام نوختەی دەستپێك‌و ئەسڵی حەرەکەتەکە، لە واقیعدا رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵرۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو بوو کە خەڵکی مەهاباد بە تێکڕا دوکان‌و بازاڕیان بە ئێعتراز بە تیرۆری دوکتور قاسملوو داخست‌و لێرەوەیە کە حەرەکەتەکە شکڵێکی رێك‌وپێك‌و هەدەفمەند بەخۆوە دەگرێ**

**برووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## بلێی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تا چەندە بە کوشتنی خەڵکی بێتاوان درێژە بە دەسەڵات بدا؟



کوشتن، ئێعدام، ئەشکەنجە، دەستبەسەرکردن، ئازارو ئەزییەتی خەڵکی کورد لەلایەن هێزە دژیگەلییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، رۆژ لەگەڵ رۆژ توندتر دەبێتەوە. بەپێی ئەو هەواڵو راپۆرتانەی بە رۆژنامەی "کوردستان" گەیشتوون، هێزەکانی رێژیم قۆڵیان لە خەڵکی سیڤیلو کاسبکاری ناوچە کوردنشینەکان، بە تایبەتی خەڵکی بێتاوانی سەرسنوورەکان هەڵماڵیوەو، رۆژ نیە بە دەیان کەس، بە بێسووچو بێتاوان نەبنە قوربانی.

رۆژی ٣٠ لەسەر ٣١ی جۆزەردان، بەهۆی دەسترێژی هێزەکانی رێژیم لەسەر سنووری حاجیی ئومەران کەسێك بەناوی "قەسیم کاکەمەمی"، خەڵکی پیرانشار، گیانی لەدەست داو یەکی دیکەش بریندار دەبێ. هەر لە هەمان رۆژدا چوار کاسبکاری خەڵکی "زمان گریوە"ی ناوچەی کامیاران بە توندی بریندار کراونو چەندین کەسیشیان دەستبەسەر کردوە.

شەوی ١٣ لەسەر ١٤ی پووشپەڕ هێزەکانی رێژیم لە شوێنێك دا بەناوی "سینگ" تەقەیان لە کاسبکاران کرد کە لە ئاکام دا کەسێك بەناوی خالید ئەلیاسی، خەڵکی سەردەشت بە توندی برینداربوو.

لە ناوچەی بانەش لاوێکی ١٧ ساڵان بە ناوی "سۆران شەریف پوور" بەهۆی تەقینەوەی مین لە بەرزاییەکانی سورکێو گیانی لەدەست دا. کاسبکارێکی دیکەش بەناوی "بێهزاد فەریدی" لە ئاوایی "حەرەکیان"ی ناوچەی شپیران بەهۆی دەسترێژی هێزە دژیگەلییەکانی رێژیمەوە برینداربوو.

لە بەندیخانەی شاری "ورمێ"ش هێزەکانی "حفاظت" بە بیانووی لێکۆڵینەوە دەستیان بە ئازارو ئەزییەتی زیندانیە سیاسییەکان کردوە.

رۆژی ١١ی پووشپەڕ بەهۆی دەسترێژی چەکدارەکانی رێژیم لە کاسبکاران لە ناوچەی "کەتولە" کەسێك بەناوی مەجید کوژراو ٣ کەسی دیکەش برینداربوون. لە شاری پیرانشاریش یازدە کەس بە هۆی شەڕە ئاو! لەلایەن هێزە ئینتیزامییەکانەوە دەستبەسەر کراون.

هەروەها چارەنووسی چوار بەندکراو بە ناوەکانی سابیر، ئومید، کاوەو عوبەید زارعی، خەڵکی شارەدێی جانەوەرەی مەریوان کە پێشتر لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە گیرابوون، ناڕوونەو سێ کەسی "ماکۆ"یش بە ناوەکانی محەممەد عومەرپوور، حەسەن چیلانو سەعید عەوزە کە بە تۆمەتی هاوکاریکردن لەتەك یەکێك لە حیزبەکانی کوردستانی ئێران دا دەستبەسەرکرابوون، لەلایەن دادگایەکی شاری خۆییەوە بە تۆمەتی "محاربە" (شەڕ لەگەڵ خودا)و بەپێی ماددەکانی ١٨٦و ١٩٠ی یاسای سزای ئیسلامی هەر یەك بە ٢٦ ساڵ زیندان مەحکووم کرانو شواری "تأمین امنیت" (دابینکردنی تەناهی)ی ماکۆ ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەرانی ئەو ناوچەیەی لە شوێنی نیشتەجێبوونیان دەرکرد.

لە گوندەکانی مێراوو تەنگیسەری ناوچەی سنە، هێزەکانی رێژیم بە هاوکاری جاشە خۆفرۆشەکانی، بە بێبەهانە بوونەتە هۆی ئازارو ئەزییەتی خەڵکی ئەو گوندانەو... هتد

## رێپێوانی خەڵکی پیرانشار دژی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان

رۆژی سێشەممە، ١٣٨٦/٤/٥، ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان، قوتابییانو خەڵکی پیرانشار لەسەر داوای چەند رێکخراوێکی مەدەنی (NGO)ی چالاك لە بواری خەبات لە دژی ماددەهۆشبەرەکان خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان بەرێوەبرد.

خۆپیشاندەران داوایان لە بەرپرسانی رێژیم کرد کە بە شێوەیەکی جیددی بەرەورووی قاچاخچییانی ماددەهۆشبەرەکان ببنەوەو نەیەڵەن لاوان لەوە زیاتر ببنە قوربانیی ئەو ماددەماڵوێرانکەرە. هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانەکەدا لەلایەن چەند هونەرمەندێکەوە پیشانگایەکی وێنەکێشان، وێنەو کاریکاتۆر لەو پێوەندییەدا لەنێو شەقامەکانی شاردا بەڕێوەچوو کە لەم رێگەیەوە خەڵکیان بۆ خەباتی جیددی لە بەرانبەر ماددەهۆشبەرەکان دا هان دەدا.

شایانی باسە کاربەدەستانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەورێکی سەرەکییان لە بڵاوکردنەوەی ماددەهۆشبەرەکانو پەرەدان بە ئێعتیاد لەنێو لاوان دا هەیە بە چەشنێك کە بەندیخانەکانی رێژیم بوونەتە شوێنی موعتادکردنی لاوانی کورد.

## سووکایەتیکردن بە یارسانییەکان هەروا درێژەی هەیە

رێژیمی سەرەرۆی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا چەندین جار سووکایەتیی بە خەڵکی ناوچەی دالاهۆ کە پێڕەوی ئایینی یارسانن کردوە. بۆ ئەم مەبەستە چەندین کەس لەلایەنگرانی ئایینی یارسان لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە پاش دەستبەسەرکران لە مەیدانی نەوتی کرماشان دا سمێڵیان تاشراوەو سووکایەتیی بە پیرۆزییەکانیان (مقدسات) کراوە.

شایانی باسە سمێڵ لای یارسانییەکان پیرۆزەو رێژیمی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامی کە لە ماوەی دەسەڵاتی رەشی خۆیدا نەیتوانیوە یارسانییەکان لە ئایینەکەیان پاشگەز بکاتەوە، لە رێگەی تاشینی سمێڵی لایەنگرانی ئەم ئایینەوە، سووکایەتییان پێدەکا.

# هەواڵەکان

## سەردانی وەڤدێکی پایەبەرزی PDKI لەگەڵ چەند حیزب لە شارەکانی سلێمانی، هەولێرو کۆیە



رۆژانی سێشەممەو چوارشەممە، ٥و٦ی مانگی پووشپەڕی ١٣٨٦ی هەتاوی، وەڤدێکی پایەبەرزی PDKI بە سەرۆکایەتیی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەردانی هەر دوو حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانو پارتی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سووریە (دەفتەری پێوەندییەکان) لە شاری سلێمانی کرد. لەو دیدارو چاوپێکەوتنانەدا رەوشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو دۆزی کورد بە تایبەت لە شاری کەرکووکو ماددەی ١٤٠و پتەوکردنی پێوەندییەکان خرانە بەر باس.

شایانی باسە کە وەڤدی PDKI لەلایەن بەڕێزان قادر عەزیز، سکرتێری گشتیی حیزبی زەحمەتکێشانو عەلی شەمەدین، ئەندامی دەفتەری سیاسی پارتی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سووریە زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێکرا.

هەر لەو پێوەندییەدا رۆژی چوارشەممە، ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٨٦، شاندێکی دیکەی حیزبی بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سەردانی سەرۆکایەتی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستانی لە شاری هەولێر کرد. رۆژ ١٣٨٦/٤/٩یش هەیئەتێکی حیزبی بە سەرۆکایەتیی بەڕێز کاك محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی بە بۆنەی ١٤هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی شیوعیی کوردستان سەردانی بنکەی ئەو حیزبەیان لە شاری کۆیەکرد.

## بەڕێوەچوونی رێورەسمێك بەبۆنەی ساڵیادی شیمیاییبارانکردنی سەردەشت

بەبۆنەی ساڵیادی شیمیایی بارانکردنی شاری سەردەشت رۆژی ١٣٨٦/٤/٧، بە بەشداریی ٣ تا ٤ هەزارکەس لە خەڵکی ئەم شارە رێورەسمێك بەڕێوەچوو. لە رێورەسمەکەدا خەڵك چوونە سەر گۆڕی شەهیدانی شیمیاییبارانکردنی سەردەشتو چەپکەگوڵی سووریان لەسەر گۆڕەکانیان دانا. پاشان ئیمام جومعەی سەردەشت لەسەر کارەساتەکە دوا. هەروەها لەلایەن بەڕێوەبەری رێورەسمەکەوە چەند پارچە شێعر بەو بۆنەوە خوێندرانەوە.

لە بەشێکی دیکەی رێورەسمەکەدا تیمی شاخەوانیی شاری سەردەشت پاش هاتنەخوار لەسەر کێوی زاڵ بەسەر گۆڕستانەکەدا، دەستە گوڵی رێزو وەفادارییان لەسەر گۆڕی شەهیدانی ئەو کارەساتە دانا. شایانی باسە بڕیار وابوو بە بەشداریی حەداد عادل، سەرۆکی پارلمان، رێژیم رێورەسمێك بەم بۆنەوە لە شاری سەردەشت دا بەڕێوەبچێت. بەڵام بەهۆی نەچوونی ناوبراو بۆ سەردەشت رێورەسمەکە بەڕێوەنەچووە.

هەروەها بڕیاروابوو بە بەشداریی تیمەکانی کاراتەی وڵاتانی ئینگلیس، فەڕانسە، نوروێژ، لەهستانو ژاپۆنو تیمی میللیی ئێران کێبەرکێیەکی کاراتە بەڕێوەبچێ کە ئەو تیمانەش گۆڕدرابوون بە تیمی کاراتەی وڵاتانی فەلەستین، تورکیە، عێراقو ئەفغانستانو تیمی میللیی ئێرانیش لە کێبەرکێکە دا بەشداریی نەکردوە.

## بەڕێوەچوونی چالاکیی تەبلیغاتی لە ناوچەکانی بۆکانو مەهاباد بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ

ئەندامانو لایەنگرانی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەکانی بۆکان، گوندی "حەمامیان"(سەر بە بۆکان)و مەهاباد بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵیادی شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو کۆمەڵێك چالاکی تەبلیغییان لە جۆری بڵاوکردنەوەی CDی وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزب، تراکتو وێنەی رێبەرانی شەهیدو وێنەی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕو هەروەها نووسینی دروشمی حیزبیو نەتەوەیی بەڕێوەبردوە.

## محەممەد سدیق کەبودوەند بەند کرا



دەبیرخانەی رێکخراوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤی کوردستان لە راگەیەندراوێك دا هەواڵی بەندکردنی محەممەد سدیق کەبوودوەند، بەرپرسی رێکخراوی ناوبراویدا.

بە پێی راگەیەندراوەکە محەممەد سدیق کەبوودوەند رۆژی یەکشەممە، ١٣٨٦/٤/١٠، لەلایەن ٥ کەس لە هێزە ئەمنییەتیو ئیتلاعاتییەکانەوە لە شوێنی کاری خۆیدا کە دامەزراوەیەکی ماڵییە دەستبەسەرکراو پاش دەستبەسەرداگرتنی ئەموالی شەخسیی ناوبراو، بۆ بەندی ٢٠٩ی بەندیخانەی ئێوین بەڕێکرا. هێشتا هۆی دەستبەسەرکردنی محەممەد سدیق کەبوودوەند بە شێوەیەکی فەرمی رانەگەیەندراوە.

شایانی باسە هێزە ئەمنییەتییەکان دەستیان بەسەر ٣ دەزگا کەیسی کامپیوتێر، زیاتر لە سەد کتێب، CDو وێنەو فیلمی بنەماڵەییو... ناوبراودا گرت.

## کورتەیەك لە کارو چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات

### دیداری کومیتەی PDKI لە ئەمریکا لەتەك ئەندامێکی کۆنگرەی ئەم وڵاتە

لەسەر بانگهێشتنی فەرمیی کومیتەی PDKI لە ئەمریکا بەڕێز جیم مۆر، نوێنەری دێموکراتەکانی ئەمریکا لە کۆنگرەی ئەم وڵاتە رۆژی ٢٠٠٧/٦/١٦ (١٣٨٦/٣/٢٦)، سەردانی کومیتەی PDKI لە شاری لۆرتۆن (سەر بە ئەیالەتی وێرجینیا) کرد. لە دانیشتنی نێوان هەر دوولادا سەرەتا بەڕێز عەلی قادری، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئەمریکا بەخێرهاتنی جیم مۆرو میوانانی دیکەی کرد. پاشان جیم مۆر لە وتەکانیدا وێڕای ئاماژەکردن بە دابەشبوونی کوردستانو ئەو زەرەرو زیانانەی کە کورد بەم هۆیەوە لێی کەوتوە بە پێویستی زانی بیروڕای گشتی پشتیوانی لە بزاڤی کورد بە گشتیو کوردستانی ئێران بە تایبەتی بکا.

### سەردانی شاندێکی PDKI لە یەکیەتیی ئوروپا

رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی ٢٠٠٧/٦/٢٧ی زایینی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە بەڕێزان کاك دوکتور سەعید سوڵتانپوور، بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی دەرەوە، کاك ئازاد عەبدوڵلایی، خوشکە شەهێن مەحمودزادەو کاك مەکۆ سوڵتانپورو هەروەها بەڕێزان کاك هەژار دەشتیو کاك ئاسۆ خوسرەوی، ئەندامانی یەکیەتیی لاوان، بەپێی بانگهێشتنی فەرمیی خاتوو بریتە تامسون، Britta Thomsen، ئەندامی حیزبی سوسیال دێموکراتی دانمارکو ئەندامی پارلمانی ئوروپا سەردانی پارلمانی ئوروپایان لە وڵاتی بلژیك کرد.

سەرەتا بەڕێز Uffe Holm، سەبارەت بە کۆمیسیۆنی ئوروپاو چۆنیەتیی کاروباری کۆمیسیۆنی ئوروپا باسێکی پێشکەش کرد.

پاشان بەڕێز Torben Hansen، بەرپرسی بەشی وەرگێڕان، باسێکی سەبارەت بە گرینگیی وەرگێڕانو چۆنیەتیی وەرگێڕانی هەموو وتارەکان بە ٢٢ زمانی رەسمی یەکیەتیی ئوروپا، بۆ ٢٧ وڵاتی ئەم یەکیەتییە پێشکەش کرد.

پرۆگرامی ئەو رۆژە بە وتارەکانی بەڕێز Henrik Hansen سەبارەت بە کارو ئەرکەکانی پارلمان بە گشتیو لە پاشان گەڕاندنی شاندەکەو پێشاندانی بەشە جۆراوجۆرەکانی پارلمانی ئوروپا درێژەی پێدرا.

پاشان بەڕێز خاتوو Britta Thomsen، باسێکی تێروتەسەلی لەسەر داهاتووی یەکیەتیی ئوروپاو مەسەلەی پەنابەرو کۆچەرەکان بۆ ئوروپاو هاتنی تورکیا بۆ نێو یەکیەتیی ئوروپاو پێویستیی وڵاتانی ئورپا بە هێزی کاری دەرەکی پێشکەش کرد.

وتاری دوایی لەلایەن خاتوو Simab Sheikh (سیماب شێخ)، نوێنەری وڵاتی دانمارك لە یەکیەتیی ئوروپاو بەرپرسی بەشی وڵاتانی باڵکانو مافی مرۆڤ لە یەکیەتیی ئوروپا باسێك سەبارەت بە مافی مرۆڤ بە گشتیوبەرژەوەندییەکانی وڵاتی دانمارك یەکیەتیی ئوروپا پێشکەش کرا.

پاشن شاندی ناوبراو هەلی ئەوەی بۆ رەخسا کە لە وتارەکانو هەڵسەنگاندنی پارلمان، لەسەر سەرۆکایەتیی دەورەیی ئاڵمان بەشداربن.

دوایین چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز پاولۆ کاساکا (Poulo Casaca)، بەرپرسی بەشی وڵاتی ئێران بوو کە تێیدا باسێکی تێروتەسەل لەسەر ئێرانو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە گشتیو مەسەلەی کورد بە تایبەتی کرا.

شایانی باسە کە پرۆگرامەکە لە کاتژمێر ٩ی بەیانی تا ٦ی دوانیوەڕۆی خایاند.

### دیدارو چاوپێکەوتنی شاندێکی کۆمیتەی فینلاندی حیزب لەگەڵ بەرپرسانو بەرێوەبەرانی ناوچەی خودمۆختاری ئۆلاند

سەر لەبەیانیی رۆژی پێنج شەممە، ٢٠٠٧/٦/٢٨، شاندێکی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی فینلاند سەردانی دورگەی خودمۆختاری ئۆلاندی کرد. کاك مەجید حەقی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە فینلاند وەك سەرپەرەستیاری شاندەکەو بەڕێزان خالیدی فەرزانە، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە فینلاند ، جەهانبەخش خالیدی، ئەندامی کۆمیتەو خۆشکە ئاژین رەزابی، بەرپرسی کۆمیتەی فینلاندی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامانی شاندەکە بوون، دڵشاد جەمشیدیش وەك هەواڵنێری بەشی راگەیاندنی دەرەوەی وڵات هاوڕێیەتیی وەفدەکەی دەکرد.

بەرنامەی دیدارەکانی شاندی حیزبی لەگەڵ ناوەندە سیاسیو حکومییەکانی دورگەی خودمۆختاری ئۆلاند کاتژمێری دەی بەیانی بە سەردانی پارلمانی ناوچەیی ئولاند دەستی پێکرد. خاتو باربرا سۆندباك، سەرۆکی پارلمانی ناوچەی خودمۆختاری ئۆلاندو لە هەمان کاتدا سەرۆکی سوسیال دێموکراتەکان بە گەرمی پێشوازی لە شاندی حیزبی کردو لە دەسپێکی قسەکانیدا حیزبی دێموکراتی بە حیزبی براو دۆست ناوبرد.

خاتو باربرا لە وتەیەکی کۆرتدا ئاورێکی خێرای لە مێژووی خەباتی خەڵکانی دانیشتوو لەم دورگەیەدا دایەوەو هۆکاری پێشکەوتنو سەربەست بوونی نەتەوەیی خەڵکانی ئەم ناوچەیەی لە پێکەوەبوونو یەکبوونیاندا پێناسە کرد، دواتر لە هۆلی پارلماندا بەڕێز کریستیان بێیار، وتەبێژی سوسیال دێموکراتەکانو سەرۆکی گروپی پارلمانی هاتە هۆلی پارلمانو چاوپێکەوتنیکی لەگەڵ شاندەکەی حیزب ئەنجام دا.

لەو کۆبوونەوەیەدا شاندی نوێنەرایەتی حیزب لە باسێکی کۆرتدا کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران، یاسای بنەرەتی ئێرانو جێگاو پێگەی کەمایەتییە نەتەوایەتییەکانی ئێرانو خەباتی گەلی کوردو سیاسەتو ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی شی کردەوە. لەو پێوەندیەدا ئەزموونی خودموختاری ئۆلەندو جێگەی ئەو ناوچەیە لە دستووری وڵاتی فینلاند، وەك خاڵی جێی سەرنجی بزاڤی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانو نموونەیەك لە چارەسەری کێشە نەتەوایەتییەکان بۆ ئێران ناو برد. شاندی حیزب لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران داوای پشتیوانیو پشتگیریی حکومەتو رێکخراوە سیاسییەکانی ئۆلەندی کرد.

## درێژەی ... وتووێژ لەگەڵ بەڕێز تەیموور مستەفایی



**خەڵکی کوردستان بە هۆی ئەوەی ئەو سیاسەتانە لە خزمەت رزگاری میللەتی کورد زانیوە، پشتیوانییان لێکردوە. کەوابوو لە داهاتوودا بوونی پشتیوانی خەڵك و بوونی سیاسەتی درووست و ئوسوولی لە لایەن حیزبەوە دەتوانێ حەرەکەتی زۆر کاراتر بخولقێنێ و هیوادرام حەرەکەتەکانی داهاتوو رزگاری نەتەوەکەمانی لێبکەوێتەوە**

دیاری کردووەو ئەو رێبازەش تا ئێستا سێ شەهیدی رێبەرو هەزاران شەهیدی لە پێناو داوە، رێبازی نەتەوەییە، رێبازێکە بۆ رزگاری نەتەوەی کورد لە دەست چەوسانەوەو زوڵمو زۆرو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کە بە نەزەری ئێمە مافی دیاریکردنی چارەنووسە.

**پ: بەڕێز کاك تەیموور، ئەو حەرەکەتانە لە نێوخۆو لە ئاستی ناوچەو جیهانیدا چ دەنگدانەوەیەکی هەبوو و ئایا کاریگەرییەکی باشی دانا؟**

و: لە ئاستی جیهانیدا تەقریبەن کەمتر راگەیەنی گشتی هەبوو کە باسی ئەو حەرکەتە جەماوەرییانەی خەڵکی کوردستانی نەکردبێ. هەروەها کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستەکانیش بە زۆری سەرکوتی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کردو پشتیوانییان لە حەرەکەتی خەڵك کرد. لە هەمووان گرینگتر هەڵوێستی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا بوو کە پشتگیری لە حەرەکەتەکە کردو سیاسەتی سەرکوتکەرانەی رێژیمی مەحکووم کرد کە ئەمە خاڵێکی بەهێزو جێگای سەرنج بوو. بەڵام لە سەتحی ئێراندا حەرەکەتەکە ئەگەر دەنگدانەوەی هەبوو، بەڵام پشتگیری عەمەلی لێنەکرا کە ئەمە خاڵێکی لاواز بوو، نەك بۆ حەرەکەتەکە، بەڵکوو بۆ پشتیوانینەکردنی لە ئاستی ئێراندا. ئەگەر حەرەکەتی خەڵکی کوردستان لە سەرتاسەری ئێراندا پشتگیری لێکرابا، لەوانە بوو تەنانەت رووخانی رێژیمیشی لێکەوتباوە. لێرەدا پێمخۆشە ئاماژە بە نامەیەکی جوانی مەنووچێهر موحەممەدی بکەم کە لە زینداندا روو لە دایكو بابی دەنووسێ کە لە ٢٨ەمین رۆژی مانگرتنداو بۆوەی دەستم بتوانێ قەڵەمەکەم بگرێ کەمێك خواردنی شیرینم خواردوە. دەنووسێ ئەگەر دەتانهەوێ خزمەت بە من بکەن، دواتان لێدەکەم پشتی خەڵکی کوردستان بگرن کە ئێستا لە خەباتێکی مەدەنیدان بۆ بەدیهێنانی ئازادیو رزگارکردنی ئێران لە چنگی دەسەڵاتی سەرەڕۆیی رێژیمی وەلایەتیی فەقیهی کۆماری ئیسلامی. مەنووچێهر هەر لەوێدا بە بۆنەی جووڵانەوەکە پیرۆزبایی لە دۆستانی لە رێبەرانی حیزبی دێموکرات دەکاو بە بۆنەی شەهیدەکانیشەوە سەرەخۆشییان لێدەکا.

**پ: لە هاوینی ٨٤دا دەیان کەس شەهید بوون، لەوانە لە نێو ئەو شەهیدانەدا ئەندامی حیزبی دێموکرات هەبوو بێ. بفەرموون بۆ حیزبی دێموکرات راینەگەیاندووەو ئایا کەی رایدەگەیەنێ؟**

و: من هەر لەو ساڵەدا لە وتووێژ لەگەڵ چەند شوێن ئاماژەم بەوە داوە کە ژمارەیەك لەو شەهیدانە ئەندامی حیزبی دێموکرات بونو پێوەندییان لەگەڵ ئێمە هەبوە. مەسەلەن دو کەس لە سێ شەهیدی شنۆ ئەندامی حیزبی دێموکرات بوون، هەر بەو پێیەش لە شەهیدانی سەقزو سنەو ... . لەو حەرەکەتەدا رۆڵو نەقشی حیزبی دێموکرات بە تەواوی دیار بوو. هەر کەسیش حاشا لەو نەقشە بکا، بە نەزەری من خۆی گێل دەکا. زۆربەی ئەو کەسانەی حەرەکەتەکەیان رێك دەخست، ئەندامانی حیزبی دێموکرات بوون. مەسەلەن حەرەکەتێك لە ١٦ی گەلاوێژی ١٣٨٤دا رووی دا کە بوو بە حەرەکەتێکی جەماوەری کە هێندێ لایەن خۆیان لێکرد بە ساحێبیو وتیان ئێمە بانگەوازمان داوە. لە کاتێکدا بەڕێوەبەرو سازماندەری تەواوی حەرەکەتی ١٦ی گەلاوێژ، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێوخۆ بوون. من دەتوانم تەنانەت ئەو کەسانەش کە ئەو حەرەکەتەیان سازماندهی کردوە، بە نموونە بهێنمەوە کە زیاتر لە ٨٠٪یشیان سەر بە حیزبی دێموکراتن. حەرەکەتی ١٦ی گەلاوێژ، حیزبی دێموکرات سازماندهیو ریبەری دەکرد، بەڵام خەڵکێك سواری شەپۆلەکە بوونو کە زانییان حەرەکەتەکە سەردەکەوێ، بانگەوازیان بۆ داو ئێستا ئێددیعا دەکەن نەقشیان هەبوە، لە کاتێکدا بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم رۆژێکیش بمێنێ هەر بۆ مێژوو، ئەگەر ئینشائەڵڵا گەڕاینەوە، ئەو کەسانەی کە ئەو حەرەکەتەیان سازماندەهی کردوە، بە خەڵك دەناسرێنو دەردەکەوێ کە چەند دەرسەدیان سەر بە حیزبی دێموکرات بوونو چەند دەسەردیان سەر بە لایەنەکانی دیکە.

**پ: بەڵی زۆر سپاس. بەڕێز کاك تەیموور لە هاوینی ٨٤و ٢٢ی پووشپەڕی ٨٥دا سەلما کە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران پێی ناوەتە قۆناخی خەبات لە شارەکاندا یانی لە شاخەوە بەرەو شار هات. دەکرێ بفەرموون حیزبی دێموکرات لە پێناو گەشەدانو پەرەدان بەو جۆرە حەرەکەتانەداو زیاتر رێکخستنی چ کارێکی کردوە؟**

و: بێگومان هەر قۆناخێك لە خەبات شێوەی خۆی هەیە. هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە شەڕی چەکداری بەسەر ئێمەدا سەپا. ئێمە حیزبێکی سیاسینو ویستی سیاسیمان هەیە. ئێمە بۆ دیفاع لە ویستە سیاسیەکانمان کە هەموویان ویستی خەڵکی کوردستانن، ناچار بە شەڕی چەکداری بووین. لە قۆناخی شەڕی چەکداریدا هەموو کەس شایەتی دەدا کە حیزبی دێموکرات پێشڕەوی ئەو شێوە خەباتە بوو کەس لەوەدا دوودڵ نەبوو. بەو شێوە لە قۆناغی نوێشدا کە نالێم دوو ساڵ، بەڵکوو زۆر لە مێژە دەستی پێکردوە، مەسەلەن ئەگەر ٣ی رەشەمەی ٧٧ حەسێب بکەین کە ئێمە تەئسیرمان لەسەر دانا. ئەگەر چاو لەو کاردانەوانە بکەین کە بە نیسبەت سەرکەوتنەکانی کوردستانی عێراق روویان داو لەو دیو رەنگیان دایەوە لە مەسەلەی فیدراڵیزمەوە، لە سەرکۆماریدا، سەرۆکی هەرێمداو هەروەها تا دەگاتە ئێرە کە لە ساڵەکانی ٨٤و ٨٥ ئەم حەرەکەتانەمان کردن. بۆ ئەمساڵیش ئێمە بڕیارمان داوە لە سەرتاسەری کوردستان سێ دەقیقە کوژانەوەی چراکانی ماڵەکان هەبێ. لە داهاتوودا حەرەکەتی باشترو کاریگەرتریش دەکەین، بەڵام بە پێی زەمینەیەك کە ئێمە هەڵیدەسەنگێنین. دیارە خەڵك هەمیشە ئامادەگی هەیە. ئێستا نەوەیەکی لاو هاتوونەتە مەیدان کە تازە ترسیان نە لە رێژیم هەیەو نە لە مردن لە پێناو ئامانجەکانی گەلەکەمان. ئەو لاوانە ئامادەن لە پێناو رزگاری میللەتەکەیان هەر نرخێك بدەن، تەنانەت بە گیانیش وە ئەمەیان لە رابردوودا سەلماندوەو لە داهاتووشدا دەیسەلمێنن. بۆیە من پێم وایە لە داهاتووشدا حیزبی دێموکرات لەو شێوە خەباتەدا، خەباتی مەدەنی، دەبێتە پێشەنگ، بە هۆی وەزنو نفووزێك کە لە نێو خەڵکی کوردستاندا هەیەتیو بە هۆی ئەو سیاسەتانەی کە لە رابردوودا هەبوونیو سیاسەتی دروستو ئوسولی بوونو جێگای پەسندی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بوون، لە لایەكو لە لایەکی دیکەش خەڵکی کوردستان بە هۆی ئەوەی ئەو سیاسەتانە لە خزمەت رزگاری میللەتی کورد زانیوە، پشتیوانییان لێکردوە. کەوابوو لە داهاتوودا بوونی پشتیوانی خەڵكو بوونی سیاسەتی درووستو ئوسوولی لە لایەن حیزبەوە دەتوانێ حەرەکەتی زۆر کاراتر بخولقێنێو هیوادرام حەرەکەتەکانی داهاتوو رزگاری نەتەوەکەمانی لێبکەوێتەوە.

**پ: زۆرسپاستان دەکەین کە ئەم هەڤپەیڤینەتان قەبووڵ کرد. ئەگەر لەمەڕ تەوەری باسەکەمان شتێك لە قەڵەم کەوتوە، تکایە وەکوو دواوتە بیفەرموون؟**

و: دواوتەم هەر ئەوەیە کە داوا لە خەڵك دەکەم بە پێشوازی ئەو بانگەوازەمان بێنو بە کوژانەوەی سێ دەقیقە چرای ماڵەکانیان لە سەعاتی ١٠ تا ١٠و ٣ دەقیقەی شەو، جارێکیتر نیشان بدەن کە رێزو حورمەتیان هەیە بۆ شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو بۆ خەباتی حیزبی دێموکراتو نیشان بدەن کە خەڵکی کوردستان بۆ خەبات لە پێناوی ئامانجو ئاواتەکانی خۆی پێداگرو سوورە.

❊❊❊

## قەیرانی ناوکیی ئێرانو پێشنووسی بڕیاری سێهەم

فاتێح ساڵحی

کۆماری ئیسلامی پاش دەرچوونی دوو بڕیارنامەی ١٧٣٧و ١٧٤٧، بەردەوام درێژەی بە چالاکییە ناوکییەکانی خۆی داو بە بێ لەبەرچاوگرتنی خواستی نێونەتەوەییو بۆ وەدیهاتنی ئامانجی سەرەکی تا گەیشتن بە چەکی ناوکی، خۆی لەگەڵ کۆمەڵێك قەیرانی نوێدا روبەڕوو کردۆتەوە. گەرچی، یەکێك لە بنەماییترین فاکتەکانی ئەم رێژیمە قەیران خولقاندنە کە هێندێك جار بەهۆی ئاڵۆزبوونیەوە کۆمەڵگای جیهانییش لێی دەرباز نابێ. هەروەك دەزانین کێشەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی بەهۆی بنەمای فیکری رادیکاڵیی بەرپرسانی، بۆتە یەکێك لە هەرە گرینگترین کێشە دیپلۆماسییەکانی ئەمڕۆی جیهان. کاربەدەستانی دژەخەڵکیی کۆماری ئیسلامی، بە بیانووی بەدەسهێنانی وزەی کارەباو خزمەتگوزاری بە خەڵکی ئێران لە رێگای ناوکییەوە، بە بێ لەبەرچاوگرتنی راستییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێرانی، وڵاتی ئێرانو بەگشتی خەڵکی بێدەسەڵاتی ئێرانیان لە بەرامبەر رووداوێکی دڵتەزێنی جیهانیدا داناوە. بەشێوەیەك کە ئەمڕۆ خەڵکی ئێران ژیانیان لە مەترسیدا دەبینن و رۆژ بەڕۆژ هیوا بە ژیان لە نێو کۆمەڵگای ئێراندا دادەبەزێ. لەملاشەوە پێداگریی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ درێژەدان بە چالاکییە ناوکییەکانی ئەو رێژیمە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ناچار کردوە رۆژ بەڕۆژ دژکردەوەی توندتر لە خۆیان پیشان بدەنو بازنەی گەمارۆکان لەسەر ئێران تەنگتر بکەنەوە. تارادەیەك کە لە چوارچێوەی گەمارۆکاندا، خەڵکی بێتاوانی ئێرانیش ببێتە قوربانیی سیاسەتە چەوتەکانی رێژیمی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی.

هەرچەند گەیشتن بە تێکنۆلۆژیای ناوکی بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی، ئێستا ئێستراتیژیی سەرەکیی رێژیم بۆ مانەوە لە پرۆسەی بەجیهانیبوونەو لەم رێگایەدا رێژیم بەهۆی بنەمای فیکرییەوە رەنگە تا خولەکی نەوەد گوێڕایەڵی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نەبێو بە هەموو شێوەیەك بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بوون بە زلهێزی ناوچە دەس لە درێژەدانی پیتاندنی یۆرانیۆم هەڵنەگرێ، بەڵام بە خۆشییەوە دەسهەڵگرتنی کوریای باکوور لە چالاکییە ناوکییەکانیو ئامادەبوونی بۆ چەك کردن لە لایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە، ئەو راستییەی خستە بەردەستی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کە رقەبەریو راوەستان لە بەرامبەر ویستی جیهانیدا، دواکەوتوییو برسیەتیو لە ئاکامدا فەوتانی لێ دەکەوێتەوە. هەر بۆیە کاربەدەستانی ئێرانی لە دوای دەرکەوتنی نێوەرۆکی پێشنووسی گەڵاڵەی بڕیارنامەی سێهەمی گەمارۆدانی ئێران کە لە لایەن دەوڵەتی بریتانیاوە ئامادە کراوە، بە هەموو شێوەیەك کەوتوونەتە جموجۆڵ تا پێش بە پەسندکردنی ئەم بڕیارنامەیە بگرێ. بۆیە رۆژێك پاش دانیشتنی لاریجانی لەگەڵ سکرتێری رێکخراوی وزەی ناوکی، لە دانیشتنی رۆژی ٢ی پووشپەڕی ١٣٨٦




لەگەڵ خاوێر سۆلانا لە لیسبۆن، رایگەیاند کە ئێران ئامادەیە بە هەموو شێوەیەك پرسیارەکانی رێکخراوی وزەی ناوکی لەمەڕ دامودەزگا ناوکییەکانو چالاکییە شاردراوەکانی رێژیم لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا بە راشکاوی وەڵام بداتەوەو هەر بەم هۆیە بانگهێشتنی چاوەدێرانی رێکخراوی وزەی ناوکیی کرد کە بۆ ئەم مەبەستە سەردانی دامودەزگا ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامی بکەن. هەڵبەت بەو مەرجەی کە گەمارۆکان لەسەر ئێران لابەرنو پێش بە پەسندکردنی بڕیارنامەی سێهەم بگیردرێ.

بە بێ هیچ روونکردنەوەیەك دیارە کۆماری ئیسلامی بە تەواوی لە ژێر تەوژمی کۆمەڵگای جیهانیدایەو نایهەوێ بەرژەوەندییەکانی بە پەسندبوونی بڕیارنامەی سێهەمی شورای ئاسایش لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات تووشی قەیرانێکی گەورەترو ئاڵۆزتر لەم رۆژانەی بێ. گەرچی کارناسانی ئەم بوارە لە رووی پێشینەی کۆماری ئیسلامییەوە ئەم کارەی رێژیم بە تاکتیکێك بۆ وەدواخستنی پەسندکردنی بڕیارنامەی سێهەم دەزانن و بە دڵنیاییەوە رایانگەیاندوە ئێران بەم ئاسانیە لە سیاسەتە ناوکییەکانی پاشگەز نابێتەوە.

هەرچەند ئێران باش دەزانێ بە پێی ئەو گوتانەی سێرگەی لاورۆف کە لە پەراوێزی دانیشتنەکانی وڵاتانی هاوسێی دەریای خەزەردا کردبووی، ئەگەری ئەوە هەیە رووسیەش لە پەسندکردنی بڕیارنامەی سێهەم، پاڵپشتی بکا، چونکە بە کۆتاییهاتنی ماوەی بڕیارنامەی ١٧٤٧ لە دوایین رۆژەکانی مانگی مای، ئێران بە راشکاوی سووکایەتیی بە وڵاتانی ئەندامی هەمیشەیی شورای ئاسایش کردبووو ئەوەش ئەستەمە لە لای ئەو وڵاتانەوە چاوپۆشیی لێ بکرێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پێچەوانەی دوو بڕیارنامەی پێشوو، ئێستا تەنیا ماوەتەوەو ئەگەری ئەوە هەیە بە هێندێك دەسکارییەوە کە رێگای دیپلۆماسی لە ئێران نەبەستێ، بڕیارنامەی سێهەم کە ئەمجارە گوشارەکانی راستەوخۆ لەسەر خەڵکی ئێرانیش کاریگەری دادەنێ، پەسند بکرێ. بە پێی پێشنووسی بریتانیا هەموو فرۆکەکانی ئێرانو بەلەمە ئاویو کەشتییە بازرگانیو نەوتکێشەکانی دەرفەتی هاتوچۆ، وێستانو بارهەڵگرییان لە هیچ ئاسمانێكو ئاوێکی نێونەتەوەییو دیتر وڵاتانی جیهان نابێ. ئەم گەمارۆیە فرۆکە گەشتیاریو نەفەرهەڵگرەکانی ئێرانییش دەگرێتەوە. هەر لەم پێشنووسەدا دوو بانکی گەورەی ئێرانی (میللیو سادرات) ئابڵۆقە دەدرێنو داراییەکانیان لە وڵاتانی دیکەدا دەستی بەسەردا دەگیردرێ.

زۆربەی کەسایەتییە سیاسی، ئەمنیەتیو بەرپرسانی سوپای پاسدارانو بنەماڵەکانیشیان مافی هاتوچۆو سەردانیان بۆ وڵاتانی دیکە نامێنێ. ئەم گەمارۆیانە ئەگەر لە شورای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پەسند بکرێ، دەوڵەتی ئێرانو کۆمەڵگای ئێرانیش بە تەواوی دەکەونە ژێر گوشارێکی سەختەوە، بۆ وێنە فرۆشی نەوتی ئێران بەرای کارناسان بۆ ماوەیەك پەکی دەکەوێو ئەمە زەبرێکی کاریگەر لە رێژیم دەوەشێنێو دەبێتە هۆی ئاڵۆزتربوونی بارودۆخی دەسەڵاتو هەروەتر قەیراناویتربوونی ژیانی رۆژانەی خەڵك. لەم دواییانەشدا کۆنگرێسی ئەمریکا گەڵاڵەیەکی ئامادە کردوە کە ئەگەر لە



لایەن سێناوە پەسند بکرێ، زۆربەی کۆمپانیا بیانییەکان دەبێ کۆتایی بە مامەڵەکردنیان لە کاروباری وزەو نەوتی ئێراندا بهێنن. هەربۆیە رۆژانی داهاتوو تا پەسندکردنی بڕیارنامەی شورای ئاسایش رۆژانێکی دۆزەخی بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیو مەودایەکی پڕ لە ناخۆشیو دڵەڕاوکێ بۆ خەڵکی ئاسایی ئێرانە.

❊❊❊

# هەڵبژاردنەکانی سەرانسەریی تورکیاو جێگەی کوردەکان لەوێدا

سارینا

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئاشنا



ڕۆژی ٢٢ی ژوئیە بەرامبەر بە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٨٦، ڕۆژی بەڕێوەچوونی ٢٢هەمین هەڵبژاردنەکانی سەرانسەری زووتر لە کاتی دیاریکراو لە تورکیە دایە. ململانێی هەڵبژاردنەکانی حیزبە سیاسییەکانی تورکیا لە مانگێك پێش ئەم ڕێکەوتە دەستی پێکردوە. لەم ململانێیدا ٧٣٩٥ بەربژارە بۆ وەدەسهێنانی ٥٥٠ کورسیی پارلمان بەشدارییان هەیە. لەم ئەژمارە ٧٢٦ بەربژارەی سەربەخۆو ئەوانی دیکە سەر بە ١٤ حیزبو ڕێکخراوی سیاسی بە بەریانگەلی جیاوازن. بە پێی ڕاپۆرتی شورای باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا لە ڕۆژی ٢٢ی ژوئیە ٤٢ میلیۆنو ٥٣٣ هەزارو ٤١ کەس دەنگدەر، نوێنەرەکانی خۆیان لە ڕێگەی ١٥٨٧٠٠ سندوقی دەنگدان لە ٨٥ ناوچەی هەڵبژاردنی وڵات هەڵدەبژێرن. هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی تورکیا لە چاو دیتر هەڵبژاردنەکان خاوەن گرینگایەتییەکی تایبەتیە. چونکە بۆ یەکەم جارە لە مێژوی کۆماری لاییکی تورکیا لە هەشت ساڵی ڕابردودا بەم جۆرە لە نێوان ئیسلامخوازەکانو نەتەوەخوازەکانی لایەنگری جیایی دین لە دەوڵەت بۆ وەدەستهێنانی زۆرینەی پارلمانو بە پێی ئەوەش زۆرینەی هێزەکانی ئیجراییو یاسادانەر، درزێکی گەورەو بۆشاییەك دروست دەبێ. حیزبی دەسەڵاتداری "دادو پەرەپێدان" بە ڕێبەرایەتیی ڕەجەب تەیب ئۆردۆغان کە لە هەڵبژاردنەکانی نوامبری ٢٠٠٢دا توانیی بە وەدەستهێنانی زۆرینەی پارلمان، ٥٩هەمین کابینەی دەوڵەتی تورکیە دورست بکا، لە ٥ ساڵی ڕابردودا بە شێوەیەك کاری کردوە نەتەوەخوازەکانیان کە بە کەمالیست ناودێر دەکرێن، لە هەمبەر داهاتوی تورکیادا نیگەران کردوە. حیزبی دادو پەرەپێدان لە ساڵی ٢٠٠١ بەدەستی ڕەجەب تەیب ئۆردۆغان سەرۆك وەزیرو عەبدوڵڵا گول وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێستاو هێندێك لە کادرە پێشوەکانی حیزبی ئیسلامی "ڕفاه" بە ڕێبەرایەتیی نەجمەدین ئەربەکان، سەرۆك وەزیرانی پێشوی تورکیا دروست کراوە.

گەرچی لە بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی ئەم حیزبەدا، لە ئیسلامو دەستێوەردانی دین لە دەوڵەتدا قسەیەك نەهاتوەتە گۆڕێو بنەڕەتی لاییکی تورکیا ڕەد نەکراوەتەوە، بەڵام پێشینەی ڕێبەرانی ئەم حیزبەو کارو کردەوەکانیان لە ٥ ساڵی ڕابردودا لە ئاستی دەوڵەتو کۆڕی نەتەوەیی تورکیا، جارێکی دیکە بیرەوەریی کودێتای هێزە ئەرتەشییەکانی ئەم وڵاتە لە دەیەکانی ٦٠و ٧٠ی زایینی وەبیر دەخاتەوە.

دەوڵەتی ئۆردۆغان لە ٥ ساڵی ڕابردودا زۆر هەوڵی دا حیجابی ئیسلامی لە شوێنە دەوڵەتییەکان، زانکۆکانو دیتر بنکە پەروەردەییەکان ئازاد بکا. هەروەها لە ئاکامی سیاسەتەکانی ئەم دەوڵەتە، گرووپە ئیسلامییە جۆراوجۆرەکان لە پەراوێزی دەوڵەتدا گیانێکی تازەیان بە بەردا هاتەوەو ئیسلامخوازی لە کۆمەڵگای تورکیادا گەشەیەکی بەرچاوی هەبوە. لە ئاستی ناوچەو جیهانیدا هاوگەرایی تورکیا لەگەڵ ڕۆژئاوادا کەم بوەتەوەو وەرزێکی نوێ لە دیپلۆماسی لە نێوان ئانکاراو وڵاتە ئیسلامیو عەرەبییەکاندا سەری هەڵداوە. مانگی ئاوریلی ڕابردو دوای ئەوەی کە ئیسلامخوازەکان بە ڕاگەیاندنی بەربژاریی عەبدوڵڵا گول وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ وەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك کۆماری، هەوڵیان دا دوایین قەڵای نەتەوەخوازەکان داگیر بکەن، ئەرتەشی تورکیاوەك پێشەنگی نەتەوەخوازەکان هاتە گۆڕەپانی سیاسەتو لە ٢٧ی ئاوریلی ٢٠٠٧ بە دەوڵەتی ئوردۆغان ئۆلتیماتۆمی دا، کە ئەگەر پێ لە بەڕەی خۆیان زیاتر ڕابکێشن، ئەوە لەگەڵ کودتا بەرەوڕوو دەبنەوە. عەبدوڵڵا گول لە یەکەمین دەوری هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری کە لە کۆڕی نەتەوەیی ئەم وڵاتەدا بەڕێوەچوو، توانیی ڕادەی پێویستی ٣٦٧ دەنگ یانی دوو لە سێی دەنگەکان بەدەست بهێنێ. ئەگەر هەڵبژاردنەکان بە دەوری دووهەم دەگەیشت، حیزبی ئیسلامخوازی دەسەڵاتدار کە ٣٥٤ کورسی لە ٥٥٠ کورسیی پارلمانی لە دەست دابوو، دەیتوانی عەبدوڵڵا گول بە سەرۆك کۆماری بگەیەنێ. پۆستی سەرۆك کۆماری لە تورکیا سەمبۆلێك دێتە بەرچاو، بەڵام بەهۆی مافی وێتۆی سەرۆك کۆمارو گرینگتر لە هەمو گۆڕینی فەرماندەکانی لێژنەی هاوبەشی هێزە چەکدارەکانو بەرپرسی شورای باڵای ئەمنیەتی نەتەوەیی، دەتوانێ هەستی پێ بکەین وەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك کۆماری تا چ ڕادەیەك گرینگە.

دوای ئۆلتیماتۆمو هەڕەشەی ئەرتەش لە دەوڵەتی ئۆردۆغان، دادگای باڵای یاسای بنەڕەتیی تورکیا، دەوری یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماریی پووچەڵ کردەوەو دەوڵەت لە ترسی کودێتا، ڕێکەوتی هەڵبژاردنەکانی زووتر لە کاتی دیاریکراوی خۆی ڕاگەیاند.

نەتەوەخوازەکانی تورك هەرچەند لە نێوان خۆیاندا جیاوازیی بیروڕایان هەیە، لە ترسی ئەوەی کە بە مەترسیی گۆڕینی کۆماری تورکیا ناودێری دەکەن، لە هەمبەر حیزبی ئیسلامخوازی دەسەڵاتدار هەڵوێستێکی یەکەیان گرتو بە ئامانجی ورووژاندنی هەستی شارۆمەندەکان، دەستیان دا بەڕێوەچوونی میتینگو ڕێپێوان بۆ پاڵپشتیکردن لە چوارچێوەی کۆماریو لائیسیتەی تورکیا، بەڕێوەبردنی ٨ میتینگ لە شارە گەورەکانی تورکیا تا ڕادەیەك شوێنگەی سستی نەتەوەخوازەکانی بەهێز کرد. بەم حاڵەش هێشتا ڕاپرسییەکان زاڵبوونی حیزبی ئیسلامخوازو دەسەڵاتداری دادو پەرەپێدان بەسەر حیزبی نەتەوەخوازەکان بە ئێمە نیشان دەدەن.

لەسەر ڕاپرسیی زانکۆی سەلجوقی قونیە لە ٤٠ پارێزگای وڵات، حیزبی دادو پەرەپێدان ٣٨/٨٪ی دەنگەکان، حیزبی کۆماری خەڵك بە ڕێبەرایەتیی دێنیز بایکاڵ کە بە کۆنترین حیزبی سیاسیی تورکیا دەژمێردرێو مستەفا کەمال ئەتاتورك دامەزرێنەری بوە، ٢١ لە سەدی دەنگەکانو هەریەك لە حیزبە نەتەوەخوازی دێموکراتو حەرەکەی نەتەوەیی ١٠٪ لە دەنگەکان بدەست دەهێنن.

لە پاشماوەی ئەم ڕۆژانە هەتا هەڵبژاردنەکانی تورکیا ئەگەری ئەوە هەیە هاوکێشە سیاسییەکانی تورکیا گۆڕانکاریو وەرچەرخانی بەسەردا بێ، بەڵام لەسەر کارنامەی حیزبی دەسەڵاتداری عێداڵەتو پەرەپێدان جارێکی دیکە وێدەچێ ئەم حیزبە زۆرینەی دەنگەکان لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٢٢ی ژوئیە بەدەس بهێرێت. لە سەردەمانی دەوڵەتی ئۆردۆغان جگە لە پرسگەلێك کە بوە هۆی نیگەرانیی نەتەوەخوازەکان، ئابووریی تورکیا لە چاو ڕابردو گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیو کردەوەکانی خۆشبژێویو خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی زۆر زیاتر لە دەوڵەتانی پێشو بوو. ڕەجەب تەیب ئۆردۆغان یەکەمین سەرۆك وەزیری تورکیا بەحسێب دێت کە بەشێوەیەکی فەرمی باسی کەمینە نەتەوەییەکانو بەتایبەت پرسی کوردی لەم وڵاتە وەك کێشەیەك کە پێویستە لە ڕێگای دێموکراتیکەوە چارەسەر بکرێ، هاوردۆتە ئاراوە.

پێکهاتەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی تورکیا کە لە ئیسلامخوازە سوننەتییەکانو لیبراڵە ڕۆژئاواخوازەکان دروست بوە، زیاتر لە هەمو شتێك خوازیاری چاکسازی هەلومەرجی ئابووریو بردنەسەری ئاستی ئاسایشی کۆمەڵایەتییە. هەرچەند سەرکەوتنەکانی حیزبی ئیسلامخوازی دەسەڵاتدار لە بواری ئابووریدا، هێشتا خاڵی بەهێزی ئەم حیزبە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٢ی ژوئیە دەژمێردرێت، بەڵام هاتنەئارای باسی مەترسیی لەنێوچوونی کۆماری لاییکیو ئەو سەرکەوتنانەی کە بە دەستی هاوردوە لە لایەن ئیسلامخوازەکانەوە تاڕادەیەك ڕەوتی ئاسایی خستۆتە ژێر سێبەری خۆیەوە. لە نیشانەکان وادیارە هێزی ئیسلامخوازی دەسەڵاتدار لە کاتێکیشدا زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێرێت، ناتوانێت وەك هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٢، بە تەنیایی شەستەمین دەوڵەت دروست بکا.

## شوێنی کوردەکان لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی تورکیا

کوردەکانی تورکیا کە نزیکەی یەك لە سێی حەشیمەتی ٧٥ میلیۆنیی ئەم وڵاتەیان هەیە، بەم حاڵەش لە دەورەکانی پێشوی هەڵبژاردنەکاندا نەیانتوانی لە چوارچێوەی حیزبە کوردیەکاندا بڕۆنە نێو کۆڕی نەتەوەیی. گەرچی بنەمای یاسایی بەدەستهێنانی ڕادەی پێویست کە ١٠٪ی دەنگەکانە بۆ چوونە نێو مەجلیسو گوشاری نەتەوەخوازەکان تاڕادەیەك بەری بە حیزبە یاساییەکانی کوردەکان گرتوە، بەڵام بەربڵاویو وەك یەك بیرنەکردنەوەی کوردەکانیش بۆخۆی هۆکارێکی گرینگە لەمەڕ سەرنەکەوتنی حیزبە کوردیەکانی تورکیا.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٢، بێجگە لە دیاربەکر، مووش، ماردینو ئاویامان، لە دیتر شارە کوردنشینەکاندا حیزبی ئیسلامخوازی دادو پەرەپێدان بەرێبەرایەتیی ئۆردۆغان زۆرینەی دەنگەکانی بەدەس هێنا. زۆربەی کوردەکانی تورکیا لە PKK پاڵپشتی دەکەن، بەڵام لە قۆناخی هەڵبژاردندا بەریانگەلی ئیسلامیی کوردەکانی تورکیا پێش بە سەرکەوتنی حیزبە یاساییەکانی متمانەپێکراوی PKK دەگرن. حیزبی دێموکراتیکی کۆمەڵگا بە ڕێبەرایەتیی ئەحمەد تورك سەر بە کوردەکانی تورکیە ئەمجارە بەربژاردەکانی خۆی بەشێوەی سەربەخۆ ناساندوە تا ئەگەر بەڕادەی پێویستی ١٠٪یش نەگەیشتن، بڕۆنە نێو مەجلیسەوە.

دادگای یاسایی بنەڕەتیو شورای باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا بەهۆی ئەوەی کە پێشینەی خراپی ناوبرد دەکا، پێشی بە بەربژاردەیی زیاتر لە ٥٠ کەس لە ئەندامانی ناسراوی ئەم حیزبە بۆ هەڵبژاردنەکان گرتوە.

لەیلا زانا، سەلیم ساداك، ئۆرهان دۆغان، خەتیب دیجلە، لە نوێنەرانی پێشوی کۆڕی نەتەوەیی کە بەهۆی داکۆکی لە مافی میللی ـ دێموکراتیکی کوردەکان نزیکەی ٧ ساڵ زیندانی بوون، لەوانەن کە سەڵاحیەتیان ڕەد کراوەتەوە. سەرەڕای ئەمانە شانسی سەرکەوتنی بەربژاردەکانی سەربەخۆی حیزبی دێموکراتیکی کۆمەڵگا بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا لەسەرەوەیە. ئەگەر ٣٠ کەس لە بەربژاردەکانی ئەم حیزبە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٢ی ژوئیەدا سەرکەوتوو بن، حیزبی دێموکراتیکی کۆمەڵگا دەتوانێ شوێنگەیەك پەیدا بکا کە لە بەرە پێکهێنانی کابینەدا ڕۆڵ بگێڕێ. دیتر حیزبە یاساییە کوردیەکان وەك حیزبی حەقو ئازادی لەم دەورەی هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بەشدار نەبوون، تەنیا ڕەشید دێڵی بەربژارەی ئەم حیزبە بۆ نوێنەرایەتیی شاری "سیرت" خۆی ناونوسی کردوە.

هەلومەرجی هەڵبژاردنەکانی سەرانسەری لە تورکیاو بەربڵاویی دەنگی کوردەکانی نیشتەجێی ئەم وڵاتە بوەتە هۆی ئەوەی کە کوردەکان لە دەسکەوتی هەڵبژاردنەکان بە پێی پلەی حەشیمەتیان، شوێنگەیەکی لاوازیان هەبێتو پلەیەکی کەم بەدەست بهێرن.

❊❊❊

# کیمیاییبارانەکانی ڕێژیمی بەعس، ئێستاش پاش ٢٠ ساڵ قوربانی دەگرێ

لوقمان عەبدوڵڵازادە

گەلی کورد یەکێك لەو گەلو نەتەوانەیە کە بە درێژایی تەمەنی مێژوو غەدری لێکراوە. بە هەرشێوەیەكو لە هەر ڕێگایەکەوە کە داگیرکەرانو دوژمنانی بۆیان لوابێ زوڵمیان لێکردوەو، چەوساندویانەتەوە. تەنانەت بەوەندش ڕانەوەستاونو لە خاپوورو کاولکردنی نیشتمانی ئەو گەلە بێ تاوانە ڕابگرە هەتا ژینۆساید، ڕاگواستنو کیمیایی بارانیش دەستیان نەپاراستوە. ئەوەی بۆیان کرابێ کردویانە، "ئەوەی نەیان کردوە بۆیان نەکراوە"، خاکی کوردستان هەمیشە گۆڕەپانی شەڕناخێوی زلهێزەکانی جیهانی بەگشتیو، دوژمنانی کورد بە تایبەتی بوە. بەردەوام بۆتە "سووتەمەونی"و دەستەچیلەی شەڕو ساتو سەودای ئەو حکوومەتانەی کە ئەو نیشتمانە یان بەسەردا دابەش کراوە.

لەو نێوەشدا، سەرەڕای لاشەڕبوونی ئەو نەتەوە ماف زەوتکراوە زۆرترین زەرەرو زیانی وەبەر کەوتوە.

بەدوای هەڵایسانی شەڕی ماڵوێرانکەری نێوان ئێرانو عێراق (١٣٥٩) بە هۆی ئەوەی کە خاکی کوردستان کەوتبوە نێوان ململانێی هەر دوو حکومەتی تارانو بەغدا، زەرەرو زیانێکی ئێجگار زۆری گیانیو ماڵی لەو ناوچەیە کەوت.

ڕۆژی ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕێژیمی بەعسی ڕوخاو، هێرشیان کردە سەر شاری سەردەشتو چەند گوندێکی دەوروبەریو بە گازی "خەردەل"و بۆمبی کیمیایی بۆردمانیان کرد. جێی باسە کە ئەو چەکە کاریگەرو کۆمەڵکوژە بۆ یەکەمین جار بە شێوەی بەرفراوان، بە تایبەتی دژی خەڵکی بێچەكو سێڤیل بەکار هاتوە.

لە ئاکامی ئەو تاوانو کارەساتەی ڕێژیمی بەعس (عێراق)و، "ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بە شێوەیەك لە شێوەکان"، بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە تا کو ئێستا وەك دێکۆمێنتو بەڵگە تۆمار کراوە لە شاری سەردەشت زیاتر لە٢٠٠ کەس گیانیان لەدەست داوە، وپتر لە ١٠ هەزار کەسیش بریندار بون.

ئەوەی لێرەدا جێگەی تێڕامانو لێوردبوونەوەیە بریتییە لە:

١ـ بە وتەی شاهێدحاڵانی ئەو کارەساتە کاتێك کە ڕێژیمی بەعس ئەو شارەو گوندەکانی دەوروبەری بۆمبارانی شیمیایی کرد، ڕێژیمی کۆماری ئێسلامی ئێران، نەك هەر ئیزنی نەدا بەو نەخۆشانەی کە ئەو گازە ژەهراوییان بەرکەوتبوو ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی شارەکانی دەوروبەر بکرێن، بە پێچەوانە لە شوێنێك کۆی کردبوونەوە سەریەكو ئیزنی بە پزیشكو دوکتۆرە ناوخۆییو بیانییەکانیش نەدا، تاکو لانیکەم لە کارەساتەکە کەم بکەنەوە.



٢ـ هەنووکە پاش تێپەڕبوونی ٢٠ ساڵ بەسەر ئەو تاوانو "ڕووداوە" دژی ئینسانیەو کەمتەرخەمیو پێڕانەگەیشتنی ڕێژیمی ئاخوندیو پیسبوونی سروشتی ئەو ناوچەیە، بە هۆی ئەو گازە کیمیاییە، نەك هەر قوربانی دەگرێ؟ بەڵکوو زۆربەی ئەو منداڵانەی کە لەو دەڤەرە لە دایك دەبن تووشی فەلەجیو نەوقستانو نەخۆشیگەلی جۆراوجۆر دێن!؟ ئەوە لە کاتێکدایە کە فەلەجی منداڵ لە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی جیهان ڕیشەکێش کراوە. بەڵام بە هۆی سیاسەتە چەوتوو و دژە کوردی ڕێژیمی ئاخوندی بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییە ئاوڕێکی ئەوتۆ لەو ناوچەیە نەدراوەتەوە.

٣ـ لایەنێکی دیکەی سەرنجو تێڕامان لەو ڕووداوە لەوەدایە کە: کەسانێك بوونە قوربانی و (سووتەمەنی) ئەو شەڕ و ململانێیە کە هیچ تاوانێکیان بەرامبەر بە لایەنەکانی ئەو شەڕە نەبوە. تەنانەت ڕێژیمی حاکم لە وڵاتی خۆشیاندا مافی قوربانیانی ئەو ڕووداوە سامناکەی پێشلکردوەو زوڵمی لێکردون. تەنیا لەبەر ئەوەی کە کوردبوون، مەحکووم ببوون بە مەرگ. یەکێکی دیکە لە جینایەتەکانی ڕێژیمی بەعسی عێراق لەهەمبەر گەلی کورد، کیمیایی بارانی "زەردەو بان زەردەی سەرپێڵی زەهاوی کوردستانی ئێرانە. جێی باسە کە لەو جینایەتەشدا کۆمەڵێك خەڵکی بێتاوان بوونە قوربانیو هەروەك ناوچەی سەردەشت ئەو ناوچەیەش تاکوو ئەمڕۆ ئاوڕێکی جیددی لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیم لێنەدراوەتەوە. فەلەجیو نەقوستانو مەرگ ئێستا لە زەردەو بان زەردە بە هۆی کاریگەری ئەو گازە کیمیاییە هەر ماوە.

یەکێکی دیکە لە تاوانەکانی ڕێژیمی "بەعس" کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی کوردستانی عێراقە کە ساڵێك دوای کیمیاییبارانی شاری سەردەشت ڕوویدا. دەسەڵاتدارانی بەغدا لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٣/١٦ی زایینی بە چەکی کۆمەڵکوژی کیمیایی قەدەغە کراو شاری هەڵەبجەی کوردستانی عێراقیان کیمیاییباران کرد. ئەمجارەیان تاوانەکە ئەوەندە لە ئاستێکی بەرفراواندا ئەنجام درا کە ویژدانی مرۆڤایەتی بزواند. کیمیایی بارانو بۆردومانێك کە تا ئەو کات وێنەی نەدیترابوو. لەو شارە زیاتر لە ٥ هەزار کەس بوونە قوربانیو گیانیان لەدەستدا:

شتێك کە ڕووداوی هەڵەبجەی لە تاوانە کیمیاییەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، لە هێرش کردنی تاوانەکانی حکوومەتی بەعسی عێراق ماددەیەکی هەڵگری زۆری کیمیاوی، پێکهاتوو لە گازەکانی خەردەلو ماددەی دەمارگیر (سارینو تابوونو ڤی ئێکس VX) بەکار هێنراوە. بە گوێرەی هێندێك ڕاپۆرت کە لەو ڕووداوە سامناکەیان کۆڵیوەتەوە ماددەکانی "سیانید"و "ئێسپریت"یش بەکار هاتوە.

پسپۆڕێکی سوئێدی (یوڤان سڤانتەرسۆن) کە لە دەزگای توێژیەوەدا کار دەکا، دەڵێ: گومان لە بەکارهێنانی ئەو گازانەدا نیە.( سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو قسە تەئید دەکا.)

"تاریق عەزیز" وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی حکوومەتی بەعسی عێراق لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە بۆن پێتەختی ئاڵمان لە ١ی تەمووزی ساڵی ١٩٨٨دا دەڵێ هەر دوو لایەن، یانیعێراقو ئێران چەکی کۆمەڵکوژی قەدەغەکراوی کیمیاویان بەکار هێناوە.

هەرچەندە پاش تێپەڕبوونی نزیك بە ٢٠ ساڵ بەسەر ئەو تاوانە سامناکەدا یەکێك لە ئەنجامدەرانی ئەو کردەوە کۆمەڵکوژییە، بە ناوی "عەلی حەسەن مەجید"ناسراو بە "عەلی کیمیاویی" لە بەردەمی دادگایەکی عادڵانەدا بە سزای کردەوەکانی خۆی گەیشت. عەلی شیمیایی یەکێك لە تاوانبارانو دەسەڵاتدارانەی ڕێژیمی بەعس بوو کە لە کوشتار، ئەنفال، کیمیایی بارانو خاپوورکردنی شاروگوندەکانی کوردستاندا ڕۆڵی سەرەکیو دەستێکی باڵای هەبوو. ناوبراو لە ئەنجامدانی هیچ چەشنە کردەوەیەکی مرۆیی خۆی نەدەپاراست ئەوەی بۆی کرابایە لە هەمبەر گەلی کورد ئەنجامی دەداو سڵی نەدەکرد. ئێستا ناوبراو لەم ماوەیەدا سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوە.

لایەنێکی دیکەی ئەو مەسەلەیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو، دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمەن کە دەبێ ڕۆژێك لە هەمبەر دادگایەکی خەڵکیو نێونەتەوەییدا، دادگایی بکرێنو وەڵامدەری خولقاندنی بەشێکی ئەو تاوانەو کارەساتە لەهەمبەر نەتەوەیی کورد بە گشتیو خەڵکی کوردستانی ئێران بە تایبەتی بن.

بە داخەوە تاکو ئێستا چ لە ئاستی نێوخۆیو، چ لە ئاستی دەرەوەدا کارێکی بەرچاو و پێویست بۆ یادو زیندوو ڕاگرتنی قوربانیانی ئەو تاوانە دڕندانەیەو، قەرەبوو کردنەوەی زەرەرو زیانەکانی ئەنجام نەدراوە. هەر بۆیە ئەرکی هەموو حیزبە سیاسییو ڕێکخراوە مەدەنیو پیشەییو کۆمەڵایەتییەکانو، هەموو مرۆڤێکی ئازادیخوازو ئینساندۆستە کە بۆ زیاتر ناساندنی ئەو کارەساتە دژی مرۆییە ڕۆڵو نەخشی خۆیان بگێڕنو، تێبکۆشن کە ساڵڕۆژی ئەو کارەساتە بە شێوەیەکی بەرین ساڵانە یادی لێبکرێتەوەو زیاتر ئەو تاوانە بە خەڵکی جیهانو تەنانەت خەڵکی خۆشمان بناسێننو هەوڵی بۆ بدەن کە، ڕۆژی کیمیاییبارانی شاری هەڵەبجەی کە زیاتر لە پێنج هەزار مرۆڤی بێتاوانی بە چەکی کۆمەڵکوژی کیمیایی بوونە قوربانیی وەك ڕۆژی جیهانی دژی چەکی کۆمەڵکوژ بە فەرمی ناودێر بکەن.

سەرچاوەکان:
ڕۆژنامەی "کوردستان"
ڕۆژنامەی "ئاگری"

## تێڵ نیشان



مەسعوود بابایی

### هۆنراوە ٢

هۆنراوە ریتمیکە، ریتم وەکو تایبەتمەندیی سەرەکیی هۆنراوە وێدەچێ بۆ گۆرانی هۆنرابێتەوە. بڕگەکان کورتن، دە بڕگەیین، هارمۆنی بەسەر دەربڕین زاڵە. پێموایە مەودای هەناسەدان‌و درکاندن لە هۆنراوەدا رۆڵێکی هەرە دیاری هەیە، واتە دێڕێکی هۆنراوە لە کاتی تەواوبوونی‌دا بە پێی هەناسەسواربوونی چڕیار دەبێ.

**بۆ نمونە:**

دڵەکەم بە فیدای دڵەی تەنگت بێ

١٠ بڕگە = دڵە / کەم/ بە/ فی/ دای/ دڵەی/ تەن/ گت/ بێ

چەندەم پێخۆشە گوێم لە دەنگت بێ

١٠ بڕگە = چەند/ ەم/ پێ/ خۆ/ شە/ گوێم/ لە/ دەن/ گت/ بێ

مەودای هەناسە دان: دەسپێك

وەستان– دڵە/ کەم/ بە/ فی/ دای/ تازەکردنەوەی هەناسە وەستان د/ ڵەی/ تەن/ گت/ بێ تازەکردنەوەی "هەناسە" یا هەوا

هەناسە هەڵکێشان هارمۆنی کۆتایی

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لەم ژانرە فۆلکلۆلۆرەدا لە ئاڵۆزی زمان‌و هێنانەوەی دەستەواژەی نامۆ ئاسەوارێك بەدی ناکرێ، بە پێچەوانەی شیعری عەروزیی عەرەبی خۆهەڵکێشان‌و ململانێ‌و پێشبڕکێی شاعیران بۆ "قورس بێژی" بەدی ناکرێ. زمان لە هۆنراوەدا زۆر پاراوەو "سادە بێژی" لە فۆرم‌و فۆرمی سادەی هۆنراوەو بوونی جووت سەروایی لە هۆنراوەدا لە سیما دیارەکانی هۆنراوەن.

هیچ کەس نەواچۆ/ کە فەرهاد رەندەن = سەروا (قافیە)

نەقش شیرینش/ نەڕوی سەنگ کەندەن = سەروا (قافیە)

دەك ڕێزان دەسبای/ وەرجە گیان سەندەن = سەروا (قافیە)

کێ ئەڵماس وەڕوی/ دیدەی وێش شەندەن = سەروا (قافیە)

"مەولەوی"

ئەگەر سەیری ئەم چەند دێڕەی سەرەوە بکەین فۆرمێکی سادەی هەیەو لە هەمان کاتدا نێوەرۆکێکی قووڵی هەیە. هۆنەر {ئەوەی هۆنراوە دەهۆنێتەوە} لە داوێنی سروشتدایەو کاری بەسەر بان سروشت، (میتافیزیك) ەوە نیە کە شیعری عەرەبی بە هۆی ئەم تایبەتمەندییەوە لە ڕادەبەدەر "ئەبستراکت" (انتزاعی) کراوە. وەسفەکانی هۆنراوە لە سروشتەوە وەردەگیرێن، وەسف یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هۆنراوەیەو وێنە شیعرییەکان لە سروشتەوە وەردەگیرێن‌و مرۆڤ لە نێوەندی وەسفکردن دایە. جوانی سروشتی‌و جوانیی مرۆیی تێهەڵکێشی یەکدی دەبن‌و "ئافرەت" لە هەمو دێڕێکی هۆنراوەدا هەیەو لە هۆنراوەی دڵداری‌دا دەگاتە ترۆپکی خۆی. رەنگاورەنگیی سروشتی لە سەر بنەمای رەنگاوڕەنگیی رەفتاری‌و رەوشتیی مرۆڤ نۆژەن دەکریتەوەو مرۆڤ هەندێجار بە سروشت‌و سروشتیش بە مرۆڤ دەچوێنرن.

بالات بە بەرزی قەد بەباریکی

ئەستێرەی سیوەیل کەوتوە تاریکی

لێکچواندنی بالا بەوپەڕی بەرزی‌کە بەرزترین ئەستێرە سیوەیل‌و ئەستیرەکەتی داپۆشیوە

یا

گوڵ چون ڕوی ئازیز نەزاکەت پۆشان

وەفراوان چۆن سەیل دیدەی من جۆشان

لێرەدا ئاراستەی پێچەوانەی لێکچواندن دەبینرێ.

پێم وایە دیدی هۆنراوەی کوردیی فۆلکلۆر و چ ئەو شاعیرانەی کە بە پێی کێشی فۆلکلۆری دە بڕگەیی شیعریان گوتوە: وەکو مەولەوی، سەیدی، گۆران،...هتد هەمان دیدی خۆماڵی‌و کوردەواری‌یەو ئەم شاعیرانە بە تایبەتی ئەوەی دوەم واتە شاعیرانی پاش مەولەوی‌و سەیدی، وەکو: گۆران، کامران موکری، دیلان، هەندێ لە شیعرەکانی شیخ نوری شێخ سالح گەڕانەوەیە بۆ ناخی جوانیناسانەی دەربڕینی مرۆڤی کورد کە لە نێوان بڕگەی دەنگی/ ریتمیك /دەنگی یا سروشتی/ و ئیرۆتیك‌و ژیاندۆستانە دایە.

لە بەشی داهاتودا لەم بابەتە دەدوێین.

## مەولانا مامۆستای واتا

**بەبۆنی حەوسەدەمین ساڵرۆژی لەدایك بوونی**

**مەولانا جەلالەدینی محەممەدی بەلخی**

ئاشنا

لە دە رۆژی رابردوودا لە ئەمریکا کۆڕێك بۆ رێزلێنان لە مەولانا بە بەشداری بەرپرسی گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بەڕێوە چوو. لەم کۆڕەدا زۆربەی مەولانا ناسەکان لە هەموو وڵاتانی جیهانەوە بەشدار بون. بەلام بەراستی ئەوە چیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی خوازیاری حەقیقەت روبکەنە مەولانا، ئەویش پاش حەوسەد ساڵ دوای لەدایك بوون و مردنی ئەو گەوهەرە. رەنگە بە وتەی خۆی کە دەڵێت بوەتە هاوجووتی بەدحاڵان و خۆشحاڵان، بەدحاڵان‌و خۆشحاڵانێك کە هەریەك لە شەك و گومانی خۆیان دا بوونەتە هاوڕێی و هەریەك بە جۆرێك چێژی لێ وەردەگرن. رادەی بێ‌ئەژماری هۆگرانی، چاپی بەرهەمەکانی بە زمانگەلی جۆراوجۆر، بەڕێوەچونی کۆنگرەو سمینارەکان... لە جیهاندا، ئەم پرسیارە دەهێنێتە ئاراوە کە بەڕاستی چی لە نێوەرۆکی نووسراوەکانی مەولانادا هەیە کە عالەمێکی مەفتوون و شەیدای خۆی کردوە. کەسانێك ماندوو لە هەراو هۆریای ژیانی ئەمرۆیی و ماشینی لەگەڵ قەیران‌و دۆڕاندنی ماناکان لە سەردەمی شۆڕشی تەکنۆلۆژیدا، بەرەوخۆی رادەکێشێ کە پێیان بسەلمێنێ هەنۆکەش مانا دەتوانێ گەوهەر بێت‌و مرۆڤ لە ئازار و تەنگ و چەڵەمە رزگار بکات، دەیەوێت بڵێت هێشتا عەشق ئاسمانیەو زەوین بۆ عاشق بچووکە، بۆ مانا کردنەوەی رازێکی حەقیقی وەك خۆشەویستی. بەمجۆرەیە کە مەولانا تەواوی ئەو کەسانەی کە لەسەرەوەی چاکەو خراپەو زاناییدا بەشوێن راستی‌و حەقیقەت دا دەگەڕێن مەفتوون و شەیدای ماناکانی خۆی دەکات. هەربۆیە رێرەوانی راستەقینەی بۆ دۆزینەوەی مانای ژیان‌و گەیشتن بە کامەرانی، قوفڵەکانی جیهان دەکەنەوەو مێتافیزیك دەبێتە هێمن کەرەوەیان. لێکۆڵینەوەکان پیشانی دەدەن هەستی بێ شوناسی‌و مانادۆڕاوی لە مرۆڤی سەردەمدا، سەرەڕای پێشکەوتنی



لەرادەبەدەری تەکنۆلۆژیا، رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێت. مرۆڤی ئەمڕۆ هەر رۆژ بینەری وێرانی و تێکچوونی پێکهاتەی رێبازە فەلسەفی ـ سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکان‌و شرۆڤەی راستیەکانە. مرۆڤی سەردەم لەبەرامبەر لەنێوچوونی ئۆتۆپیاو رەنگ گۆڕینی دایەو بەقەولی فەیلەسووفە ئێگزیستانسیالیستەکان لە رەهێڵێکی پان‌و بەریندا تەنیا ماوەتەوە. هەر بۆیە مەولانا بۆ مرۆڤی سەردەم دەرمانی حەیاتە.

**دڵ بردن و بێ‌دڵی نەهێنیمانە**
**کار کارمانە چونکوو ئەو خۆی یارمانە**
**وا بەسەر چوو نۆبەتی کۆنەفرۆشان**
**نوێ‌فرۆشیم‌و ئەمەش بازارمانە**

"ماتیۆ ئارنۆلد" لە پێناسەیەکدا کە لە مرۆڤی سەردەم کردویەتی دەڵێت "مرۆڤی ئەمرۆ کەسێکە کە لەنێوان جیهانێکدا کە مردووەو جیهانێك کە هێزی لەدایك بوونەوەی نەماوە حەیران‌و سەرلێشێواوە" و ئەمرۆ مەولانا بۆ ئەو مرۆڤانە وانەیەکی نوێی هەیە کە رۆژبەرۆژ مرۆڤی مۆدێرن و ماندوو لە تەقینەوەی عیلمانیەت و تەکنۆلۆژیا بۆ گەڕانەوە بۆ رێگای راستی‌و هێمنی روو دەکەنە مەفتوونێك کە لەنێوان زەوین و ئاسماندا قوتابخانەیەکی عەقڵانی هەیە بۆ ژیانەوە.

**اسم خواندی، رو مسمی را بجو**
**مه به بالا دان، نه اندر اب جو**
**هیچ نامی بی حقیقت دیده‌ای**
**یا ز گاف و لام گل، گل چیده‌ای**
**که گر ز نام و حرف خواهی بگذری**
**پاك کن خود را ز خود هین یکسری**

## کلاسیک

### ئەدیب ١٩١٢ ـ ١٩٧٢



ئەدیب ناوی ڕەسووڵ کوڕی مەلا سادق کوڕی (خەلیفە عەبدولرەحمانی زەندی)یە کە لە بنەچەکەی‌دا دەچێتەوە سەر تیرەی (لطف علی‌خان و کریم خان)ی زەند.

ئەدیب لە ساڵی ١٩١٢ی زایینیدا لە دێی "شاوەڵی" لەدایك بووە، هەر لە منداڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن‌و سوودی خوێندەوارێتی لە قوتابخانەو مزگەوتان دا وەدەست کەوتووەو شاگردایەتیی شاعیری بەناوبانگ وەفایشی کردوە.

ئەدیب لە ئەدەبیاتی کوردی‌و فارسی‌و عەرەبی شارەزایەکی تەواوی هەبووەو بە هەرسێکیشی شێعری وتووە.

مەلا ڕەسووڵ سەری بۆ خواردنی زەکات و سەرفیترەی مەلایەتی شوڕ نەکردوتەوەو تۆماری تەمەنی خۆی لە رێگای وانەوتنەوەو ئاشەوانی‌و دارتاشی‌و پزیشکێتی‌دا پێچاوەتەوە، ناوبراو چەند ساڵێکی لە پەسوێ دەرسی بە کوڕەکانی قەرەنی ئاغای مامەش گوتەوەو لەگەڵ ئاغا نەخاواوەتەوە بە ناچاری رووی لە شنۆ کردوەو لە دێی "سەرگیز" بووە بە مامۆستای کوڕەکانی ئاغای ئەو گوندە. داخەکەم چارەرەشی لەویش وازی لێ نەهێناو مەلامەحموودێکی شێخ پەرستی لێ بووە کە هەمیشە بە تاپۆی کەشف و کەرامەتی شێخی دەرست، مەلا ڕەسوولیش کە پیاوێکی زاناو زیرەك و تێگەیشتوو و چاوکراوە بووە ئەو کارانەی پێ قبووڵ نەدەکرا، مەلا مەحموودیش دڵو دەروونی لای ئاغا ڕەش دەکرد.

ئەدیب لەو هەژاری‌و فەقیری‌و دەست کورتیەدا تووشی نەخوشیەك دەبێت کە پزیشکیش نەخوشیەکەی بوو چارە نەکراوە تا لە ساڵی ١٩٧٢ی زایینیدا هەر بەو نەخوشیە ماڵاوایی لە دنیای روشنی دەکاو لەسەر را سپاردەی خۆی تەرمەکەی دەبەن بۆ گوڕستانی دەربەندی و ئەسپەردەی دەکەن.

ئەدیب پیاوێکی دەست و دڵاوا و رووخۆش‌و زمان شیرین و نەرم‌و سەنگین‌و بەزەییدار و دڵفراوان و میوانپەروەر بووە، لە نووسینی وێژامەو دانانی هەڵبەست دا سەلیقەو دەسەڵاتێکی زۆر بەرز و هێژای هەبووەو ئەسپی زەوق وەچەشە بە ئەندازەیەکی واداهی بووە کە پابەندی هات و نەهات و خۆش‌و ناخۆش نەبووە بەڵکوو لە توانایدا بووە کە هەموو گوتەو دڵخوازێکی خۆی بەبێ دامان بهۆنێتەوە.

**فەرمووی کە ئەمن یەکسەرە بێ مەنزڵو بێ‌جێم**
**جیسمی تۆ ئەگەر حازری قوربانی‌یە بۆ رێم**
**کاشانەیێ خاڵی بێ لە بێگانە بەڵێ دێم**
**بێ باکە خەدەنگی لە جیگەر دام وتی پێم**

**عەبدولا قادری**



بێ دوان

# هەڤپەیڤینێك لەسەر بارودۆخی شانۆ و سینمای كوردی



**پ: فاتیح سالحی كێیە؟**

و: لەدایك بووی شاری سەقزم. ساڵی ١٩٧٨ بەرامبەر بە ١٣٥٧ی هەتاوی، دەورانی سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندیم لە سەقز خوێندوە. لە ساڵی ١٣٧٥ ـ ١٣٧٨ رشتەی مودیریەتی دەوڵەتیم لە زانكۆدا خوێندوە پاشان ساڵی ١٣٧٨ لە رشتەی كارناسی ئەزموونی دەرهێنانی تیاتر و تلفزیۆن بەهۆی بنكەی هونەرە دراماتیكەكانی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئێران لەلایەن كولێژی هونەرگەی دراماتیكی پاش ٤ ساڵ كاری بێ وچانی ئەزموونیو بەشداری لەچەند تاقیكردنەوەدا بڕوانامەی راهێنانی دەرەجە یەكم وەرگرت، لەو ساڵەشەوە وەكوو راهێنەری فەرمی كارم كردوە. لە ساڵی لە ساڵی ١٣٦٩وە خەریكی كاری شانۆییم و تا ئێستا لە چەندین فستیواڵی گەورەو بەناوبانگ دا بەشداریم كردوەو دەیان خەڵات و دیپلۆمی ئیفتخاریم وەرگرتوە، هەروەها تا ئێستا وەك یاریدەدەری دەرهێنەر لە دوو فیلمی گەورە بە ناوەكانی "چریكەی ئاهوو" و "ئاوات" بەشدار بوومو لە چەندین كاری تلفزیۆنی شەبەكەی سەحەریش دا وەك ئەكتەر كارم كردوەو بۆ تلفزیۆنی هەرێمی كوردستان پرۆگرامی منداڵانەم دروست كردوە.

**پ: ئێوە شانۆ و سینما چۆن پێناسە دەكەن؟**

و: بەرای من شانۆ هونەرێكی ئینسانیو زیندووە كە بە دەستی ئینسان پیشان دەدرێت و باس لە كێشەو حەز و ئاواتەكانی ئینسان و كۆمەڵگای ئینسانی دەكات. شانۆ بەهۆی ئەوەی كە هەر حەوت هونەرەكەی لەخۆ گرتووە بە دایكی هونەر دادەنرێت و لە یەك وتەدا لە دونیای ئەمرۆدا هونەری شانۆ وەك سەمبۆلی فەرهەنگی كۆمەڵگاكان دادەنرێت. سینماش هونەری هەشتەم و مۆدێرنی ئەمرۆی كۆمەڵگای جیهانە، سینما پیشەیەو هونەرێكی ناراستەوخۆیە. بەڵام بەرای من كاریگەری لە هەموو هونەرەكانی دیكە لەسەر كۆمەڵگا زیاترەو بینەرێكی یەكجار زۆری هەیە، ئەمرۆ سینما سەرەرای ئەوەی كە زانستە هەروەك ئاماژەم پێ كرد پیشەیەكیشە كە دەتوانیت سەرمایەی پێ دروست بكەیت.

**پ: چۆن لە ئێستای شانۆی كوردی دەروانن؟**

و: پێش ئەوەی كە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە باش وایە بڵێم ئێمە شتێكمان بەناوی شانۆی كوردی نییە چونكوو شانۆی فەرانسیو ئەمریكاییو ئاڵمانیشمان نیە، بۆ ئەوەی شانۆیەك بەهێزە كە سنوور و نەتەوە نەناسێت. ئەگینا شانۆی كوردیش وەك كابوكیو كاتاكالیو مهاباراو تەنانەت تەعزیەی ئێرانیش دەچێتە نێو رێورەسمە ئایینەكانو دیتر ناتوانی وەك تیاترێك كە بنەماكەی دیالۆگە چاوی لێ بكەی. بەڵام سەرەرای ئەمانە تیاتر لەلای كورد توانیویەتی جێگای خۆی بكاتەوە بەتایبەت لە كوردستانی ئێراندا، ئێستا ئێمە لە ئێراندا چەندین دوكتورای تیاتر و چەندین كارناسی تیاترمان هەیە. بەرپرسی یونیمای جیهانی، بێهرووزی غەریبپووە كە خەڵكی شاری سنەیە. ئێستا ئەو تیاترانەی كە كوردەكان پێشكەشی دەكەن كەمێكی لە تیاترە گەورەكانی ئێرانو دونیا نیە.

**پ: زمانی شانۆیی دەبێت چ تایبەتمەندیەكی خۆی هەبێت؟**

و: باش وایە لێرەدا بڵێم زمانی تیاتری چونكوو شانۆ هەڵەیە، شانۆ لە فەرانسەوە وەرگیراوەو خوالێخۆشبوو گۆران هێناویەتی نێو زمانی كوردیەوە. شانۆ ئەو شوێنەیە كە تیاترەكەی تێدا پیشان ئەدەیت، كە ئێمە "سێن" یان سەكۆی پێ دەڵێین، كەوایە جوانتر وایە لە خودی وشە تیاتر یان نمایش كەڵك وەربگرین. بەهەر شێوەیەك زمانی نمایش زمانێكی ئەدەبیەو بەپێی شێوازە جۆراوجۆرەكان تایبەتمەندی جیاوازی هەیە. تیاتر زمانی قسەكردنی خەڵك بە شێوەیەكی زانستیو هەروەك كە ئاماژەم پێ كرد ئەدەبیە.

**پ: پێت وایە شتێك هەبێت بەناوی قەیرانی شانۆ لە كوردستان ئەگەر هەیە هۆكارەكانی چینو چارەسەری چیە؟**

و: بێگومان هەر ئێستا كە ولامی پرسیارەكانی ئێوە ئەدەمەوە تیاتر لە كوردستاندا تووشی قەیرانە، جا هەر پارچەیەكی كوردستان قەیرانی تایبەت بەخۆی هەیە. لە كوردستانی ئێران بەهۆی دەسەڵاتی ئەحمەدینەژاد ئێستا نێوەرۆكی ئەو تیاترانەی كە پیشان دەدرێن لەلایەن بەرپرسانەوە دیاری دەكرێن و بەهۆی نەبوونی ئامراز و كەرەستەی پێویستو پاڵپشتی ماڵیو لە هەمووی گرینگتر ئازادی بیروڕا تیاتر تووشی قەیرانێكی بنەمایی بووە. لە كوردستانی عێراقیشدا بەهۆی نەبوونی بینەر تووشی قەیران بووە، لە كوردستانی توركیەشدا هەردووی ئەوم فاكتەرانە بەرچاو دەكەون. كەوایە تیاتر لە كوردستاندا ئێستا لەگەڵ قەیرانی بوونو نەبوون رووبەروو بوەتەوە. دەوڵەتە دژە كوردەكان لە تیاتر و پەرەسەندنی هەستی شۆرگێرانە زۆر دەترسنو ئەمە بووەتە هۆی چەرمەسەری تیاتری كوردی.

**پ: لەناو رێبازە شانۆییەكاندا چ رێبازێك لەگەڵ كەشوهەوای ئێمە گونجاوە تا دەرهێنەری كورد پشتی پێ ببەستێ؟**

و: بە باوەری من هەڵبژاردن و دەستنیشان كردنی شێوازەكان دەگەرێتەوە بۆ دەرهێنەرەكان بەڵام ئەوەیكە بەرچاو بێت بەپێی تواناو دەرفەتی پێویست ئێمە دەتوانین لە هەموو شێوازەكان سوود وەربگرین. من وەك خۆم بۆ ئێستای كوردستانی ئێران تیاتری گروتیفسك پێشنیار دەكەم. كە هەم پێشكەوتووەو هەم لە بنەمایدا پێویستی بە هیچ جۆرە كەلوپەلێك نییە.

**پ: هونەر چەندە لەگەڵ مێژوودا تێكەڵە؟**

و: مێژوو لە هونەردا خاوەن ژانرێكی تایبەتیە چونكوو ئێمە هونەری مێژوویمان هەیە، تیاتری مێژوویمان هەیە، تیاتری مەزهەبیو تیاتری كۆمەڵایەتیمان هەیە. هونەر لەگەڵ مێژوودا دۆستە بەڵام لەگەڵ سیاسەتدا ململانێی هەبووەو ئێستاش هەیەتیو لە داهاتووشدا هەر دەیبێت. بەرای من هونەر بەشێكە لە مێژوو.

**پ: چ بەڵگەیەكی نووسراوە یا دیكۆمێنتی هەیە كە بیسەلمێنێ كورد لە شانۆدا رەوتێكی مێژوویی هەیە؟**

و: بەگشتی هونەری تیاتر تەمەنی لەلای كورد نەگەیشتوەتە ١٠٠ ساڵ ئەوەشی كە وەك بەڵگە وا بێت كۆمەڵێك نووسراوەیە كە بە ئێمە دەڵێن یەكەمین تیاتر لە شاری سنە ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی لە كاروانسەرایەكدا پیشان دراوە. دواتریش لە سەردەمی كۆماری كوردستاندا. لێرەدا من "بووكە بارانیو كۆسە" بە نمایش دانانێم ئەگینا مێژووی بووكە بارانێو كۆسە دەگەرێتەوە بۆ سەدان ساڵ لەمەوبەر.

**پ: تا چەندە تكنیكی شانۆ، تەكنۆلۆژیای رۆژئاوایی بۆ دەرهێنەری كورد دەستەبەر بووە لە دارشتنی شێوازی ئەو نمایشانەی كە پێشكەشی كردوە؟**

و: وەك تیۆری زۆربەی شێوازە تیاتریەكانی دونیا وەرگیراونەتەوە سەر زمانی فارسیو دەرهێنەرو هۆگرانی نمایشیش سوودی لێ وەردەگرن. بەڵام كەڵك وەرگرتن لە تكنۆلۆژیای رۆژئاوایی پێویستی بە پارەیەكی زۆرە ئەمەش بۆ دەرهێنەری كورد لە كوردستانی ئێراندا دەستەبەر نابێت. بەڵام دەرهێنەرە كوردەكان لە تاران زۆر سوودی لێ وەردەگرن. بۆ وێنە بێهرووزی غەریب پوور لە نمایشی "روستەمو سوهراب"دا بوكلەكانیان لە ئوتریش بۆ دروست كردبوو تەنانەت دێكوراتۆرەكەشی ئۆتریشی بوو. هەربۆیە لە دارشتنی دەقە نمایشیەكاندا لە شێوازە نوێكان كەڵك وەردەگرن بەڵام بۆ پیشاندانی ناچارن وەك كوردێكی بێكەرسەو ئامراز بیربكەنەوە. ئەلبەت لە ناوچەی كوردستاندا نەك تاران.

هەڤپەیڤین: دارا ناتق

**پ: لەم داوییانەدا باسێك هاتۆتە ئاراوە كە دەڵێن كورد هێشتا خاوەنی سینما نییە، هەندێكیش دەڵێن خاوەنی سینمای خۆیەتی، بەرێزتان دەڵێن چی؟**

و: منیش لەسەر ئەو بروایەم كە كورد هێشتا خاوەنی سینما نیە، چونكوو لە تەواوی كوردستاندا لابراتوارێكی سینمایی نابینیت. تەنیا هەبوونی سالۆنی سینماو دروست كردنی چەند فیلم بە زمانی كوردی یان خود ناسنامەی كوردی نابێتە هۆی ئەوەی كە ئێمە بڵێین كورد خاوەنی سینمایە. ئێمە وەك كورد هێشتا ئاكادێمیای سینمامان نییە. بەڵام لەم ساڵانەدا چەند دانەیەك فیلمی بەهێزی كوردی دەرچووە كە هەروەك پێشتر گوتم ئەمە نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەی بڵێین ئێمە خاوەنی سینمایەكی سەربەخۆین. تەواوی كوردستان بگەرێ چەند دانە كامێرای سینەمایی تێدا نیە، تەنانەت چەند ئاپاراتی مۆدێرنیشی تێدا نییە. ئیتر بۆ خۆمان لێكی بدەینەوە كە ئایا ئێمە وەك كورد خاوەنی سینماین یان نا.

**پ: بۆ ئەوەی بزاڤی سینمای كورد بەرەوپێش بچێت لەرووی هونەریو فەننیەوە چ كەرەستەیەكی پێویستە؟**

و: ئێمە پێش هەموو شتێك پێویستیمان بە زانستی سینماییەو بۆ ئەم كارەش دەبێت ئاكادێمیاو كولێژی سینمامان هەبێت. دواتر پێویستمان بە چەند دانە لابراتواری سینمابییە. پاش ئەمانە پێویستمان بە دەیان كامێرای مودێرنو تایبەتی سینماو دروست كردنی فیلمی سینماییە. لە دوایشدا پێویستمان بە نووسەرو دەرهێنەر و ئەكتەر و گرووپی تكنیكی سینماییە. ئێمە بەداخەوە هێشتا كومپانیایەكی بەرهەمهێنانی فیلمی سینماییمان نیەو هەرچی فیلم بە زمانی كوردیش دروست كراوە بەرهەمی كومپانیا غەیرە كوردەكانن. لە هەمووش گرنگتر سالۆنی سینمایە كە بەداخەوە لە تەواوی كوردستاندا ٥ دانە سالۆنی ستانداردی سینمایی تێدا نیە.

**پ: پێت وایە سینمای كوردی توانیویەتی لە سەدەی ٢١دا پێشكەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێ؟**

و: لە وەڵامی پرسیارێكدا پێشتر گوتم ئێمە سینمای كوردیمان نیە. تەنانەت ئەگەر پیشاندانی رەنج و بەدبەختی نەتەوەی كورد و دواكەوتوویی لە بواری فەرهەنگیو كۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریدا ببێتە ژانرێك بۆ سینمای كوردی، وەك خۆم حەزم لەو سینمایە نییە. سەیر كەن ئێمە سینمای هالیوودمان هەیە كە بە هەموو شێوەیەك چوارچێوەیەكی ناسراوە، سینمای پالیوودیشمان هەیە كە ئەویش بە هەمان شێوە. بەڵام جارێكی دیكە دەیڵێمەوە تەنیا بە دروست كردنی چەند فیلمێك بە زمانی كوردی كە تەنانەت فكریەتیشیان كوردی نییە، ئێمە خاوەنی سینمای كوردی نین، بەڵام ئەگەر روانگەی دەرهێنەرە كوردەكان كە ژمارەشیان بە ٤ كەس ناگات بە نیسبەت واقعێیتەكانو هەلومەرجی ئێستای كوردستان بگۆڕدرێت، هیوادارم لە دوارۆژدا دیمەنێكی جوان لە نەتەوەی كورد ببینینو بتوانین پێناسەیەك بۆ سینمای كورد ساز بكەین.

**پ: سینمای كورد لەم دواییانەدا توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە ئاستێكی نێونەتەوەییو لە زۆربەی فستیڤاڵە جیهانیەكاندا بەشدار بێت و سەركەوتنی بەچاو وەدەست بێنێ، ئێوە ئەو سەركەوتنانە چۆن دەبینن؟**

و: بەڵێ ئەمە راستە بەڵام نەوەك سینمای كورد وەك سینمای ئێران، چونكوو ئەو چەند فیلمەی كە لە بەناوبانگترین فستیڤاڵەكانی جیهان وەك كەن و سەن سێباستیان بەشدار بوون بە نوێنەرایەتی لە سینمای ئێرانەوە بەشدار بوون هەرچەند ناوەرۆكی فیلمەكە باسكردن لەسەر كێشەكانی كورد بوبێت. بەرای من ئەم دەستكەوتانە ئامانجێكی دیكەیان سەرەرای ئاستی هونەری لە پشتدا بووە كە لێرەدا نامهەوێت بە هیچ شێوەیەك باسی لەسەر بكەین. بەڵام بەگشتی جێگەی خۆشحاڵی و رەزامەندیی نەتەوەی كوردە كە كوردێك لە ئاستێكی نێونەتەوەییدا دەتوانێت بە باشترین شێوە خۆی پیشان بدات، هەرچەند بە قیمەتی قوربانی كردنی فەرهەنگی نەتەوەكەی.

**پ: دەڵێن بەهمەنی قوبادی پاڵەوانی سەركوتووی سینمای كوردیە، ناوبراو رۆحێكی نوێی دا بە سینمای كورد و هەروەها توانی لە رێگای هونەری خۆیەوە دەنگی بەشخوراوی گەلی كورد بە جیهان بگەیەنێ. ئێوە راتان لەو بارەوە چیە؟**

و: ئەمە هەڵگری باسێكی یەكجار قووڵ و درێژەو دەكرێت تەنیا ئەم پرسیارە ببێت بە بابەتێك بۆ وتووێژ كردن. من لێرەدا تەنیا باسی بۆچوونی خۆم دەكەم. بەڵێ ئەمە راستە كە بەهمەنی قوبادی ئێستا یەكێك لە گەورە پیاوانی سینەمایە. بەڵام بەرای من بەهمەن قوبادی لەگەڵ رەنجو ئازار و هەژاریو نەداری میللەتی كورد مامڵەی كرد و بۆ ناساندنی خۆی فەرهەنگی كوردی بەتایبەت لە زەمەنێك بۆ مەستی ئەسپەكان گەرانەوە هاوئاستی خودجێكانی ئامازۆن. بەختیاریو رزگاری كوردی لە كیسەڵەكانیش هەڵدەفرن قوربانی ماستریای كۆماری ئیسلامی كرد. من پێم خۆشە ئێوە "تەختەی رەش"ی سەمیرا مەخمەلباف چاو لێ بكەن لە سێكانسێكدا بەهمەن قوبادی بۆ خۆی كایەی تێدا دەكات، ئەوكات فانتزیای قوبادی هەڵسەنگێنن كە لەو فیلمەدا یاریدەدەری یەكەمی دەرهێنەر بووە. گۆرانییەكانی نیشتمانی دایكیم سەیر كەن... لەپاڵ ئەمانەشدا وەرن سەیری فیلمی " چریكەی هەورام"ی مێهرانفەر بكەن كە كوردیش نیەو پیشاندانی فیلمەكەی لە سینماكان دا قەدەغە كرا تا بۆتان دەربكەوێت فیلمی كوردیو فكریەتی كوردی چیە؟ سەیری دیوار و رێگای یەلماز گۆنای بكەن. بەداخەوە هێشتا نیوەی مانگم نەبینیوەو ناتوانم لەسەر دوایین بەرهەمی قوبادی قسە بكەم بەڵام هیوادارم وەك فیلمەكانی پێشووی نەبێت، چونكوو ئەگەر تەنیا لەباری سەمبۆلیكەوە بێم كیسەڵەكان هەڵدەفرن شی بكەمەوە بێگومان بن لە بەراوەردەكانی خۆتان بە نیسبەت بەهمەنی قووبادی تووشی دوردۆنگی دەبن. بەڵام سەرەرای ئەمانە من وەك كەسێك كە بەهمەنی قوبادی لە سەرەتای ساڵەكانی ٧٠وە دەناسم، رێزێكی تایبەتیم هەیە بۆیو هیوادارم رۆژێك ببێتە خاوەنی خەڵاتی ئۆسكار و وەك خۆم دووری نابینم. ئەگەر، وەك خۆی و بۆ كورد بیر بكاتەوە.

**پ: بەگشتی پێتان وایە شانۆ و سینمای كورد چەندە توانیویەتی لەسەر پێشڤەچوونی رەوتی بزاڤی رزگاریخوازی گەلەكەمان كاریگەر بێت؟**

و: هیوادارم لە داهاتوودا رۆڵێكی ئەكتیف بگێرێت. چونكوو "ئارتۆ" گوتەنی: تیاتر شێعری شۆرشە... سینماش بە بروای من گەلێك لە تیاتر بەهێزترە.

**پ: دوا قسەتان بۆ هۆگرانی هونەر و سینمای كوردی چیە؟**

و: ئاواتەخوازی سەركەوتنیانم لە هەموو بوارەكانی ژیانیاندا و سوپاسی ئێوەش دەكەم كە ئەم دەرفەتەتان بۆ من رەخساند. هەر بژین و سەركەوتووبن.

***



# حەماس لە تەریککەوتنەوەی هەرچی زیاتردا

سەلاح مورادی

زاڵبوونی ڕێکخراوی حەماس بەسەر تەواوی لێواری غەززەدا لە ئاکامی شەڕو تێکهەڵچوونە خوێناوییەکانی نێوان دوو ڕێکخراوی فەتح‌و حەماسدا ڕەوشی فەلەستینییەکانی بردۆتە قۆناخێکی نوێوە. دوولەتبوونی خاکی فەلەستین جیا لەوەی کە ڕەوتی ڕاوەستاوی ئاشتیی بە تەواوی لاوازکردوە، بۆتە هۆی لە مەترسی کەوتنی سەرجەم هەوڵەکانیش بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینی.

کودیتای حەماس‌و دەرکردنی فەتح لە لێواری غەززە، هەروەها بۆتە هۆی پێکهاتنی بەرەیەکی پێکهاتوو لە وڵاتانی عەرەب‌و ڕۆژئاوا‌و تەنانەت ئیسرائیل بۆ پشتیوانی لە مەحموود عەبباس، سەرۆکی حکومەتی خودموختاری فەلەستین‌و تەریکترخستنەوەی حەماس لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەم وڵاتە. تەنیا حکوومەتێك کە ڕاستەوخۆ لەم کردەوەیەی حەماس پشتگیری کرد، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو. ڕێژیمێك کە هەمیشە لە حماس بۆ پێکهێنانی گرژی‌و ئاڵۆزی لە نێوان ئیسرائیل‌و فەلەستیندا‌و شکستهێنان بە پرۆسەی ئاشتی کەڵکی وەرگرتوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەروەها لە لایەن بەرپرسانی ڕێکخراوی فەتح‌و هێندێ لە وڵاتانی عەرەبی، وەك میسرو ئۆردۆن ڕاستەوخۆ‌و ناڕاستەوخۆ بەوە تۆمەتبارکراوە کە لە ڕێگەی دانی چەك‌وچۆڵ‌و یارمەتیی چەندین میلیۆن دۆلاری بە حەماس، ئەم ڕێکخراوەی بۆ کودیتا لە دژی فەتح هانداوە.

پاش سەرکەوتنی حەماس لە هەڵبژاردنەکانی فەلەستیندا‌و پێکهێنانی دەوڵەت لە لایەن ئەم ڕێکخراوەوە، پێداگریی حەماس لەسەر گرتنە دەستی ئۆرگانی ئەمنییەتی‌و ئینتیزامییەکانی فەلەستین بوە هۆی سەرەکیترین ناکۆکیی نێوان ڕێکخراوی ناوبراو و فەتح. بە جۆرێك کە دواتر پێکهێنانی دەوڵەتی یەکگرتووی نەتەوەیی بە بەشداریی حەماس‌و فەتح‌و لایەنەکانی دیکە نەیتوانی لە چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییەدا کاریگەربێ. ناکۆکییەك کە زۆربەی کارناسانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین وەك هۆکارێکی سەرەکیی شەڕو تێکهەڵچوونەکانی نێوان فەتح‌و حەماس باسی دەکەن. جیالەوەش لەسەر بەفەرمیی ناسینی ئیسرائیل، وازهێنان لە توندوتیژی‌و تێرۆرو بە فەرمیی ناسینی ڕێککەوتننامەکانی ئاشتی لە نێوان فەتح‌و حەماسدا بە تەواوی ناکۆکی هەیە کە دەبێ وەك هۆکارێك لە ڕوودانی تێکهەڵچوونەکاندا لەبەرچاوبگیرێن. هەروەها حەماس وەك ڕێکخراوێکی توندڕەوی ئیسلامی، توندوتیژی بەشێك لە سروشتیەتی کە ناتوانێ وەك ڕێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بەکاری نەهێنێ.بە شێوەیەك کە باس لەوە دەکرێ حەماس لە ڕەوتی تێکهەڵچوونەکاندا بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە‌و نامرۆڤانە ئەندامان‌و لایەنگرانی فەتحی کوشت‌و بڕ کردوە.

کاربەدەستانی حەماس تەریکخستنەوەی ئەم ڕێکخراوە لە ئاستی نێونەتەوەیی، ناکارابوونی دەوڵەتانی عەرەبی لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو لایەن‌و نەگەیاندنی یارمەتیی ماڵی بە دەوڵەتی حەماس بە هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی توندوتیژییەکان دەزانن. لە کاتێکدا ئەوە لەبەرچاوناگرن کە پێداگریی حەماس لەسەر سیاسەتە هەڵەکانی‌و نەگۆڕینیان سەرەڕای گوشارە جۆراوجۆرەکان بۆتە هۆی گرتنەبەری وەها هەڵوێستێك لە لایەن ئەو وڵاتانەوە. هەر بۆیە هۆکاری سەرەکیی تێکهەڵچوونەکان دەگەڕێتەوە بۆ نەگۆڕینی سیاسەتەکانی حەماس‌و خۆهاوئاهەنگ نەکردنی ئەم ڕێکخراوە لە تەك ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا. ئاکامی ڕووداوەکان بۆتە هۆی زیاتر تەریککەوتنەوەی ڕێکخراوی حەماس‌و پشتگیریی زیاتری وڵاتانی عەرەبی‌و ڕۆژئاوایی لە فەتح‌و مەحموود عەبباس. هۆیەکانی ئەوەش کە حەماس لە لایەن وڵاتانی عەرەبی بە تایبەت میسرو ئۆردۆنەوە پاڵپشتیی لێ نەکراوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم وڵاتانە لە ڕێککەوتننامەی ئاشتییان لەتەك ئیسرائیلدا مۆرکردوەو ناتوانن لە ڕێکخراوێك کە خوازیاری لەناوبردنی ئیسرائیلە پشتیوانی بکەن. هەروەها ئەم وڵاتانە پەرەگرتنی نفووزی ئیسلامییەکان بە هۆی ئەوەی کە حەماس لقێك لە "اخوان المسلمین"ە دەترسن‌و جیا لەوەش بە هۆی ئەوەی کە حەماس ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە پشتگیری لێ دەکرێ لە پەرسەندنی نفووزی ئێران نیگەرانن.

سیاسەتی تەریکخستنەوەی حەماس بە هۆی ئەوەی کە ئەم ڕێکخراوە لە لایەن وڵاتانی ئێران‌و سووریەوە پشتگیریی لێ دەکرێ، پێناچێ حەماس ناچار بە ملکەچبوون‌و گۆڕینی سیاسەتەکانی بکا‌و ئەگەری ئەوەش هەیە ئەم ڕێکخراوە بۆ گرتنەبەری کردەوەی توندوتیژانە‌و تێرۆریستی زیاتر هان بدا. هەر بۆیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی حەماس دەبێ گوشارێکی زیاتر بۆ وازهێنان لە پاڵپشتی کردنی ئەم ڕێکخراوە بخرێتە سەر ئێران‌و سووریە.

دەستپێکردنەوەی هەوڵەکان بۆ بردنەپێشی پرۆسەی ئاشتی لە کاتێکدا سەردەکەوێ کە کێشەی حەماس چارەسەربکرێ. تا حەماس وەك ئامرازێك بۆ پێشگرتن لە پرۆسەی ئاشتی کەڵکی لێوەربگیرێ‌و سیاسەتەکانی لەم ڕێڕەوەدا بن، وێناچێ هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی ئاشتی بە ئاکامێکی وەها بگەن. هەروەها پشتیوانی لە فەتح‌و بەهێزکردنی ئەم ڕێکخراوە لە بەرانبەر حەماسدا لە کاتێکدا شوێندانەر دەبێ کە فەتح پشتگیریی زۆرینەی خەڵکی فەلەستینی لەگەڵ بێ، پشتگیرییەك کە فەتح بە هۆی گەندەڵیی ماڵی‌و ئیداری لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردوودا لە دەستی دا.

هەرچەند سیاسەتی میانەڕەوانەی فەتح‌و هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی ئاشتی لەتەك ئیسرائیلدا بوونەتە هۆی ڕاکێشانی پشتیوانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی‌و تەنانەت ئیسرائیل لەم ڕێکخراوە، بەڵام ئەم پشتیوانییە بۆتە هۆی ئەوە کە بەشێك لە فەلەستینییەکان بە گومانەوە لە فەتح بڕوانن‌و ناوبراو وەك ڕێکخراوێکی جیددی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان نەبینن.

ئێستا لە فەلەستیندا دوو دەوڵەت لەسەرکارن، دەوڵەتی کاتیی سەلام فەیاز لە بەشی ڕۆژئاوای چۆمی ئۆردۆن‌و دەوڵەتی هەڵوەشاوەی ئیسماعیل هەنیە لە لێواری غەززە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم دوو ڕێکخراوە خاوەن دوو سیاسەت‌و هەڵوێستی دژبەیەك‌و ناتەبان، هەوڵەکان بۆ دەست پێکردنی وتووێژ لە نێوانیاندا پێ ناچێ سەربگرن‌و ئەگەریش سەربگرن وێ ناچێ بە ئاکامی ئەوتۆ بگەن. هەر بۆیە باشتر وایە بۆ پێشگرتن لە دووپارچەبوونی فەلەستین‌و کۆتاییهێنان بەم دۆخە هەردوو لایەن، لەسەر بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی پارلمانی لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕێك بکەون تا خەڵکی فەلەستین بڕیاربدەن سیاسەت‌و هەڵوێستەکانی کام لایەن، بۆ چارەسەکردنی کێشەکانیان پەسەنددەکەن‌و هەروەها هەردوو ڕێکخراوەکە بە ئاکامی هەڵبژاردنەکە بەڵێندەربن‌و ڕێز بۆ دەنگی وزۆرینەی خەڵکی فەلەستین دابنێن.

بە گشتی حەماس بە کودیتا لە دژی فەتح لە لایەك بۆتە هۆی تەریککەوتنەوەی فرەتری خۆی و لە لایەکی دیکەشەوە فەلەستینی بردۆتە بەردەم شەڕێکی نێوخۆیی. هەروەها بۆتە هۆی لەگەمارۆی ئابووریی کەوتنی لێواری غەززە کە ئەگەری ئەوەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لەگەڵ قەیرانێکی ئابووری‌و مرۆڤیدا بەرەوڕووبن زۆر دوور نیە.

❊❊❊




# ١٨ی پووشپەڕ، سێمبولی ئازادیخوازی خوێندکارانی ئێران

وریا ڕەحمانی

١٨ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی هێرشی بەرفراوان‌و پڕ توندوتیژیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ "کوی دانشگاه تهران"ە، ڕووداوێك کە خۆپیشاندان‌و ناڕەزایەتیی پڕ ڕق‌و کینەی خەڵکی لێکەوتەوە‌و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ مەزنترین‌و کەم وێنەترین ناکۆکی قۆناخی دەسەڵاتداریی خۆی ڕووبەڕوو کردەوە.

لە ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی، هێزە سەربازی‌و چەکدارەکانی ڕێژیم لەژێر فەرمانی ئایەتوڵڵا خامنەیی، بە مەبەستی سەرکوت کردنی خوێندکاران‌و قەڵاچۆکردنی بزووتنەوەی خوێندکاری، بە بیانوی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی خوێندکاری بۆ ناڕەزایەتیی دەربڕین لە داخرانی ڕۆژنامەی "سەلام"و ڕوو لە زیادبوونی گوشار لەسەر چاپەمەنی‌و ڕۆژنامەنووسانی ئازادیخواز، هێرشیان کردە سەر "کوی دانشگاه تهران"و وێڕای کاولکردن‌و ئاگردانی شوێنی حەسانەوەی خوێندکاران، دەیان خوێندکاریان شەڵاڵی خوێن کرد. ئەم ڕووداوە بوو بە بیانوی زەنجیرەیەك خۆپیشاندان‌و ناڕەزایەتیی لە ئێراندا‌و بزاڤێکی پێکهێنا کە بە ماوەی یەك حەوتوو وڵاتی ئێرانی تەکان دا‌و وێڕای نیگەران کردنی هەموو باڵەکانی ڕێژیم، ڕەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی لە نێو بیروڕای گشتی خەڵك‌و میدیا نێونەتەوەییەکاندا پەیدا کرد‌و حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی هەتا قۆناخی ڕووخان بردە پێش. لە ئەم ڕۆژەدا، بە هەزاران خوێندکار ڕژانە سەر شەقامەکان‌و ژمارەیەکی زۆر لە لاوان‌و ژنان‌و پیاوان لە هەموو توێژێکی کۆمەڵگا پشتیوانیان لێ‌کردن. خۆپیشاندەران خوازیاری گۆڕینی ڕێژیمی سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی بون‌و بە وتنەوەی کۆمەڵێك درووشم وەك "ڕێبەری بێ لیاقەت، هۆکاری هەر جینایەت"، "خامنەیی شەرم بکە، واز



لە ڕێبەری بێنە"، "ئەنسار جینایەت دەکا، ڕێبەر پاڵپشتی دەکا"، "بژی ئازادی، نەمان بۆ سەرەڕۆیی"و "بکوژانی فرووهەر، لەژێر عەبای ڕێبەر" بە ڕاشکاوی دوژمنایەتیی خۆیان لەگەڵ سیستمی ویلایەتی فەقیەو خودی ئایەتوڵڵا خامنەیی، دەربڕی.

ئەم ڕاپەڕینە مەزنە، هەرچەند کە بە هۆی دژی هێرشی بێ بەزەییانەی ڕێژیم، سەرکوت کردنی بە زەبرو زەنگی خەڵك‌و دادگایی کردنی چالاکان‌و ڕێبەرانی بزووتنەوەی خوێندکاری، تووشی هەرەسهێنان بوو، بەڵام لاپەڕەیەکی نوێی لە خەباتی هەقخوازانەی خەڵکی ئێران هەڵدایەوە. بزاڤی ١٨ی پووشپەڕ نەتەنیا بزوتنەوەی خوێندکاری، بەڵکوو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە وەك بزوتنەوەی ژنان‌و مامۆستایان‌و کرێکارانی خستە ژێر کاریگەریی خۆیی‌و هانی دان. لەمە زیاتر، گرینگترین دەسکەوتی بزووتنەوەی ١٨ی پووشپەڕ ئەوە بوو کە توانی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی خوێندکاراندا بکاتەوە. بزوتنەوەی خوێندکارانی ئێران، پاش "شۆڕشی فەرهەنگی"و گیران‌و ئێعدامی خوێندکارانی ئازادیخواز، مەنگ مابوو، بەڵام لە ١٨ی پوشپەڕدا، نەوەیەکی نوێ هاتە نێو گۆڕەپانی بزوتنەوەی خوێندکاری کە داخوازییەکانی لە چوارچێوەی داخوازیی چینایەتی‌و پیشەیی چوو بوە دەرەوە‌و لە کۆتایشدا توانی ڕۆڵی مێژوویی خۆی لەم بوارەدا ببینێ.

١٨ی پووشپەڕ، ڕۆژی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەریی نەتەوەیی بۆ ڕوخانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، قۆناخێکی گرینگ بوو کە تێدا خەڵك پیشانیان دا دژی کۆماری ئیسلامین‌و خواستی بنەڕەتییان نە چاکسازی لە نێو ڕێژیم دا، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی بێ ئەملاولای ڕێژیمە. لەو ڕۆژەدا، خەڵك بە ڕاشکاوی بڕیاری بەرخۆدان‌و خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی دەرکرد‌و هەردوباڵی حکومەتی دەسەڵاتداریش، لەپاڵ یەکدا ڕاوەستاون‌و خەڵك‌و خوێندکارەکانیان سەرکوت کرد.

لەم ساڵانەی دواییدا، خەبات‌و تێکۆشانی بزووتنەوەی خوێندکاری بۆ پاراستنی ئامانجە دێموکراتیك‌و ئازادیخوازەکان، پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێ. بزاڤی خوێندکارانی زانکۆی پیشەسازی "ئەمیرکەبیر" لە ٢٠ی سەرماوەزی ١٣٨٥ی هەتاوی، کە لەودا خوێندکاران دروشمی "نەمان بۆ دیکتاتۆرەکان" گوتەوە‌و وێنەکانی ئەحمەدی‌نەژادیان ئاگر تێبەردا، سەلماندی کە بزوتنەوەی خوێندکاری هێشتا زیندوو‌و خۆڕاگرە. هەر بۆیە، حکومەتی کۆماری ئیسلامی بە شێوازگەلی جۆراوجۆر، خوێندکاران دەخاتە ژێر گوشارو سەرکوت‌و قڕکردن‌و دەیانگرێ، ئەشکەنجەیان دەدا‌و زیندانیان دەکا. کاربەدەستانی ڕێژیم بە هۆی دەمارگرژی‌و دواکەوتویی بیرو هزریان، لەباتی داننان بە هۆیەکانی نەیاری کۆمەڵگای خوێندکاری‌و خەڵکی ئێران بە گشتی، وەك جاران لە تەنها ڕێگای ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئەم قەیرانە واتا زەبروزەنگ‌و سەرکوت‌و ترساندن‌و تۆقاندنی خەڵك کەڵك وەردەگرن.

لە ساڵی ١٣٧٨ وە هەتا ئێستا، ١٨ی پووشپەڕ بوە بە ڕۆژی یەکگرتن‌و سێمبوڵی خۆپیشاندان‌و دەربڕینی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

ئەمڕۆ لە بەرامبەر گوشارو هەڕەشە ئاشکراو نهێنییەکانی ڕێژیم، دەبینین کە خوێندکاران بە شێوازگەلی جۆراوجۆر، هەموو ساڵێك ئەم ڕۆژە زیندو ڕادەگرن. بانگهێشت کردن‌و هەڕەشەکردن لە چالاکانی خوێندکاری لە کاتی نزیکبوونەوەیی ساڵڕۆژی ١٨ی پووشپەڕو داخستنی پێش لە وادەی زانکۆکان، بە هۆی ترسی ڕێژیم لە دوبارەبوونەوەی ڕاپەڕینی خوێندکاری ١٨ی پووشپەڕێکی دیکەیە.

ئێستا بە نزیکبوونەوەی ئەم ساڵڕۆژە، بەربەرەکانێ خەڵکی ئێران لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێ. توێژو چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا خۆیان بۆ ڕێزلێنان لەم ڕۆژە ئامادە دەکەن. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش، بە هەموو شێوەکان، خۆی بۆ سەرکوت کردنی خەڵك زۆرتر لە جاران ئامادە دەکا. مردووراگرتنی ڕاپەڕینی ١٨ی پووشپەڕ، ئامانجی کۆماری ئیسلامییەو زیندووراگرتنی ئەرکی سەرشانی ئێمەیە.

❊❊❊

# مادده سڕکەرەکان، سیاسەتی دووفاقی و کۆمەڵگای کوردستان

عارف نادری



پێنجەمی مانگی پووشپەڕ، رۆژی جیهانیی بەربەرەکانێ لەگەڵ مادده سڕکەرەکانە. ئەو ماددانە خاوەنی مێژوویەکی لەمێژینەن، بە جۆرێکە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سومرییەکان (٤٠٠ پ. ز) باسی خەشخاش و لە نووسراوە یونانیەکان (٨٠٠ پ. ز) باسی تریاك هاتۆتە ئاراوە، هەروەها مێسرییەکان، چینییەکان، هندوراسەکان و سەربازانی ئەسکەندەری مەقدونی و ... بەکاریان هێناوە.

بەڵام ئەمڕۆکە لەبەر بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی بەربڵاوی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان و خەسارەکانی، بۆتە گرفتێکی گشتی و هاوهەڵوێستییەکی نێونەتەوەیی دەوێ. چونکە هەر رۆژ وێڕای گیان لەدەستدانی هەزاران مرۆڤ، میلیۆنان کەسیش بەرەو هەڵدێر و زۆنگاوی تیاچوون دەکێشێنێت. ئەو مەواددە بە چەشنی جۆراوجۆر وەکوو (تریاك، مۆرفین، هێرۆئین، بەنگ، چەرس، حەشیش، گراس، ماری جوانا، کۆکائین و ...) دەخرێتە بازاڕە جیهانییەکانەوە. بە پێی راپۆرتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئێستاکە زیاتر لە ٢٢٠ میلیۆن کەس لە جیهاندا تووشی مادده سڕکەرەکان هاتوون، کە هاوکات بۆتە ئامیانی زیاتر لە ٥٠٪ تاوانەکان بەشێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە هەبوونی مەواد دەبەسنەوە، واتا بەکارهێنانی زیاتری رێژەی تاوان و پێشێلکردنی یاسا دەباتە سەرەوە.

مادده سڕکەرەکان ئێستاکە بە زۆرایی لە وڵاتانی ئەفغانستان، بێرمە و تایلەند، ئەمریکای باشووری بەتایبەت کۆلۆمبیا، پرۆ و بۆلیوی و وڵاتەکانی هیند، پاکستان، تورکیە و لۆبنان و ... بەرهەم دێت، کە زیاتر بۆ وەدەسخستنی قازانجی فراوانی ئابوورییە نەك پێویستیی بەکارهێنان، چونکە وڵاتانی بەرهەمهێنەر بە بەراورد لەگەڵ دراوسێیەکانیان، رێژەی گیرۆدەبوونیان لە ئاستێکی نزمتردایە، بۆ نموونە ئەفغانستان لەم ساڵانەی دواییدا لە پاڵ ئەوەی کە ٧٨٪ مەواددی دنیای دابین کردوە، خاوەنی کەمترین گیرۆدەییە، بەڵام لە بواری قازانجەوە ٣ میلیارد دۆلاری لە ساڵا بەدەست هێناوە. لە ئاستی دنیاشدا بە پێی بەراوردکارییەکان قازانجی ساڵانەی مەواد تا ساڵی ٢٠١٥ بە ٧ تریلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێ، واتە کڕین و فرۆشی مەواد پاش فرۆشتنی نەوت، دووهەمین بازاڕی مەزنی بازرگانیی جیهانی بۆخۆی کردوە.

ئێران بەهۆی هاوسێیەتی لەگەڵ ناوەندەکانی بەرهەمهێنەر زۆرترین کەڵکی لە تریاك و لێکەوتەکانی وەرگرتوە، بە جۆرێك کە گەورەترین بەرخۆری تریاکی دنیایە و رادەی بەکارهێنانی رۆژانەی ٣/٧ تۆنە، کە ساڵانە بە ١٤٠٠ تۆن مەزەندە دەکرێ. لەمبارەوە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نزیکەی دوو ساڵ بەر لە ئێستا بڵاوبوونەوەی ئێعتیادی لە ئێران ٢/٨٪ راگەیاندو گوتی بەرزترین رێژەی موعتادی لە جیهاندا هەیە، کە جگە لە خەسارە مرۆییەکان، ساڵانە ١٠ هەزار میلیارد تمەن زیان لە ئێران دەدا کە هاوتای ٢٩٪ی تەواوی داهاتی ناخالیسی میللی و ١/٥ بەرابەریماڵیاتێکە کە دەسەڵات لە خەڵك وەریدەگرێ. هەروەها بە پێی ئەو ئامارانەی کە لەبەر دەستدان،، لە درێژایی ١٨ ساڵی رابردوودا، نزیکەی ٤٨ هەزار و ٥٠٠ تۆن ماددەی سڕکەر هاتۆتە ئێرانەوە کە تەنیا ١٢٪ی دەستی بەسەردا گیراوە و رادەی دۆزینەوەی ساڵانەی نزیکەی ٣٦٠ تۆنە، واتا بە شێوەیەکی گشتی، هەمیشە ١٠ تا ١٥٪ی مەواد دەستی بەسەردا گیراوە، تەنانەت بە



وتەی هێندێك لە کارناسان، مەوادی دەست بەسەرداگیراو، لە راستیدا پاشماوەی بەکارنەهاتووی بەرخۆرەکانە، لەبەر ئەوەی موعتادەکان کەمتر لە ٢٠ خولەك دەستیان بە مەواد رادەگا کە نیشانەی زێدەبوونی مەواد و جموجۆڵی سەرەمڕی تاقمانی فرۆشیارە.

بە درێژایی مێژووی ئێران، خەبات لە دژی قاچاخی مەوادی موخەددیر بە شێوەی رواڵەتی هەمیشە یەکێك لە ستراتیژییە فەرمییەکانی حکوومەت بوە، بەڵام لەڕاستیدا بە پێی بەڵگە و پێناسەکانی بەردەست، بەردەوام لە تەشك گۆڕانی (مسخ) هێزێکدا بوە، بۆ دەستی حوکمڕانان و بەکرێگیراوان، بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن بە ئامانجە سیاسی، ئابووری و جڤاکییەکان لە درێژایی سەدەی رابردوودا کەڵکی لێ وەرگیراوە. بە جۆرێکە پاش هاتنە سەرکاری رێژیمی ئیسلامی، هەلومەرجی ژێئوپۆلێتیکی ئەم وڵاتە و دراوسێیەکانی وەك: ئەفغانستان و تورکیە، سەرنجی ناوەندە سیخوڕییەکانی رێژیمی بەرەولای خۆی راکێشا. ئێران لە لایەکەوە بە هەرا و هۆریا و بانگەواز باسی شەڕ دژی قاچاخچیانی مەواد ئەکا و تەنانەتن لە دانیشتنی ڤیەنی ساڵی ١٣٨٤، داوای تەرخانکردنی ٥٠٠ میلیۆن دۆلار یارمەتی لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی کرد، بەڵام راستییە حاشاهەڵنەگرەکانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان دەق و دەق بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەکانی رێژیمە، بە جۆرێك کە یەکێك لە دانپیانانەکانی بەرپرسانی "اطلاعات"ی رێژیم ناسراو بە تاقمی سەعیدی ئیمامی، پاوانکردنی بازرگانیی مادده سڕکەرەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی وڵات بوو، واتا بەشی ئابووریی وەزارەتی "اطلاعات" دەستیان بەسەر مەوادەکاندا ئەگرت و بۆ بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووریی خۆیان بە فرۆشیان دەگەیاند. بە پێی ئاماری خودی رێژیم، کوردستان لە دەیەی ٦٠ و سەرەتای دەیەی حەفتاکاندا لە ریزی ناوچە خاوێنەکانی وڵات بوو، بەڵام دیتمان لە مەودایەکی زەمانیی کەمتر لە پێنج ساڵان پەخش و بڵاوکردنەوە و مەسرەفی مەواد لە کوردستان وەکوو دیاردەیەکی زەقی لێ هات و رۆژ بەڕۆژیش لە حاڵی پەرەسەندن دایە. رێژیم لەبەر ئەوەی مەواد لە ناوچە ناوەندییەکانی ئێرانەوە دەخزێتە کوردستان، دەرفەت و رێگای پێشگرتنی هەبوو یان دەیتوانی بە راگەیاندن و زانیاری بەخشینی پێشوەخت لە رێگەی دەنگبەرە گشتییەکان و نەشاردنەوەی حەقیقەتی پڕمەترسیی مەواد، ببێتە هۆی هەڵوێست گرتنی کۆمەڵگا، بەڵام ئەوەی کە لە کۆمەڵی کوردیدا ئەمڕۆکە رەنگی داوەتەوە، رێکهاتنی لەگەڵ ئامانجی رێژیمە، چونکە زۆرینەی کۆفرۆشانی (عمدەفروش) مەواد لە کوردستان کەسانی گرێدراو بە ناوەندە سیخوڕییەکانی حکوومەتن، تەنانەت بەوەیشەوە کە بۆ رای گشتی ناسراون، تووشی گرفتیش یا سزادانێکی ئەوتۆ نەهاتوون، هەرچەند برێك جار دەستەیەك لە وردەفرۆشان راپێچی زیندان کراون و دوای دیاریکردنی برێك پارەو دانی بە خەزانەی دەوڵەت لە ژێر ناوی سزادان ئازاد کراون کە تا ئێستا ئاکام و قازانجێکی نەبوە، بۆیە تێکەڵاوی لەگەڵ مەواد گرینگترین کێشە و تەنگ و چەڵەمەی جڤاکی کوردی و بەرەی نوێیە.

کۆمەڵگای کوردی جیا لە خەسارە رۆحی و فیکرییەکانی خوڵقاوی سووکایەتی بە شوناسی نەتەوەیی، لەگەڵ ناهومێدی، هەژاری، بێکاری، فەحشا و بێدەرەتانی لە لایەنە ئاشکرا و شاراوەکانی خۆیدا دەست بە یەخەیە، ئەم هۆیانە لە پاڵ رووبەڕووبوونەوەنەی دژەوازی رێژیم لەگەڵ مەواد بۆتە بوارو ئامیانی پەرەئەستاندنی و خواستی جیهانی بۆ بەربەرەکانی لە تەك ئەم دیاردە ناحەزە، لەم گۆشەی جیهانە نامۆ و بێڕەنگە. هەنووکە لە گشت کووچە و کۆڵانێکی کوردستان، چەشنە جۆراوجۆرەکانی مەواد بە فراوانی دەست دەکەون، لەملاشەوە رێژیم بە هەموو شێوەیەك تەگەرە و کۆسپ دەخاتە سەر رێگای NGO و ناوەندە خەڵکییەکانی پێشگرتن لە ئێعتیاد و بۆ ناکارکردنیان بڕو بیانوو دەتاشێت. زۆر کەس کاتێ دەستبەسەربوون لە لایەن ناوەندە ئاسایشییەکانەوە، بە بۆنەی ئەندامەتی لە رێکخراوە نادەوڵەتییەکانی ئێعتیاد لێکۆڵینەوەیان لێ کراوە و لە درێژایی چالاکییان بەرگری کراوە. زۆر جاران یاسای دژەمەواد بۆتە پەردەپۆشێك بۆ لە سێدارەدانی چالاکانی سیاسیی بەلووچ، تا بە ناوو راوەستانی دژ بە قاچاخچیان سەرکوتی بیرە ناکۆکەکانی خۆی بکا. هەروەها بڵاوبوونەوەی مەواد لە مۆڵگە سەربازییەکان و بەندیخانەکان دیاردەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە دەیان جاریش بەرپرسانی رێژیم دانیان پێدا ناوە. ئەمڕۆکە زیندانەکانی کوردستان، لە پڕمەترسیترین شوێنەکان بۆ لە داوکەوتنی مەوادە، بە جۆرێك کە مەواد بە شێوەیەکی خۆڕایی یان بە نرخێکی هەرزان دەکەوێتە بەردەستی لاوان، راگیراوان و بەندییەکان، بەتایبەت هاوبەندکردنی بەرهەڵستکارانی سیاسیی کورد لەگەڵ تووشبوانی مەواد لە رێکارە هەرە دیارەکانی دەسەڵاتە. برەودان بە مەواد کە سەرەتا بە بیانووی ئۆخژنیئازارە جەستەیییەکان و دەرمانکردنەوە لە لایەن پیرە تەمەنانەوە بەکار دەهات لە مەودایەکی کورتی زەمانیدا تەواوی چینەکانی کۆمەڵگای ژەهراوی کرد و تەمەنی گیرۆدەبوونی هێنایە ژێر هەژدە ساڵانەوە، تەنانەت زۆر بنەماڵەش بە تێکڕایی تێوەی گلان، گرانتر لە هەمووی مەسرەف و تووشبونی لەڕادەبەدەری قوتابیان، خوێندکاران، کچانی کەم تەمەن و ژنانی کوردستانە، بە جۆرێ ئێستاکە نەك تەنیا لە شوێنە پەرچ و چوارڕێیان و گۆڕەپانە نیشانکراوەکانی شارەکان، بەڵکوو لە فێرگەکان، زانستگەکان، ناوەندە کولتووری و وەرزشییەکانیش کەڵئاوەژۆی (سوءاستفادە) مەرگ فرۆشان دەبێ و خوێنی لاوانی کورد بە ئەسپایی و دوور لە هەرچەشنە گرمەقاڵێدا هەڵدەمژن.

لە لایەکی دیکەوە، رێژیم و تاقمە مافیاییەکانی جگە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشیان کردۆتە نیشانەی سیاسەتە گڵاوەکانی خۆیان و لەم چەند ساڵەی دواییدا، رێژەیەکی بەرچاو لە مەودایان گوێزاوەتەوە کوردستانی باشوور، کە سەرنجدانێکی خێرا بە سانایی ئەوەمان پێ دەسەلمێنێ، هەروەها سەندو بەڵگەگەلێك لەم چەند مانگەی رابردوودا بڵاو بوونەتەوە کە رێژیمی ئێران وێڕای هەڕەشە لە حکوومەتی هەرێم، گوتویە تا کاتێك مەشرووب و سەتەلایت لە سنوورەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێوەوە روانەی ئێران بکرێن، ئێمەش تریاك و ئەنسارولئیسلامتان بۆ دەنێرین.

بە سەرنجدان لە راستییەکانی بەردەست و، بەرژەوەندیی سیاسەتە دژەمرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی، نە تەنیا ناتوانین چاوەڕوانی کردەوەیەکی دڵخۆشکەرانە لەو رێژیمە لە هەمبەر ترانزیت، برەودان و بڵاوکردنەوەی مەواد بین، چونکە دەیەوێ بیکاتە چلمێرێك (اهرم) بۆ پێشخستنی ئامانج و ئاواتەکانی خۆی و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەندیشەی نەتەوەخوازیی نەتەوەکانی ئێرانی، بەتایبەت لە رۆژهەڵات و باشووردا، هەروەها بۆ تەوژم خستنە سەر ئورووپا و بێدەنگکردنی لە هەمبەر کردەوەکانی رێژیمدا.

بە گشت ئەم باسانەوە پێویستە کە پارت و رێکخراوە NGOکانی چالاك لە مەیدانی خەبات دژ بە مادده سڕکەرەکان و ئێعتیاد وێڕای لەقاودانی سیاسەتە دوو فاقییەکانی رێژیم لە هەمبەر دیاردەی قاچاخی مەواد، بتوانن بە شێوەی فەرهەنگسازی و زانیاری بەخشین بە چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ، جەماوەر لە خەسارە قەرەبوونەکراوەکانی ئەم دیاردە ناحەزە، ئاگادار کەنەوە، کە لەم بوارەدا جگە لە کاناڵە ئاسمانییەکان و راگەیەنە گشتییەکانی دیکە، پێویستە لە ناوخۆی وڵاتیش پشتگیریی تەواوی مادی و مەعنەوی لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی پێشگیری لە مادە سڕکەرەکان بکرێ.

ژێدەر: ئینتێرنێت: (هەواڵدەیری فارس)

***

# نازناوی شوالیە و بیانوی قەیران خوڵقێنیی ئێران

حەسەن سەلیمی

رۆمانی ئایەتە شەیتانییەکان (آیات شیطانی) یەکێك لە بەرهەمەکانی سەلمان روشدی نووسەری بە رەچەڵەك هێندوستانی و نیشتەجێی وڵاتی بریتانیایە. ناوبراو لە دایکبوی ١٩ی ژوئەنی ساڵی ١٩٤٧ی زایینی شاری بەمبەئی هێندوستانە.

شێوازی نووسینی روشدی جۆرێکە لە ریالیزمی جادوویی. کتێبی ئایەتە شەیتانییەکان کە تێکەڵاوێك بوو لە خەیاڵ و فەلسەفە، بەربەرەکانێی نێوان چاکە و خراپە دەگێڕێتەوە، بوە بە هۆی ئەوەی سەلمان روشدی و بەرهەمەکانی هەرچی زیاتر بدرێنە بەرسەرنجی راگەیەنە گشتییەکان. ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨٨ .ز. بڵاوبۆوە. ماوەیەك دوای بڵاوبونەوەی کتێبەکە، رێکەوتی ١٤ی فوریەی ١٩٨٩ی .ز.، خومەینی رێبەری ئایینی کۆماری ئیسلامی ئێران حوکمی کوشتنی سەلمان روشدیی دەرکرد و بەمەبەستی ئەوکارە ناوەندی رێزلێنان لە شەهیدانی بزووتنەوەی جیهانی ئیسلام سەدهەزار دۆلار خەڵاتی دیاری کرد. پاش دەرچوونی ئەم حوکمە وڵاتانی دەرەوە بە توندی ئەو حوکمەیان مەحکوم کرد.

دوابەدوای دەرچوونی ئەم حوکمە لە لایەن خومەینییەوە، وڵاتی بریتانیا بەرپرسایەتی پاراستنی گیانی سەلمان روشدی کە هاووڵاتییەکی ئەو وڵاتەیە، وەئەستۆ گرت. هەر بۆیە روشدی ناچار بوو ماوەی هەشت ساڵ بە نهێنی ژیان بەسەر بەرێ.

رووشدی لە مانگی ژوئەنی ٢٠٠٧ی زایینی لە لایەن ئیلیزابێتی دووهەم، شاژنی بریتانیا، بۆ رێزلێنان لە خزمەتەکانی بە جیهانی ئەدەبیات، نازناوی شوالیەی پێبەخشرا. ئەم کارەی کاربەدەستانی بریتانیا هەڵوێستی توندی کۆماری ئیسلامی لێکەوتەوە و دەسەڵاتدارانی رێژیمی ئیسلامی، خەڵاتی کوشتنی سەلمان روشدییان بۆ سەدو پەنجا هەزار دۆلار بەرز کردەوە. هەروەها بنیاتی ١٥ی جۆزەردان تا ئێستا لەچەند قۆناخدا رێژەی خەڵاتەکەی بە ٢٨٠٠٠٠٠ دۆلار گەیاند.




پێویستە ئەم هەڵوێستگرتنانەی کاربەدەستان و دامەزراوەکانی سەربەڕێژیم لە دوو رەهەندەوە تاوتوێ بکەین.

یەکەم، جیاوازی نێوان دوو کولتووری پێشکەوتوو و دواکەتوو لە وڵاتانی ئازاد و دێموکراتیك هەر جۆرە چالاکییەك کە بکەوێتە خزمەت بەرژەوەندی کۆمەڵگا و روانگە و لێڕوانینە جیاوازەکان بداتە بەر راڤە و شرۆڤە و، بواری باسی بیرمەندانە لە نێو چین و توێژە جۆراوجۆرەکاندا بڕەخسێنێ، هان دەدرێ، پشتگیری دەکرێ و لەم رێگەیەوە دڵگەرمی دەدرێتێ تا هەرچی زۆرتر لە بواری داهێنان و ئافراندنەوە بۆ پێشخستن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەی تێبکۆشێ. بەڵام لە وڵاتێك کە دەسەڵاتێکی دواکەوتووی وەك کۆماری ئیسلامی حوکمڕانی دەکا، راست بە پێچەوانە لەگەڵ نووسەران و جیابیران هەڵسوکەوت دەکرێ و لە ژێرناوی جۆراوجۆری وەك دەستی بێگانە و مۆرەی جیهانی رۆژئاوا سەرکوت دەکرێن. لە روانگەی ئەم وڵاتانەوە دەبێ نووسەرو رەخنەگر هەمیشە پێیاندا هەڵبڵێن و بیروڕای گشتی بەلاڕێدا بەرن. دیارە ئەم جۆرە بۆچوونەش چ کاریگەرییەکی نێگەتیڤی لەسەر پرۆسەی نووسین و پەرەوەردە و فێرکردن لەو وڵاتانە بەجێ هێشتوە.

دووهەم: ناردنی سەرەڕۆیی بۆ دەرەوەی ئێران، ئاخوندەکانی ئێران کاتێك دەستیان بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێراندا گرت، یەکێك لە دروشمە بنەڕەتییەکانیان ناردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی وڵات بوو، بەڵام وێدەچێ ئەوان دەیانهەوێ ئەو سیستەمە سەرەڕۆییەش کە لە ئێران پیادەی دەکەن بۆ وڵاتانی دیکە راگوێزن، هەتا نووسەران پێش ئەوەی بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوە، ئەو کارەی کە لە نێو نووسەرانی نێوخۆی وڵات بوەتە شتێکی ئاسایی واتە خۆسانسۆری بکەن. دەرکردنی حوکمی کوشتنی سەلمان روشدی کە تا ئێستا چەند جار وتراوەتەوە و جەخت لەسەر پێویستی کوژرانی ناوبراو کراوە و چەند نموونەی دیکە لەم چەشنە پیشان دەدەن کە رێبەرانی رێژیم دەیانهەوێ ترس و نیگەرانی بخەنە دڵ نووسەران، رەخنەگران و لێکۆڵەرانی وڵاتانی دیکە، کە ئەم کارە بە کردەوەیەکی تێرۆریزمی دەوڵەتیی دەژمێردرێ لەگەڵ هەموو رێوشوێنە نێونەتەوەییەکان دژایەتی هەیە. کە ئەوەش بە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە دێتە ئەژمار. بەڵام ئەوان چونکە مانەوەی خۆیان بە دژایەتی کردن لەگەڵ جیهانی ئازاددا دەبینن، هەروا درێژە بەم کارەیان دەدەن.

قەیرانەکانی نێوان ئێران و بریتانیا بە هۆی پێدانی نازاناوی شوالیە لە لایەن ئەو وڵاتەوە بە سەلمان روشدی زۆرتر بوە و بەرو ئاڵۆزتربوون دەڕوا، وزارەتی دەرەوەی ئێران نارەزایەتی سەرانی رێژیمی بە باڵوێزی بریتانیا جێفری ئادامز داوە و ئەو کارەی بە "کردەیەکی وروژێنەر" لەقەڵەم داوە. لە لایەکی دیکەوە، "برایم رەحیمپوور" لێپرسراوی بەشی رۆژئاوای ئورووپا گوتووتە "ئێران دەوڵەتی بریتانیا و شاژنی ئەو وڵاتە بەرپرسیاری بەرنجامەکانی ئەم کردەوەیە دەزانێ". هەروەك لە قسەکانی ناوبراو ڕا دیارە رێژیم تەنیا بە بردنەسەریی خەڵاتی کوشتنی سەلمان روشدی ناوەستێ و چاوەڕوان دەکرێ، دژکردەوەی لەوە توندترو نائاساییتر نیشان بدا، هەروەك لە رابردودا شاهید بووین کە ئێران بەردەوام بە شوێن کێشە نانەوە و قەیرانخوڵقێنییەوە بوە، چونکە قسەکانی ئەم کاربەدەستەی رێژیم ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە رێژیم سواری ئەسپی مراد بوە و بە ئارەزووی خۆیان و بە راشکاوی خەت و نیشان لە وڵاتێکی دیکە دەکێشن.

ئەگەرچی فەرمانی کوشتنی سەلمان روشدی هێشتا جێبەجێ نەکراوە و وەك خۆی ماوەتەوە، بەڵام هەر ئەوەی کە رێژیم بە هەڵوێست و کردەوەکانی جیهانی خستۆتە مەترسییەوە، خۆی لە خۆیدا جێگەی سەرنجە و پێویستە شارەزایان و پسپۆڕانی بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە وردی سەیری بکەن و لێی وردبنەوە. بەم چەشنە کۆماری ئیسلامی لە هەر دەرگەیەك دەدا، بۆ ئەوەی جیهان باوەڕی پێبێنێ و هیچ نەبێ وەك هێزێکی ناوچەیی حیسابی لەسەر بکەن. بەڵام ئەزموونی مێژوو پێمان دەڵێ کە رێژیمگەلێکی ئەوتۆ بە هیچ شێوەیەك لە کۆمەڵگای جیهانیدا جێیان نابێتەوە و خۆیان بەدەستی خۆیان گۆڕی تیاچوونیان هەڵ دەکەنن.

سەرچاوە: BBC

***

# ئاوڕدانەوەیەك لە شۆڕشە مەزنەکەی سمکۆی شکاك و ٧٧مین ساڵڤەگەڕی شەهیدبوونی

محەممەدساڵح قادری Sitavk82@yahoo.com

بەشی دووهەم و کۆتایی

هەوڵی کوشتنی سمکۆ لە ساڵی ١٩١٩دا لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە

کاربەدەستانی ئێران، لە ورمێ بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی حەیدر عەمو ئۆغلۆ، کاربەدەستی شۆڕشی مەشرووتە کە لە ڕێگەی دانانی بۆمبەوە کاربەدەستێکی ئێرانیی کوشتبوو، هەوڵی دروستکردنی بۆمبێکی لەو چەشنە بە هاوکاریی شارەزایەکی ئەرمەنی دەدەن و بۆمبەکە لە قوتویەکی چکۆڵەدا بە ناوی " دیاری" لە لایەن خەسووی سمکۆوە کە لە ئاواییەکی دەوروبەری شاری خۆی دادەنیشت بۆ خۆسرەوی کوڕی سمکۆ کە نەوەی خۆی بوو دەنێرنە قەڵای چەهریق. سمکۆ بە وەرگرتنی قوتوە دیارییەکە کە لە شکڵی قوتوی شیرینیدا دروست کرابوو، وەگومان دەکەوێ. بەڵام لە سەر پێداگریی خۆسرەوی کوڕی، یەکێك لە نزیکانی سمکۆ کە لە مەجلیسەکەدا دانیشتبوو هەولی کردنەوەی قوتوەکە دەداو لەو کاتەدا بزیسکێك لە قوتوەکە هەڵدەستێ و ئیتر سمکۆ کوتوپڕ شەقێك لە قوتووەکە دەداو لە تەك خۆسرەوی کوڕی لە سەر زەوی رادەکشێن. بۆمبەکە لە چەند میتری ئەودا دەتەقێتەوەو براکەی بە ناوی عەلی خان شەهید دەبێ و چەند کەسی دیکەش بریندار دەبن. ئەوە پاداشی ئێرانییەکان بوو بۆ سمکۆ، کە لە پێوەندی لە گەڵ کوشتنی مارشیمۆن دا بە سمکۆیان دەدا. ئیتر بە دوای ئەو پیلانەدا سمکۆ هیچ شك و گومانێکی لە دوژمنکاریی ئێرانییەکان نامێنێ و لە لایەك بۆ تۆڵە سەندنەوەی براکانی"جەوهەر ئاغاو عەلی خان" و لە لایەکی دیکە بۆ سەربەخۆیی و رزگاریی کورد لە دەست ئێرانییەکان دەست بە خەبات دەکا.

شەڕەکانی سمکۆ بۆ رزگاریی کوردستان

سمکۆ لە ساڵەکانی ١٩١٩ و ١٩٢٠ سەرەتا شارەکانی سەڵماس، ورمێ و دواتر شاری خۆی دەگرێ و خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆدەبنەوە. ساڵی ١٩٢١ پەلاماری شاری سابلاغ دەداو لە رەوتی گرتنی شارەکەدا هەوڵ دەدا عەشیرەتەکانی سابلاغ لە گەڵی هاوکاری بکەن. بەڵام هێندێك لە سەرۆك عەشیرەتەکان بە پیریەوە ناچن و تەنیا مامەشەکان هاوکاری دەکەن. بەم جۆرە شەڕەکە دەکێشێتە ناو شارو وێڕای کوشتنی ٥٠٠ کەس لە سەربازەکانی ئێران، کۆنترۆڵی شارەکە دەکەوێتە دەست هێزەکانی سمکۆ و ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی کە هاوکاریی سمکۆشیان نەکردبوو سزا دەدرێن.

بەم شێوەیە سمکۆ لە ماوەی ساڵەکانی ١٩١٨ تا ١٩٢٢ توانی سنووری دەسەڵاتی لە شاری خۆییەوە بگرە تا شاری بانە، پەرە پێبدا و پاشان هەوڵیدا پێوەندی بە کوردەکانی سەقز و باشووری کوردستانی ئێرانەوە بگرێ.

دوای گیرانی شاری سابلاغ و کوژرانی ٥٠٠ چەکداری ئێرانی، هێرشی گەورەی ئێرانییەکان بۆ سەر سمکۆ دەستی پێ کردوەو نزیکەی ٤٥٠٠ چەکدار بە فەرماندەیی ئەمیر ئەرشەد کە برای زرخام، بکوژی جەوهەر ئاغا، هەمان ئەو کەسەی کە بە بڕیاری نیزام ئەلسەڵتەنە تەقەی لە جەوهەر ئاغا کردبوو، پەلاماری سمکۆ دەدەن کە لە شوێنێکدا بە ناوی شەکەریازی نزیك شاری سەڵماس لە لایەن هێزەکانی سمکۆوە تێك دەشکێنرێن و سەرکردەکەیان دەکوژرێ و بەم شێوەیە سمکۆ تۆڵەی براکەی دەکاتەوە.

لە ساڵی ١٩٢٢ دا هێزێکی چریکیی ٤ تا ٥ هەزار کەسی بە فەرماندەیی خاڵۆ قوربان کە کوردی کرماشان بوو، هێرش دەکەنە سەر سمکۆ، خاڵۆ قوربان لە کاتی خۆیدا هاوکاری شۆڕشی جەنگەڵی کردبوو بەڵام دوای دووبەرەکیی نێوان سەرکردەکانی شۆڕشی جەنگەڵ، سەری براوی میرزا کوچك خانی بۆ رەزا خان بردبوو، رەزا شا لە پاداشی ئەو کارەیدا دەرەجەو پلەی بەرزی پێ دابوو.

خاڵۆ قوربان ئەو جارەش وادەی لەناوبردنی سمکۆی بە رەزا شا دابوو، بەم جۆرە هێرشی خاڵۆ قوربان لە رێگای سابلاغ و میاندواو را بۆ سەر سمکۆ دەستی پێکرد. بەڵام بە هۆی وشیاری و هاوکاریی عەشیرەتەکانی وەك هەرکییەکان، برادۆستییەکان، مامەشەکان، مەنگوڕەکان و زەرزاکان و....، هێرشی هێزەکانی خاڵۆ قوربان لە " داشا مەجید"ی مەهاباد تێك و پێك دراو خاڵۆ قوربانیش کە لە کێوی "خەزایی" بوە، پەلاماریی دراوەو بەرەو " ئیندرقاش" هەڵاتوەو لەوێ کوژراوە و پاشماوەی هێزەکانیشی بە شپرزەیی بەرەو تەورێز پاشەکشەیان کردوە.

ساڵی ١٩٢٢، شەڕی گۆڵمە خانو شکاندنی هێرشی ئەسەد ئاقا خان لە لایەن سمکۆوە.



گیرانی گوڵمەخانەو دەست بە سەر داگرتنی ئەنباری تەقەمەنی و خۆراکی هێزە دەریاییو زەمینییەکانی ئێران و سەرلەنوێ رزگارکردنی شاری ورمێ لە دەست لەشکری ئێران لە لایەن سمکۆوە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بوەو ئەو سەرکەوتنە بوە هۆی چوونە سەری ڕێزو خۆشەویستی و متمانەی لە ڕادەبەدەری سمکۆ لە نێو خەڵکدا.

دیارە لە ساڵی ١٩٢٢ و دواتریش لە سەریەك کەم رۆژ هەبوە کە لە نێوان هێزەکانی سمکۆ لە لایەكو هێزەکانی ئێران بە هاوکاریی ئینگلیس و ئەرمەنییەکان لە لایەکی دیکەوە شەڕو پێکدادان روونەدا. بەڵام شەڕی هەرە گەورە کە ئەویش هەر لە ساڵی ١٩٢٢ دا رووی‌دا، شەڕی گرتنی قەڵای چەهریق بوە. پاش ئەو هەموو تێکشکانانەی هێزەکانی ئێران لە ساڵەکانی ١٩٢١ تا ١٩٢٢ دا کە رەزا خان سەرداری سپا بوو، ئەو جارە چەندین ژنراڵو سەرلەشکر و سەرتیپ و ... هێزێکی ١٥٠٠٠ کەسییان لە سوارەو پیادە و هێزی دەریاوانی، لە چەندین شوێنەوە هەم لە بەرەی ورمێ و هەم لە بەرەی سەڵماس بە سەرۆکایەتیی ژنراڵ جهانبانی، پەلاماری سمکۆیان دا. پاش چەند رۆژ شەڕو پێکدادان کە شەڕی دەستەو یەخەشی تێدا بوو هەروەها بە هۆی ئاگری توندی تۆپەکان، هێزەکانی سمکۆ تووشی شکان دەبن و کۆتایی بە دەسەڵاتی چوار ساڵەی سمکۆ لە شارەکانی ورمێ و سەڵماس دێ. دواتر قەڵای چەهریق دەگیرێ و بەو بۆنەوە سوپای ئێران لە سەراسەری وڵات دا شایی دەگێڕێ.

لە پێوەندی لە گەڵ چەهریق دا کە پێتەختی سمکۆ بوە، پێویستە بزانین کە لە باری مێژووییەوە لە سەردەمی ساسانیەکاندا ئەو شوێنە شارۆچکەیەك بوەو پێی وتراوە " شەهرەك" دواتر ناوی گۆڕاوە بە " چەهرەك" و ئەمجار بۆتە چەهریق یان " چاری" ئەو شوێنە لە کۆنەوە جێگای دانیشتنی چەندین شازادەو پێکەوەژیانی کوردو مەسیحییەکان بوە. ئێستاش چەندین ئاسەواری مێژوویی تێدا هەن و ساڵانە لە شارە دوورەکانەوە سەردانی دەکرێ. جیا لەوەش لە باری هەڵکەوتەوە شوێنێکی زۆر دژوار بوە کە بە رازە بەرد دەورە دراوەو چۆمێکی پێدا تێ دەپەڕیۆچەندین قەڵای قایمی هەبوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٣٠دا بەرلە شەهیدبوونی سمکۆ بوومەلەرزەیەکی بەهێز لە چەهریقی داوەو بە تەواوی روخاندوویەتی دواتر لە دەشتاییەك دا چێ کراوەتەوە.

بە دوای شکانی سمکۆ هێزەکانی دەوڵەت وەدوای دەکەون و لە چەندین شوێنی ناوچەی شپیرانی سەڵماس وەك بەرێ دێ "ساری تاش" و کەلەڕەش لە گەڵی دەرگیردەبن و سەرەنجام بە هۆی هاوکاریی تورکەکان لە گەڵ ئێرانییەکان، سمکۆ ناچاردەبێ وڵات بەجێ بێڵێ و پەنا بۆ تورکیە ببا. بەڵام لە لایەن تورکەکانەوە دەست بە سەر هەموو چەكو تەقەمەنیی سمکۆدا دەگیرێ. ئەو کاتە لە نێوان رەزا خان و مستەفا کەمال ئاتا تورك دا رێکەوتن کراوە کە پێکەوە شۆڕشی کوردەکان لەناوبەرن.

پاش ئەو بەسەرهاتە لە ساڵی ١٩٢٣ دا سمکۆ دەیەوێ لە تورکیەوە بۆ لای شێخ مەحموود لە دیوی عێراق بچێ کە ئەو کاتە لە شۆڕش دا بوە. لە رێگای هاتنی‌دا لە شوێنێك بە ناوی گەلی دێریان دەکەوێتە بۆسەی تورکەکان و ژنەکەی بە ناوی جەواهێر و چەند کەس لە پارێزەرانی دەکوژرێن و، جیا لەوەش دەستبەسەر سەروەت و سامانێکی زۆریدا دەگیرێ و بۆ خۆی و چەند سوارێکی رزگاریان دەبێو دەگەنە "بەحرکە"ی نزیك هەولێر. ئەو ماوەیەی کە سمکۆ لە بەحرکە بوو زۆری هەوڵ داوە بە هاوکاریی سەید تەها بەڵکوو بتوانێ پێوەندی و هاوکاری لە گەڵ ئینگلیسییەکان دابمەزرێنێ. بەڵام سەرناکەوێ. هەروەها پاش پێوەندیکردن بە شێخ مەحموودەوە ـ کە لە سلێمانیە پێشوازییەکی گەرمی لێ کراوە ـ ماوەیەك لای شێخ مەحمود بوەو زۆری هەوڵ داوە کە تا شێخ مەحمود لە گەڵ ئینگلیسییەکان بە رێکەوتن بگەن، بەڵام سوودی نەبوە.

ساڵی ١٩٢٤ کە بەرەبەرە نێوانی شێخ مەحمود لە گەڵ ئینگلیسییەکان تێك دەچێ، سمکۆ سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە تورکیەو پاش ساڵێك بە نهێنی مانەوە، لە گەڵ رەزا شا پێوەندی دەگرێ و داوای ئەوە دەکا کە ئەگەر بهێڵن لە سەر ملك و ماڵی خۆی دانیشێ، ئیتر سەر بۆ شا دادەنوێنێ. رەزا شا داواکاریی سمکۆ قبووڵ دەکاو سمکۆ ساڵی ١٩٢٥ دەگەڕێتەوە دیوی ئێران. هەر لەو ساڵەدا رەزا شا سەردانی سمکۆ دەکا. لە گەڵ هاتنی رەزا شا، سمکۆ بە خۆی و ٥٠٠ سواری چەکداری شکاکەوە پێشوازی لە رەزا شا دەکا. شا بە دیتنی ئەو دیمەنە زۆر دەترسێ، بەڵام تازە فایدەی نەبوو. هەر بۆیە کەوتە بیری ئەوە کە چۆن خۆی لەو مەترسییە دەرباز بکا. تەدبیرەکە ئەوە بوو کە ئەو شەوە نەفەرێکی نزیکی خۆی ڕاسپاردوە کە لە گەڵ سمکۆ یاری تەختە بکەن و لە سەر یەك بە سمکۆ بدۆڕێنن تاکوو هەم سمکۆ سەرگەرم بکەن و هەمیش تووڕەی نەکەن تا خۆیان رزگار بکەن. بەم شێوەیە رەزا شا لە گەڵ هاتنی بەرەبەیانی، خۆی رزگار دەکا. پاش ساڵێك لەو سەردانە واتە ١٩٢٦ سمکۆ سەرلەنوێ پەلاماری شاری سەڵماس و دەوروبەری دەدا، بەڵام سەرناکەوێ و دیسان ناچاردەبێ بۆ دیوی تورکیە پەنا ببا و لەوێ دەگیرێ و رەوانەی عێراق دەکرێ.

ساڵی ١٩٢٧ جارێکی دیکە لە عێراقەوە دەگەڕێتەوە دیوی تورکیە و پاش ساڵێك واتە ١٩٢٨ جارێکی‌تر دەگەڕێتەوە عێراق ئەو کاتە رەزا شا داوای لە دەوڵەتی عێراق کردبوو، کە سمکۆ تەحویل بدەن. بەم شێوەیە سمکۆ بە رەوشێکی زۆر شپرزەوە بۆ ماوەی ٢ ساڵ لە سنوورەکاندا ژیانی بەسەربردوەو سەرەنجام لە سەر وادەی ئێرانییەکانو بە هۆی ئەو بومەلەرزەیەی کە لە چەهریقی دابوو، سمکۆ دەگەڕێتەوە دیوی ئێران بۆ وتوویژ کە وادەی بەرپرسایەتییان پێ دابوو. ئەویش وەك جەوهەر ئاغای برای فریوی عەجەمەکان دەخواو دەکەوێتە داوی ئێرانییەکان و لە ڕێکەوتی ١٩٣٠/٦/٢١ دا بۆ خۆی و خورشید ئاغای هەرکی، شەهیددەبن و خۆسرەوی کوڕیشی بە برینداری بۆ تورکیە پەنا دەبا. بەم شێوەیە سمکۆ پاش ٢٠ ساڵ خەبات لە دژی دەسەڵاتی قاجارەکان و رەزا شای پەهلەوی، شەهیدبوو. تەرمی سمکۆ چەندین رۆژ بە شارەکاندا گێڕدراوە تا خەڵکی پێ چاوترسێن بکرێ.

کۆتایی:

لە یادکردنەوەی شەهیدبوونی سمکۆی شکاك دا وێڕای دانەواندنی سەری رێز و وەفاداری بەرامبەر بە گیانی نەمری ئەو شەهیدەو هەموو شەهیدانی رێبازی سەربەستیی نەتەوەکەمان کە بە خەباتی خۆیان سەروەرییەکی هەتا هەتایی‌یان بۆ نەتەوەکەیان تۆمارکردوە، دڵنیایان دەکەین کە ئاڵای خەباتیان تا سەرکەوتن شەکاوە دەبێو ئاواتە خوازین لە داهاتوویەکی نزیك دا داری خەباتی سمکۆ، قازی محەممەد، د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی و هەموو شەهیدانی کوردستانی رۆژهەڵات بەربداو ئەو کاتە پەیکەری هەر کام لەو شەهیدانە لەو شوێنانەی کە ئەو شەهیدانە ساڵەها لە پێناو پاراستنی ناسنامەی کوردستان بوونیان و دامەزراندنی دەسەڵاتی نەتەوەیی خەباتیان بۆ کردوە، ساز بکرێو مەزاری ئەو سەرکردە قارەمانانە ببێتە زیارەتگای ئەویندارانی رێگای رزگاری و سەربەستیی کوردو کوردستان.

بەو هیوایە

- بۆ ئامادە کردن و نووسینی ئەو بابەتە لەم سەرچاوانە کەڵك وەرگیراوە:

ـ شۆڕشی سمکۆی شکاك ، نووسینی محەممەد رەسووڵ هاوار
ـ تاریخ معاصر ایران و تاریخ هجده ساله آذربایجان
ـ تاریخچه جنبش های ملی کرد، نووسینی : د. صادق شرفکندی ( سعید بدل)
وتووێژە لە گەڵ چەندین کەسایەتیی شارەزا لە شۆڕشی سمکۆ

*
*

درێژەی لاپەڕەی یەکەم

## کۆبوونەوەی شورای ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست لە ژنێڤ بەڕێوەچوو

پاشان بەرنامەی باسەکانی رۆژی یەکەمی کۆبوونەوەکە کە بریتی بوون لە:

١ـ بارودۆخی ئیسرائیلو فەلەستین
٢ـ داهاتوو بۆ لوبنان
٣ـ عێراق، بەرەو چ رێگایەك؟ راگەیەندرا. لەودا بەڕێزان مەحموود عەبباس، سەرۆکی حکومەتی فەلەستین، لەسەر بارودۆخی هەنووکەیی نێوان فەلەستینو ئیسرائیلو بە تایبەت لەسەر شەڕو پێکدادانەکانی ئەم دواییانەی نێوان حەماسو فەتح دواو هەر لە چوارچێوەی ئەو بابەتەدا، بەڕێز خاتوو کۆلیتی ئەڤی تاڵ، ئەندامی پارلمانو نوێنەری حیزبی کرێکاری ئیسرائیل لەسەر هەمان بابەت وتاری پێشکەش کرد. لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی عێراق، بەڕێز جەلال تاڵەبانی، سەرۆك کۆماری عێراق دواو بە دوای ناوبراودا، بەڕێز مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وتارێکی لە سەر بارودۆخی عێراقو بە تایبەت لەسەر هەرێمی کوردستان پێشکەش کرد. هەر لەو چوارچێوەیەدا، چەندین کەسایەتیی ئوروپایی وەك بەڕێزان: (مۆریتس لوینبێرگێر، وەزیری کۆمۆنیکاسیۆنو رێگاوبانی سویس، ماسیمۆ دالیما، رێبەری حیزبی دێموکراتە چەپەکانی ئیتالیا، یوران پێرشن لە رێبەرانی حیزبی سۆسیاڵ دێموکراتی سوئێدو هەروەها وەزیری کاروباری دەرەوەی نۆروێژ) قسەیان کردو باسو بابەتیان پێشکێش کرد.

لەسەر بارودۆخی لوبنان، بەڕێز وەلید جونبەلات، رێبەری حیزبی کرێکاری لوبنانو چەندین کەسایەتیو لایەنی دیکە، گوتاریان خوێندەوە.

بابەتەکانی بەشی دووەمی دوانیوەڕۆی کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠٠٧,٦,٢٩ی شورای ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست تەرخان کرابوون بۆ باس لەسەر باڵکانو ژینگەو پرسی گەرمبوونی کەشو هەوا لە جیهاندا.

لە کۆبوونەوەی رۆژی دووەمی شورای ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست کە لە رۆژی ٢٠٠٧,٦,٣٠ بەڕێوەچوو، ئەم بابەتانەی خوارەوە کەوتنە بەرباسو لێدوان کە بریتی بوون لە:

١ـ راپۆرتی کومیتەی ئیداریو ماڵی
٢ـ راپۆرتی کومیتەی ئوسووڵو پێرەنسیپەکانی ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست
٣ـ گەڕان بە دوای بینینەوەی رێگای چارەسەر بۆ قەفقاز، بەتایبەتی ناکۆکیی نێوان ئەرمەنستانو ئازەربایجان لەسەر قەرەباخ
٤ـ کۆتاییهێنان بە گرژیو ئاڵۆزیو توندوتیژی لە وڵاتی کۆلۆمبیا
٥ـ سەقامگیرکردنی ئاشتی لە نیپاڵ

دوایین بەشی کۆتایی کاری کۆبوونەوەی شورای ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست تەرخان کرابوو بۆ بڕیارنامە لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکانو هەروەها باس لەسەر گرتنو بەڕێوەچوونی کۆنگرەی داهاتووی ئینتێترناسیۆناڵی سۆسیالیست کە بڕیار درا لەسەرەتای مانگەکانی ساڵی داهاتوودا کۆنگرە بگیردرێ.

شایانی باسە شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دیدارو چاوپێکەوتنێکی زۆریان لەگەڵ هەیئەتو کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی جیاجیای بەشدار لەو کۆبوونەوەیە پێك هێناو شاندی حیزب لە تەواوی ئەو دیدارو چاوپێکەوتنو دانیشتنانەیاندا، لەسەر بارودۆخی سیاسیی ئێستای ئێران، کوردستانی ئێران، گەلانی ئێران، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو هەروەها سیاسەتی توندئاژۆیانەی رێژیمیان هێنایە بەرباسو لە پێوەندی لەگەڵ ئەم باسانەدا، شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەندین بەڵگەو دوکۆمێنتی فەرمیی حیزبیان لەمەڕ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران پێشکەش بەو شاندو کەسایەتییانە کرد.

بەشێك لەو هەیئەتو کەسایەتییانەی کە شاندی حیزب دیدارو دانیشتنو چاوپێکەوتنیان لەگەڵیاندا لە ماوەی دوو رۆژ کۆبوونەوەی شورای ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست، پێك هێنا، بریتی بوون لە:


شاندی حیزب لە کۆبوونەوەکەدا

مۆریتس لۆینبێرگێر، سەرۆکی پێشووی وڵاتی سویسو وەزیری ئێستای کۆمۆنیکاسیۆنو رێگاوبان، یوران پێرشن، سەرۆك وەزیرانی پێشووی وڵاتی سوئێدو یەکێك لە رێبەرانی پارتی سۆسیاڵ دێموکراتی سوئێد، خاتوو مارلین هاس، سکرتێری گشتیی ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیستی ژنان، کارلۆس ساماراگۆ، ئەندامی پارلمانی سویسو بەرپرسی گروپی پارلمانتێری کوردو سویسی، خاتوو بێنەزیر بووتۆ، سەرۆك وەزیرانی پێشووی پاکستان، سکرتێری گشتیی حزبی سۆسیالیستەکانی ئوروپا لە پارلمانی ئوروپا فیلیپ کۆدرێ، بەرپرسی کومیتەی ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیستی ژنان بۆ رۆژهەڵاتی ناڤین، وەلید جونبەلات، رێبەری حیزبی کرێکاری لوبنان. شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاوی بە هەیئەتی نوێنەرایەتیی ئەم وڵاتانەش کەوت کە بریتی بوون لە: بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی ئینگلستان، سویس، سوئێد، ئوتریش، بێلژیك، نیپاڵ، فەرانسە، نۆروێژ، دانمارك، قێرقیزستان، قەزاقستان، ئازەربایجانو ئەرمەنستان.

جێگای ئاماژەیە جگە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شاندێك لە پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی کۆمەڵگای دێمۆکراسی لە کوردستانی تورکیە بەشداری کۆبوونەوەی شورای ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست بوون. سەرئەنجام کۆبوونەوەکە کاتژمێری ٢ی پاشنیوەڕۆی رۆژی شەممە، رێکەوتی ٢٠٠٧,٦,٣٠ی زایینی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

# قەتڵی نامووسی لووتکەی تراژدییەک

شەهێن محەممەدی

وەرگێڕانی: چەکۆ ئەحمەدی

تێکۆشانی مرۆڤ بۆ مان‌و مانەوە، لە وارسکەترین (غریزە) بەهێزەکانی جوڵێنەری ئەوە. ئەم تێکۆشانە نەخوازراوە، جگە لە مانی ئەو کەسە، یارمەتی دەدا بە بەردەوامی‌و مانەوەی مرۆڤ لە سەر زەوی‌و لە هۆکارە سەرەکیی‌و بنەڕەتییەکانە. لەکەس شاراوە نیە کە ئەم بەردەوامییە (زاوزێ) لە رۆڵی هەردوو رەگەزەکە (ژن‌و پیاو) پێک هاتووەو بەردەوام دەبێ. لە رۆژانێکدا لەوانەیە نەناسراوی رۆڵی پیاو، بوە بە هۆی جۆرێک پیرۆزی (تقدس) ژن‌و چەشنێك خوداوەندی ژن بەسەر پانتایی ژیانی مرۆڤەکاندا زاڵ ببوون. بۆ وێنە هەر لەم مێزۆپۆتامیا (بین النهرین)و زاگرۆس کە زانستی ئوستوورەناسی زۆریەك لەو جۆرانەی ناسیوەو بەسەر ئەم شێوازە ژیانەدا مۆری ئەرێنی داناوە. بنەڕەتی هاوسەرگیری موقەدەسیش هەر لەم سەرچاوەوە سەری هەڵداوەو هاتۆتە نێو ژیانی ئایینی‌و کولتووری مرۆڤەکانەوە.(هاوسەریەتی ئینانا لەگەڵ تموس لە مێزۆپۆتامیاو هاوسەریەتی پیرشالیارو شابارە لە زاگرۆس).

بەڵام جیا لەم ناسینە بنەڕەتیە، هێندەی پێناچێ کە دەکەوێتە ژێر کارتێکەری هۆکارگەلێکی جۆراوجۆر (کە ئەمە خۆی باسێکی جیاوازەو خوازیاری وتارێکی جیاوازە)، زاڵبوونی پیاو بەسەر هەموو دەسەڵاتە ئابووری‌و کولتوری‌و باوەڕەکاندا پەرەدەستێنێ‌و جێگیر بوەو بەرە بەرە ژن دەخرێتە پەراوێزەوە و هێندەی ناوێت کە ئەویش وەکوو زەوی، ماڵ‌و ملك ببێتە بەشێك لەو شتانەی کە پیاو خاوەنیەتی. لێرەدایە کولتوری بە یەکەوەبوونی ژن‌و پیاو رەت کراوەتەوەو کولتوری هی‌پیاوبوونی ژن، زاڵ دەبێ. لەم جۆرە کولتورە کە بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستداو بۆ وێنەیەکی بەرچاو لە ناوچە کوردستانییەکان هەر وەکوو بنەواشەیەکی (پرەنسیپ) نەگۆڕ بە سەر بوارەکانی ژیان، کولتورو باوەڕی خەڵکدا زاڵ بوەو تەنانەت ژنیش بڕوای بەوە کردوەو سوورە لەسەری، دەر دێ. ئاکام ئەوە دەبێ کە هەقی هەڵبژاردن لە ژێر دەسەڵاتی پیاودا دەبێ‌و دەبێتە بەشێك لە مافی ئەو واتا پێشنیاردەری هاوسەریەتی پیاوە. بنەماڵەی کچ (نە کچ بۆ خۆی) قەبوڵ دەکەن کچی خۆیان بەو پیاوە بدەن یان نا؟ سەرنجی ئەم دێڕانە بدەن: (بە پیاو بدەن یان نە)!! واتە وەکوو شتو مەك!! لێرەوە لە لایەکەوە کولتوری (بەیەکەوە بوون‌و بە یەکەوە ژیان کردن) ون دەبێ‌و کولتوری ژن هێن پیاوو ژن بۆ پیاو، جێگای ئەو دەگرێتەوە. ئەم بیرۆکە لەخۆڕا دەبێتە هۆی ئەوە کە هەست بە خاوەنیەتی‌و هەروەها هەست بە ملکییەت دەکرێ. (ملکیەتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا).

بەڵام بوونی چەند تایبەتمەندی لە ناوچەکانی کوردستان بووە هۆی ئەوەی کە ئەم هزرە (کەسێك هی کەسێکی‌تر) بەهێز بێ‌و جێگیر بێ، جۆری ژیانی عەشیرەیی‌و لە لادێدا ژیان کە لەوەدا (زۆر)و توانای لەش لە بەدەستهێنانی بژێو بەرگری لە بەرانبەر کەندو کۆسپەکان‌و هێرشی کەسانی‌تر قسەی سەرەکی دەکاو ئەم هێزە لەشییەش تایبەت بە پیاوە، ژن هەرچی زۆرتر پاڵ پێوە نراوە بەرەو پەراوێزەوەو دوورە پەرێز رادەگیرێ. لە وەها کۆمەڵگایەکدا ژن بەستراوەتەوە بە پیاوەوە ئەم بەسترانەوەیە لە رەوتی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە هۆی شێوازێکی کۆیلەتی بە جۆرێك کە هەموو بوونی ژن تەنانەت ژیانی ئەو لە ژێر دەسەڵاتی پیاودایەو پیاو لە پێوەندی لەگەڵ چارەنووسی ژن حەقی بڕیاردانی هەیە. کولتورو رەوشتی رۆژانەی کۆمەڵگای عەشیرەیی‌و نەریتی ئەمەیان بە جۆرێ ئازایی‌و غیرەت لە قەڵەم دەدەن‌و گەڕانەوە لەو بە جۆرێك ناکارامەیی‌و بێ‌غیرەتی دەزانن.

خاڵێکی گرینگ ئەوەیە کە "عورف"ی ناوچە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بابەتە روانگەی (نامووسی) زەق کردۆتەوە. لەم روانگەوە ژن، نامووسی پیاوەو هەبوونی پیاو لە جۆری پارێزگاری لەوەوە شی کراوەتەوە. پاشەکشێ لەوە (بێ شەرفی، بێ نامووسی، شوورەیی)یەو دەبێتە هۆی کەوتنە پەراوێزو چوکەبوونەوەی لە کۆمەڵگادا.

بە پێچەوانەوە، پارێزگاری‌و بەرگری لەو بوێری‌و شانازییە، ئازایی‌و غیرەتی پیاوە دەبێژێتەوەو هەوێنی سەربەرزی ئەو لە کۆمەڵگایە.

لە راستیدا لە ئاوا کۆمەڵگایەك جێگایەك بۆ هزرو خواستی ژن شی‌نەکراوەتەوەو ئەو وەکوو ملکی پیاوە رەنگە ئابڕووبەرتر لە داراییەکانی‌تر بێ. چونکو داراییەکانی‌تری ئەگەریش بکەوێتە بەردەستدرێژی‌و داگیرکاری، ئەوەی وا سزا دەدرێ‌و چونکە دەبێتە دەستدرێژیکەرو دز، لە کاتێکدا لە پێوەندی لەگەڵ ژن بابەتەکە بە گشتی پێچەوانەیەو ئەمە ژنە کە ئەگەر بکەوێتە بەر دەستدرێژییەوە!!، خۆی تاوانبارو سزا دەدرێ کە سزای کوشتن لە زۆرێك لەو روداوانەدا باشترین جۆرو هۆی شانازی خودای ئەو (پیاوە). بەڵام لە لایەکی دیکەوە کە ژن هیچ جۆرە مافێکی لە کۆمەڵگاو بنەماڵەدا نەبوەو ئەوە کە بە بەشێك لە ملکی پیاو لەبەرچاو دەگیرێ، ئەگەر پیاو ئەو کردەوەیە کە لە روانگەی خۆیەوە لوتکەی خەتاو سزای کوشتنی لێی روبدا، ژن مافی هیچ جۆرە هەڵس‌وکەوتێکی دژبەرانەی نیەو پیاو وەکو پاڵەوانێکی هەمیشەیی ئامادەی هیچ جۆرە

**بابەتی نامووسی بە جۆرێك هاتۆتە نێو ژیانی کۆمەڵ‌و تاك کە هەر ئەم تاوانە بەسە تاکوو ژنی بێ‌گوناە بە سەختترین شێواز سزا بدرێ‌و تەنانەت هۆکارەکانی چوکەکردنەوەو لاوازی نێو کۆمەڵگا پێك بێنێ**



وەڵامدانەوەوەیەك نیە، گرینگ لێرەدایە کە ئەم بارودۆخە کۆمەڵگاو پیاوانی دیکە قبووڵیان کردوەو شانازی پێوە دەکەن بە واتایەکی دیکە پێکهێنانی پێوەندیی ئەویندارانە لە نێوان ژن‌و پیاو، بۆ پیاو شانازییەکی مەزن‌و فەخرە، بەڵام بۆ ژن جێگای شەرمەزاری‌و هەقی کوشتنە.

خاڵێکی دیکە کە هۆی ناهۆمێدی‌و داخ‌و کەسەرە ئەمەیە کە، لە کاتی ئاوا رووداوێك!! پیاوانی عەشیرە یان بنەماڵە بەرانبەر بۆ تۆڵە ئەستاندن دیوارێکی کورتتر لە ژنانی لایەنی بەرانبەر نادۆزنەو لە هەوڵی ئەوەدان تا ئەوانیش لەگەڵ ژنانی بەرانبەردا ئاوا پێوەندییەك بگرن یاخۆ بەڕوونی وا نیشان بدەن کە لە ئاوا کاتێکدا سەرکەوتو بوون.

هەڵبەت نابێ لەیاد بەرین کە رەوشت‌و داب‌و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان جێگای سەرنج‌و گەورەیین‌و کەسێك رازی بە دیاردەی بێ‌ئەخلاقی نیە، ئەوەی دەبێتە هۆی ئازار ئەمەیە کە لە کاتێکی ئاوادا تەنانەت هاوسەنگی لە نێوان خەتاکاراندا لەبەرچاو ناگیرێ‌و هەموو خەتاکان لە ئەستۆی ژنەو ئەوەکە دەبێ هەموو تاوانەکان بدا.

هەر بەم هۆیەوە کە مانگانە ژنان‌و کچانێکی بێ‌تاوان لە ژیان بێ‌بەش دەکرێن‌و مەرگی بەناچار داوێنگیریان دەبێ. هەر ئەم هەڵس‌وکەوتە نالەبارەیە کە ژیانی تاکەکەس‌و کۆمەڵایەتی ژنان دەخاتە ژێر کارتێکەرییەوەو بواریان لێ‌تەسك دەکاتەوە. بابەتی نامووسی بە جۆرێك هاتۆتە نێو ژیانی کۆمەڵ‌و تاك کە هەر ئەم تاوانە بەسە تاکوو ژنی بێ‌گوناە بە سەختترین شێواز سزا بدرێ‌و تەنانەت هۆکارەکانی چوکەکردنەوەو لاوازی نێو کۆمەڵگا پێك بێنێ. و چ بێگوناهێك کە تەنیا بەم تۆمەتە نارەوا تووشی بارودۆخێکی ئاوا بوون؟!

هەر بەم تۆمەتە لە ماڵ دەخرێنە دەرەوە (تەڵاق دەدرێن)، ئازارو ئەشکەنجە دەدرێن، دەبنە گۆپاڵ بەسەرو چوکە دەبنەوە، بە کورتی جۆرە ئازارە لەشی‌و دەروونی‌و تاك کۆمەڵایەتییەکان تەحەموولیان دەکردو تەنیا ئەمە بەسە کە ئەم تاوانە بخرێتە سەر شانیان، ئەوکات هەموو کەس دەبنە دژیان.

لەترسی ئەم تاوانانە کچانێکی زۆر بە بێ‌مەیل‌و ئاوات ناچار ئەبن‌و رازین بە هاوسەرگیری، لەگەڵ پیاوانی نەسازو تووڕە بسازن‌و ژیانی شیرینی خۆیان فیدای داب‌و نەریتی نالەباری کۆمەڵگا دەکەن.

وێنەی ئەم جۆرە کەسانە هێندە زۆرن کە پێویست بە ناوبردن ناکات، تەنیا ئەوە بەسە کە ژیاننامەی ئەوان کۆ بکرێتەوە تا شاهێدی تراژدییەکی هەژێنەر بین.

ـ لە ئاوایی "نژمار" ژنێك تەنیا بە هۆی ئەوەی کە سواری ماشینی پیاوێك دەبێ، تاوانبار ناسراوەو بە خراپترین شێواز لە لایەن عەشیرەتەکەیەوە کوژراوە.

ـ لە ئاوایی "د" کچێك لە تەمەنی زۆر لە خوارەوە لە پیاوێك مارە دەبڕدرێ کە نزیکە ٢٠ ساڵ لەو گەورەترو هەروا لە فەقیرترین‌و ناحەزترین پیاوانی ئاواییش بوە. کچە پاش تێپەڕاندنی چەند ساڵ‌و وەپشت سەرنانی تەمەنی لاوەتی هەست بە ئەو زوڵمە گەورەیە دەکا کە لە مافی ئەو کراوە و بۆ دەربازبوون دەست دەکا بە تێکۆشان. ئەم کارەی ئەو لە لایەن بنەماڵەکەیەوە بە بێ‌نامووسی دەژمێردرێ‌و لە کاتێکدا کە دوگیانە پاش چەند حەوتوو زیندان لە ماڵەوە، لە کێوەکانی دەوروبەری ئاوایی بە سەختترین شێوە دەکوژرێ.

ـ لە شاری مەریوان کچ‌و کوڕێك عاشقی یەکدی دەبن بە لەبەرچاوگرتنی داب‌و نەریتی کۆمەڵگا دەڕواتە خوازبێنی کچە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کچ‌و کوڕەکە یەکتریان خۆش ویستوە، برای کچەکە لەبەیەك گەیشتنی ئەوان بەرگری دەکەن‌و دوای مانگ‌و ساڵانێکی زۆر تێکۆشان، کچە ناهومێد دەبێ‌و کاتێ دەزانێ کە بنەماڵەکی دەیانهەوێ بیدەن بە پیاوێکی‌تر، پەنا دەباتەبەر ئاگرو خۆی دەسوتێنێ.

ـ لە ئاوایی "د" پیاوێك بە هۆی دڵپیس‌بوون لە ژنەکەی‌و دانپێدانانی ژنەکە بۆ ئەوەی کە لەگەڵ پیاوێك هەواڵپرسی کردوە، قژی ژنەکەی دەتاشێ‌و لە ماڵ دەیکاتە دەرەوەو تەڵاقی دەدا.

ـ برایەك لە ئاوایی "ب" بە هۆی ئەوە خوشکە ١٧ ساڵەکەی حەزی لە کوڕیکە، سەری دەبڕێ.

ـ خاتوو "س" خاوەن چوار منداڵ بە تۆمەتی پێوەندی جنسی بە دەستی هاوسەرەکەی بە تەور (بێور) دەکوژرێ‌و پاشان ئەسید دەڕژێنی بەسەر تەرمەکەیدا.

ـ خاتوو "ن.م" خەڵکی ئاوایی "ە" بە هۆی دژایەتی براکەی لە هاوسەریەتی لە لایەن خۆیەوە لە کاتێکدا لە حەمامدا بوە بە تەور لەسەری خۆی دەداو ئێستا لە نەخۆشخانەیە.

ـ خاتوو "ل" ١٧ ساڵە خەڵکی ئاوایی "بەرقەڵا" بەدەستی براکەی سەری دەبڕدرێ.

ـ خاتوو "س" بەدەستی هاوسەرەکەی "ج" کە موعتادیشە لە کاتێکدا کە بووراوەتەوە دەستوێندرێ.

ـ خاتوو "خ" خەڵکی ئاوایی "کەلێاوا" کە دوای لێدانێکی زۆر لە لایەن هاوسەرەکەیەوە دەکوژرێ، پاشانیش

**ژنان ژیانیان خۆش دەوێ‌و دەیانەوێ لە ئاشتی‌و خۆشیداو بە بێ هیچ جیاوازیە بەرانبەر ئینسانەکانی دیکە گڕی ژیان بەرزکەنەوە، نە ئاگری کوشتن‌و برین**

تەرمەکەی دەسوتێندرێ.

ـ خاتوو "پ" خەڵکی ئاوای "نگڵ"و دانیشتووی مەریوان بە هۆی نەخۆشی دەروونی هاوسەرەکەی ـ دڵ پیسی ـ ئەشکەنجە دەکرێ.

ـ خاتوو "ز" خەڵکی ئاوای "بستام" لە پێش چاوی منداڵە دووساڵەکەی بە دەست هاوسەرەکەی دەخنکێندرێ.

ـ خاتوو "ە" لە ئاوای "دزلێ" بە هۆی پێوەندی لەگەڵ کوڕە رەفیقەکەی لە لایەن براکانیەوە لە شاخ دەخرێتە خوارەوە...

ئەو وێنە ناوبراوانەو نموونەگەلێکی زۆری دیکە کە روویداوەو روودەداو ئێمە بەردەوام شاهێدی کردەوەگەلێکی نامرۆڤانەو دژە مرۆڤانە لە کۆمەڵگادایین کە دژی ژنان بەڕێوە دەبرێ‌و هەمووکات تاوانباری سەرەکی ژنان ناسراون‌و دەکوژرێن‌و پیاوان سەرکەوتوانە لەم مەیدانەدا شانازی بە خۆیانەوە دەکەن‌و ئەوە بە مایەی فەخرو توانای لەش‌و دەروونی خۆی دەزانێ. لەم تێکۆشانەدا دو دەستە لە پیاوان شانازی بە خۆیان دەکەن‌و ئەم کردەوە رەشە دژە مرۆڤانەیە بە مایەی فەخرو سەرکەوتن‌و مەردانەگی خۆ دەزانن، دەستەی یەکەم: تاقە شانازیکەرەکانن کە لەم رێگایەدا کەسێکیان کوشتوەو دەستەی دوهەم: ئەو پیاوانەی کە تاونبارن بەوەی کە پێوەندییان لەگەڵ ئەواندا بوون، ئەوە بە مایەی فەخری خۆ دەزانن کە بە بۆنەی ئەوانەوە ژنێك کوژراوە.

بەڵێ ژن، ئەم گیانلەبەرە زوڵملێکراوو فیلترکراوە، مێژوو لەو رۆژەوە کە ناوی حەوای لێ‌ناو شەریك خەتای شەیتان سەرچاوەی خەتاو رەشی‌و نابەرانبەری، لەو رۆژەوە کە کچانی شوونەکردوویان دەکردە قوربانی خوداکانی دەستکرد تا ئەو رۆژەی کە بوکەکان دەبوایە شەوی ئەوەڵی زەماوەندیان لە باوەشی ئاغاکانیا رۆژ بکەنەوە و، لە کاتێکەوە کە بە ناوی ناموس دەبوونە ملکی تەواوی پیاوان‌و بە زەنجیرەی رزاوو پیسی نەریتەکان بوونە خاوەنی گیان‌و ماڵیان، تاکوو ئەمڕۆ کە پێش لە دایکبوونیان بە دیاریکردنی جینسی کچ بوونیان هەر لە بنەڕەتەوە دەخنکێندرێن. وە لە سەردەمی سەرمایەداری‌و تێکنۆلۆژی پێشکەوتوو لە کارەکەری‌و بە کۆیلەی جینسی‌و لە بازاڕی پڕ لە خێرو بەرەکەتی بازرگانی جینسی دەفرۆشرێن‌و دەکوژرێن. تا ئێستا کەوتونەتە بەر خراپترین شێوازی تووڕەیی جینسی، رەوانی، جنسی‌و شێوازی بەڕبەڕییەت ئەو، واتە قەتڵ‌و کوشتار. ئەو وتانە دەنگی ژنانی کوردستان‌و رۆژئاوای وڵاتە (ئێران)، دەنگی ژنان لە ئاگردا سووتاوەو بە تەور لەت لەت کراوە.

ژنان ژیانیان خۆش دەوێ‌و دەیانەوێ لە ئاشتی‌و خۆشیداو بە بێ هیچ جیاوازییە بەرانبەر ئینسانەکانی دیکە گڕی ژیان بەرزکەنەوە، نە ئاگری کوشتن‌و برین. بەڵام ئایا دەرمانێك هەیە بۆ ئەم دەورانە؟ ئایا دەکرێ رۆژێك ئێمە لە هیچ شوێنێکی دنیا چیتر لەگەڵ دیاردەی ژنکوشتن‌و خۆکوشتن رووبەڕوو نەبین؟ و ئیتر لە ئاماردا نەخوێنینەوە هێندوستان پێتەختی خۆکوشتنی ژنان لە جیهان، ئیلام لە خۆرئاوای ئێران‌و مەریوان لە کوردستان‌و ئیتر لە عێراق‌و ئەفغانستان‌و وڵاتانی دیکەی شەڕ لێدراو و سوننەتی شاهیدی ژن کوشتن نەبین.

سەرچاوە:
ماڵپەڕی ئەنجومەنی ژنانی مەریوان
(www.zananm.com)

**بۆ هاوکاریی هێزە دێموکرات‌و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 464  6 Jul 2007

ڕۆژنامەی "کوردستان" و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com    http://www.pdk-iran.org

e- mail: info@kurdistanmedia.com    e- mail: pdkiran@club-internet.fr


## سەردانی شاندێکی ژاپۆنی لە گوندە شیمیایی لێدراوەکانی کرماشان

بەپێی هەواڵی ماڵپەڕی Ktv، ڕۆژی سێشەممە، ٥ی پووشپەڕی ١٣٨٦، شاندێکی ژاپۆنی لەتەك ژمارەیەکی زۆر هەواڵنێرو کارمەندی تەلەڤیزیۆنە جیهانییەکان سەردانی کرماشانیان کردو لەلایەن ژمارەیەك لە برینداربووانی چەکی شیمیایی‌یەوە پێشوازییان لێ‌کرا.

شاندی ناوبراو بە مەبەستی دیتنی گوندەکانی زەردەو نسارو شامارو دێرەی سەر بە قەسری شیرین‌و ناوچەی داڵاهۆو چاوپێکەوتنی قوربانییانی شیمیایی بارانکردنی ئەو گوندانە لە شەڕی نێوان ئێران‌و عێراق دا سەردانی کرماشانی کردوە. هەروەها ئەم شاندە لە ماوەی ٢ ڕۆژ مانەوەی لە کرماشان دا سەردانی شارۆچکەی نۆدشەی پاوەشی کرد.

شایانی باسە لە شەڕی نێوان ئێران‌و عێراق دا ژمارەیەك لە گوندەکانی ئوستانی کرماشان لەوانە گوندەکانی شێخەسێڵە لە سەلاسی باوەجانی، نۆدشە، زەردە، دودان، نسار، سومارو شامارو شیمیایی باران کران. لە گوندی زەردەدا بەم هۆیەوە نزیکەی ٢٥٠ کەس گیانیان لە دەست دا.

## هەڵبژاردنی زۆرەملێی نێوان مۆدیلە هاوشێوەکان



هاوکات لەگەڵ توندبوونی سەرکوتی پیاوان‌و ژنان لە ئێراندا لە پێوەندی لەگەڵ جۆری جل‌وبەرگ پۆشین، دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد دەستی دایە بەڕێوەبردنی دوهەمین فیستیڤاڵی مۆدیلەکانی پەسندکراوی دەسەڵات لە ژێرناوی "فیستیڤاڵی ژنانی نیشتمانی من". لەم فیستیڤاڵەدا، مۆدیلگەلێك لە چارشێو و حیجابی ژنانەو مۆدیلگەلێك بۆ جلی ژنان لە کاتی کاردا وەك جل‌وبەرگی پیشەکان لە لایەن گەڵاڵەڕێژانی مۆدی ئیسلامی! پیشان دراوە.

کۆماری ئیسلامی شێوازی هەڵبژاردنی چۆنیەتی پۆشینی جل‌وبەرگ دڵبەخواز نازانێ‌و ئەم مافەی لە تاك زەوت کردوە. لەم چەند مانگەدا هێزی ئینتیزامی لەگەڵ کەسانێك کە جل‌وبەرگەکانیان لەگەڵ خواستی ڕێژیمدا ناگونجێ بە توندی ڕەفتاری کردوە.

فیستیڤاڵی مۆدی جل‌وبەرگی ئیسلامی سەبارەت بە سەرنج‌ڕاکێشانی ژنان بۆ هەڵبژاردن لە نێوان ئەو مۆدیلانەی وا پیشان دراوە، بەڕێوە دەچێ. بەڵام هەڵبژاردنێك کە وێنەی ئەو تەنیا دەتوانرێ لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، کۆڕی شورای ئیسلامی، کۆڕی "خوبرەگان"و شوراکانی شارو دێ ببینرێ. واتە هەڵبژاردن لە نێوان مۆدیلگەلێکی تەواو لەیەکچوو.

ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی مافی مرۆڤ لەم دواییانەدا نیگەرانی خۆیان لەمەڕ سەرکوتی لاوان‌و ژنان لەسەر هەڵبژاردنی جۆری جل‌وبەرگ ڕاگەیاندوەو لە کۆماری ئیسلامی داوایان کردوە کە مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی جل‌وبەرگ پۆشین بۆ خەڵکی بڕەخسێنێ.

## یارمەتیی مرۆڤدۆستانە بە کۆریای باکوور



٤٠٠ هەزار تەن برینج بە بڕی نزیکەی ١٥٢ میلیۆن دلار دەدرێ بە وڵاتی کۆریای باکوور. بە پێی ڕاپۆرتی ڕادیۆ فەردا، سەرچاوە زاناکان لە کۆریای باشوور ڕایانگەیاندوە کە ئەم ڕێژەیە لە چەن باری جیاوازو لە ماوەی ٦ مانگدا بۆ کۆریای باکوور دەنێردرێ‌و نوێنەرانی کۆریای باشوور بەسەر چۆنیەتیی ناردن‌و دابەشکردنی ئەم یارمەتییە مرۆڤدۆستانەیەدا چاوەدێری دەکەن، تا دڵنیابن کە ئەم یارمەتییانە دەگەنە دەستی خەڵك.

کۆریای باکوور کە لە قەیرانی خۆراکدا بەسەر دەبا، بەهۆی پێداگری لەسەر شاردنەوەی چالاکییە ناوکییەکانی‌و دەرکردنی چاودێرانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە ساڵی ٢٠٠٤ی زایینی‌دا، لەگەڵ گەمارۆ یەك لەدوای یەکەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان ڕوبەڕو بوو. بە تازەیی‌و لەم دواییانەدا ئەو وڵاتە لە چوارچێوەی پەیمانی چەك کردنی ناوکی قبووڵی کردوە کە بە چاودێرانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، ئیزنی چاوپێکەوتنی دەزگا ناوکییەکانی بداو پڕۆگرامە ناوکییەکانی خۆی لە چەن قۆناخدا ڕابگرێ‌و بە جێگای ئەو، وزەی کارەباو یارمەتییە مرۆڤدۆستانەکان وەربگرێ.

## ئالبۆمی شەهیدان بڵاوکرایەوە

بەشی شەهیدانی کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نوێترین کاریدا دەستی دایە کۆکردنەوەی وێنەو ژیاننامەی شەهیدانی حیزب لە فۆرمێکی نوێدا بە ناوی "ئالبۆمی شەهیدان". ئەم کۆمیسیۆنە توانی بە سەرکەوتوییەوە بەرگەی یەکەمی "ئالبۆمی شەهیدان" چاپ‌و بڵاو بکاتەوە. بەرگی یەکەمی "ئالبۆمی شەهیدان" ٤٠٠ لاپەڕەیە کە، دەستپێك، ژیاننامەی پێشەوا قازی محەممەد، ژیاننامەی شەهید دوکتور قاسملو، ژیاننامەی شەهید دوکتور شەرەفکەندی‌و هەروەها شەهیدانی کومیتەی شارستانی مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، بانەو ڕەبەتی گرتوەتە خۆی. کومسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەشێك لە دەستپێکی کتێبەکە ڕوولە خوێنەرانی کتێبەکە هاوردویەتی کە، ئێمە وەك کومسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەو پەڕی سینگ فراوانییەوە ڕەخنەو پێشنیارەکانتان دەخەینە سەرچاوان، بۆ ئەوەی ژمارەی "دوهەم‌و سێهەم"ی ئالبۆمەکە بێ کەموکوڕی بێتە بەر دیدەی ئێوەی بەڕێزو ئازیزو خەڵکی شەهید پەروەری کوردستان.

ڕوبەرگی ئالبۆمی شەهیدان بە وێنەکانی سێ ڕێبەری شەهیدی گەلەکەمان، قازی محەممەد، دوکتور قاسملو، دوکتور شەرەفکەندی، یوبیلی زێڕینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و وتەیەکی بەنرخ لە شەهید قاسملوی مەزن ڕازاوەتەوە.



## بڵاوبونەوەی ژمارەی نوێی "بیری خوێندکار"



ژمارەی نوێی گۆڤاری "بیری خوێندکار" بڵاو بۆوە. "بیری خوێندکار"، گۆڤارێکی وەرزیی ڕۆشنبیریی گشتیی‌یە کە یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکا.

ژمارەی ٣ی ئەم گۆڤارە، بابەتگەلێکی جۆراوجۆری لە بوارەکانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی، ڕوناکبیری، مێژوو ئەدەب‌و هونەری لەخۆ گرتوە. سەروتاری ژمارەی ئەم گۆڤارە کە لە ژێر ناوی "کۆماری ئیسلامی بەرەو کوێ؟"دا بە قەڵەمی سەرنوسەر، هەژار ڕەحیمی نوسراوە. ڕاگەیاندراوی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ژێرناوی "١٢ بانەمەڕ، ڕۆژی خوێندکاری کورد" لەم ژمارەیەدا بڵاو کراوەتەوە کە باس لە هۆیەکانی دیاریکردنی ڕۆژێك وەکو ڕۆژی خوێندکاری کورد دەکا. لە بەشی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌دا بابەتگەلێك لە ژێرناوەکانی "دڕدان بە تاریکی ڕێڕەوی خوێندکارانی ئازادیخوازی کورد" بە قەڵەمی کەریم پەرویزی، "ئەحمەدی نەژادو قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی لەم دوساڵەدا" بە قەڵەمی سوارە، لە بەشی ڕوناکبیری‌دا وەرگێڕانی بابەتەکانی" ڕۆشنگەری چیە؟" لە ئیمانۆئێل کانت‌و هەڤپەیڤینی ڕامین جەهانبەگلوو لەگەڵ فرانسیس فوکویاما، لە بەشی مێژودا بابەتی "بەرەو خوێندنەوەیەکی نوێی دۆزی کورد لە تورکیا" بە قەڵەمی د.جەبار قادرو لە بواری ئەدەب‌و هونەریشدا، بابەتگەلێك لە ژێرناوەکانی "زمان‌و ئالۆزی"و وەرگێڕانی بابەتی" لەمەڕ ئەدەبیاتی ڕوسیە" لە نوسینی "ڕوزالوگزامبۆرگ"ەوە چاپ کراوە. فایلی ئەم ژمارەی گۆڤارەکە، لەسەر چەمکی "فیدڕالیزم" کە بابەتگەلێك لە ژێر ناوەکانی" بەشە دەسەڵاتی سیاسی" لە نوسینی عەبدوڵڵا حیجاب، "فیدراڵیزم، ڕێکارێکی هاوچەرخ بۆ یەکیەتییەکی فرەچەشن" بە قەڵەمی عیرفان ڕەهنمون، "فیدراڵیزم لە نێوان خواستی کوردو ڕوانینی شۆڤێنیستانەدا" لە نوسینی هەژار ڕحیمی، "فیدرالیزم لە بەرنامەی حیزبی دێموکرانی کوردستانی ئێراندا" بە قەڵەمی فواد خاکی بەیگی، "فیدرالیزم" لە نوسینی ناسر ساڵحی ئەسڵ‌و چەندین بابەتی دیکەو چەند وەرگێڕان لەو بارەوە بە چاپ گەیشتون. دوایین لاپەڕەکانی ئەم ژمارەی گۆڤارەکە بۆ بابەتی "پرسی سەرەکی لە کێشەکانی کورددا" تەرخان کراوە کە لە لایەن ئیسمائیل بیشکچی‌یەوە نوسراوە.

## ڕاوێژکاری ئەحمەدی‌نەژاد، دێکۆمێنت سازی بەناوبانگ بە بەشێك لە شەیتانی گەورە ناودێر کرد

مەهدی کەلهۆڕ، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی مەحموود ئەحمەدی‌نەژاد، سەرکۆماری ئێران گوتویەتی کە ئەحمەدی‌نەژاد بە پێشنیاری ئۆلیوێر ئێستۆن، دەرهێنەری دێکۆمێنت سازی ئامریکایی لەسەر دروستکردنی فیلمێك لەمەڕ ژیانی ئەو وەڵامی نەرێنیی داوەتەوە.

بە پێی ڕاپۆرتی VOA، ڕاوێژکاری سەرکۆمار دەری بڕیوە کە "ئۆلیوێر ئێستۆن، هەرچەند لە ئامریکا سەر بە ئۆپۆزیسیۆنە، بەڵام هەمدیس بەشێك لە شەیتانی گەورەیە.

وا دێتە بەرچاو کە دەربڕینی بێ‌مەیلیی مەحموود ئەحمەدی‌نەژاد بە دروستکردنی دێکۆمێنتی ژیانی، لە مەترسییەکەوە سەرهەڵدێنێ کە پێوەندیی بە وەڵامدانەوەی لەمەڕ بەشداریکردنی تیرۆرو تاوانە گەورەکاندا هەیە، بۆ ئەوەی کە ئەحمەدی‌نەژاد پێشتر لە ڕەوتی شەڕی داسەپاو بەسەر خەڵکی کوردستانی ئێراندا لە بەرپرسانی سوپای پاسداران بووەو وێدەچێ کە لە تیرۆری ڕێبەری گەلی کورد، دوکتور قاسملوودا ڕۆڵی سەرەکیی گێڕابێ.

پێویست بە وەبیرهێناوەیە کە ئۆلیوێر ئێستۆن، دەرهێنەری فیلمگەلێکی بەناوبانگی سینەمایی وەك "ئێسکەندەری مەزن"و "کوژەرانی زگماك"ەو فیلمگەلێکی دێکۆمێنی لەسەر بنەمای ژیانی چەن کەسایەتیی بەناوبانگ وەك "فیدێل کاسترۆ"و "یاسر عەرەفات" دروست کردوە.



## فیدراڵیزم لە ئێرانداو تۆمەتە نابەجێکان

### وەڵامێك بۆ ئیدیعاکانی داریوش هومایون‌و هاوبیرانی

جەهانبەخش خۆش هەیکەل

پرسی کوردستان‌و نەتەوە زۆرلێکراوەکانی دیکەی ئێران یەکێك لە پرسە ئالۆزەکانی ئەم سەدەیەیەو هاوکات لەگەڵ ئالۆزیدا، یەکێك لە گرینگترین پرسەکان لە هاوکێشە سیاسییەکان لە ناوچەو بە تایبەتی لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران دایە کە دەتوانین دان بەوەدا بنێین کە تا ئێستا تێگەیشتنێکی دروست لەم پرسە لە لایەن دوژمنانی ئازادیی نەتەوەکانی ئێرانەوە نەهێنراوەتە ئاراوە. لەمڕۆداو لەم سەردەمەدا تێگەیشتنگەلێك‌و ڕاڤەگەلێکی جیاواز لە فیدرالیزم یان هەمان دروشمی سەرەکیی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران هەیە، زۆربەی کاتەکان واتاگەلێکی لێکدژ لێی دەرخواردی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران دەدرێ کە دەتوانین بێژین هێندێ جار ئەم واتاگەلە هیچ چەشنە نزیکییەکیان بە فیدرالیزمەوە نیەو دەتوانین بەو دەرنجامە بگەین کە ئەم لێکدژی گوتنانەو بیرچەوتانە لەم پێوەندییەدا بەرلەوەی لە تێگەیشتنی پێویست یان بە وتەیەکی دیکە نەناسینی ئەم بابەتەوە سەرچاوەیان گرتبێ، لە هێژمونی‌خوازی‌و دەسەڵاتخوازیی هێزە ناوەندخوازەکان لە درێژایی مێژودا سەریان هەڵداوە، کە هیچکات نەیانویستوە بۆ گەیشتن بە واتایەکی تەواو ڕاڤەیەکی دروست، لەم پێوەندییەدا خۆیان خەریك بکەن‌و هەمیشە بە دوای ئەوەوە بون و ویستویانە ئەم بابەتە بە دژایەتی لەگەڵ یەکپارچەیی‌و لە وتەیەکدا لە ژێرناوی پاراستنی یەکپارچەیی‌دا ڕاڤە بکەن. مێژوی یەك سەدەی ئەم دواییانە لە ناوچەدا بە گشتی و لە ئێراندا بە تایبەتی نیشانەی بێ مافیی تەواوەو هەروەها لە لایەکی دیکەوە شایەتی سەرکوتکارییەکانی حکومەتە سەرەڕۆو ناوەندخوازەکان لەم بوارە دیاریکراوەدا بوە لە لایەکی دیکەوە شایەتی خەباتی حەقخوازانەی نەتەوەکان بوین کە بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆیان‌و دەربازبون لە تەنگ‌و چەڵەمەکانی سەرچاوە گرتو لە ناوەندخوازی لە ماوەی ئەم سەدەیەدا بێ ڕاوەستان درێژەیان بە خەباتی خۆیان داوە.

لە ماوەی ئەم سەدەیەدا هەر چەشنە دەنگێکی ئازادیخوازانە بە لێدانی مۆرکی جیایی‌خوازی‌و لەژێرپێنانی یەکپارچەیی وڵات بە توندترین شێوە سەرکوت کراون.

دەوڵەتە ناوەندخوازەکان ئیتر لەم سەردەمەدا ناتوانن ئەو دەورەی کە لە ڕابردودا بویانە بیگێڕن، لە بنەمادا دەتوانین بڵێین کە ئەم دەوڵەتە ناوەندیيانە لە سەدەی هەژدەیەمدا لە دایك بون کە بە هاتنیان تایبەتمەندییەکانی خۆشیان هێنا کە لەو تایبەتمەندییانەی لەگەڵ خۆیان هێنایان، نەتەوەکانی نیشتەجێی چوارچێوەیەکی جوغرافیایی‌یان بە یەك نەتەوە لە قەڵەم دەداو لەم ڕوانگەیەوە بە شوێن هێژمۆنی خۆیان بەسەر نەتەوەکانی دیکە دابون. لە پێکهێنانی دەوڵەتە ناوەندخوازەکان‌و بە گومانی هێندێ نەتەوەیی لە ئێرانی ئەوکات دا نەتەوە جۆراوجۆرەکان دەوریان هەبوو. ئاکامی ئەو هاوپێوەندییە ناچارییە، زاڵبونی نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا بوو. بەڵام ئێستا لەم چوارچێوە جوغرافیایی‌یەدا بەو ئاکامە گرینگە گەیشتون کە ئەوانیش چەندین ساڵە لە ژێرناوی یەکپارچەیی خاکدا مافەکانیان پێشێل کراوەو وەك هاووڵاتی پلەدوو هەڵس‌وکەوتیان لەگەڵ کراوە.

ئەوانەی کە وەها واتایەکیان لە فیدراڵیزم هەیەو گەیشتن بە فیدراڵیزم بە پارچەپارچە بون‌و تێپەڕین لە یەکیەتییەوە بەرەو لێکدورکەوتنەوە لە قەڵەم دەدەن، قەت لە خۆیان پرسیوە بۆ فیدراڵیزم لە سویس‌و هێندوستاندا نەبۆتە هۆی جیایی‌و پارچەپارچەبون‌و بۆ تەنیا لە ئێراندا دەبێتە هۆی پارچەپارچەبون؟ فیدراڵیزم لەو وڵاتانەدا نەتەنیا نەبۆتە هۆی جیایی بەڵکو بۆتە هۆی ئەوە کە یەکیەتییەکی دڵخوازانە لە نێوان نەتەوەکانیاندا پێك بێ‌و بتوانن پێکەوە ژیانێکی، ئاشتیخوازانەیان هەبێ. فیدراڵیزم بە واتای ئەسڵیی خۆی یانێ ڕەتکردنەوەی ناوەندی خوازی‌و دابەشکردنی سەروەری‌و ناسینی فرەچەشنی نەتەوەیی‌و فەرهەنگی‌و زمانی‌و لە وتەیەکدا هۆکاری یەکیەتیی نەتەوەکانی ئێرانە. ئەگەر دژبەرانی فیدڕاڵیزم بیانەوێ ئەم بابەتە بەلاڕێدا ببەن‌و نەیانەوێ لەمڕۆوە ناوەندخوازی وەلابنێن‌و بەدوای ڕەتکردنەوەی تەواوی ناوەندخوازییەوە بن‌و وەك باپیرانی خۆیان لە درێژایی مێژودا بە زۆر ترساندن‌و سەرکوت بیانەوێ پێش بەم پرۆسە مێژوییە بگرن‌و لە ئێستاوە باوەڕی تەواویان بە پرسی نەتەوەیی لە ئێراندا نەبێ‌و بە شێوەی پێشوی خۆیان ڕاڤەی بکەن، ناتوانن لە داهاتویەکی نزیك‌دا مەترسییەك کە لێی ئاگادارن، بە لە نێوچوو بزانن، لە کۆتایی‌دا بە بیری دێنمەوە کە فیدراڵیزم بە واتای پارچەپارچەکردن نیە، بەڵکو هۆکاری یەکیەتییەکی دڵخوازانەیەو پێش بە جیابونەوە دەگرێ.

***